حکومەتی هەرێمی کوردستان- عێراق
وەزارەتی پەروەردە
بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی پرۆگرام و چاپەمەنییەکان

# زمان و ئەدەبی کوردی

## قۆناغی بنەڕەتی
## پۆلی هەشتەم



چاپی یەکەم
(١٤٤٥) کۆچی (٢٠٢٤) زایینی (٢٧٢٤) کوردی

# دانانی لیژنەیەک لە وەزارەتی پەروەردە و خوێندنی باڵا


## هەڵسەنگاندنی زانستی

پ. د. ئیدریس عبدالله مصطفی

پ. ی. د. هیوا احمد عصاف

پ. ی. د. شێروان حسێن حمد

## هەڵسەنگاندنی دەروونناسی

یوسف عثمان حمد



سەرپەرشتیی زانستیی چاپ: چیمەن کریم حمەأمین - هێمن کاک حسێن

سەرپەرشتیی هونەریی چاپ: خالد سلیم محمود

نەخشەسازی ناوەڕۆک: یوسف احمد اسماعیل

نەخشەسازی بەرگ: ئاری محسن احمد

# پێشەکی

## مامۆستای بەڕێز/

لە پێناو نەهێشتنی کەموکوڕییەکان و گونجاندنی کتێبی زمان و ئەدەبی کوردی لەگەڵ زمانەوانی و ئەدەبیاتناسیی سەردەمدا، وەزارەتی پەروەردە لیژنەیەکی بۆ بژارکردن و پێداچونەوەی زانستیی پەرتوکی (زمان و ئەدەبی کوردی) بۆ پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی پێکهێنا. لیژنەکە دەستیکرد بە پێداچونەوەی هەموو بەشەکانی پەرتوکەکە و بەپێی پێویست وشە و ڕستەی لە هەردوو زاری سەرەکی (زاری ناوەڕاست، زاری سەرو)ی زمانی کوردی بۆ قوتابییان هێناوەتەوە. ئەمەش بەو مەبەستەیە، کە زمانی کوردی لە بنچینەدا یەک زمانە و ئەو جیاوازییەی لەنێوان زارەکانیدا هەیە ئەوە نییە، کە ببێتە جێی مەترسی.

پەرتوکەکە لە سێ بەشی سەرەکی (ڕێزمان، ئەدەب، خوێندنەوە) پێکهاتووە، بەشی ڕێزمان لە (چوارده) بابەتی جیاواز پێکهاتووە. داوا لە مامۆستایانی بەڕێز دەکەین، کە بایەخێکی زۆر بە چۆنیەتی گوتنەوە و خستنەڕوی ئەم بەشە بدەن، نمونە لە هەردو زارە سەرەکییەکە بخەنە بەردەم قوتابییان و داوایان لێبکەن، تەنیا پشت بە نمونە و ڕستەکانی ئەم پەرتوکە نەبەستن، مامۆستای بەڕێزیش بەپێی پێویست دەتوانێت چەند تێبینییەکی زیاتر لەسەر بابەتەکان بخاتەڕو.

بەشی ئەدەب تایبەتە بە چەند بابەتێکی ئەدەبیاتناسیی و ژیان و بەرهەمی چەند شاعیر و نوسەر و کەسایەتییەکی کورد. داوا لە مامۆستایان دەکەین لە ڕوی ڕوخسار و ناوەڕۆکەوە بەپێی پێویست بابەتەکان بۆ قوتابییان ڕونبکەنەوە.

لە بەشی خوێندنەوەدا، کە خۆی لە (هەشت) بابەت دەبینێتەوە، بابەتەکان لەلایەن قوتابییان بخوێندرێنەوە، پاشان لێکدانەوە بۆ دەقەکان بکرێت، ئینجا لەنێوان مامۆستا و قوتابییان گفتوگۆیەکی کراوە لەسەر ناوەڕۆکی بابەتەکان ئەنجامبدرێت.

بێگومان هیچ کارێک بێ کەموکوڕیی نابێت، داوا لە مامۆستایانی بەڕێز دەکەین لە ڕێگەی بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی پەروەردەی پارێزگاکانیان، یان لە ڕێگەی بەشی کوردی لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی پرۆگرام و چاپەمەنییەکان لە کەموکوڕیی کتێبەکە و تێبینی و پێشنیازەکانیان ئاگادارمان بکەنەوە.

لەگەڵ ڕێزدا.

لیژنەی بژارکردن و پێداچونەوەی زانستی

٢٠٢٤

# پێرست


پێشەکی .......... ٣

پێرست .......... ٤

**بەشی ڕێزمان** .......... ٨

**وەرزی یەکەم** .......... ٩

١. ناو لە ڕوی ڕەگەزەوە .......... ١٠

٢. ناو لە ڕوی ناسینەوە .......... ١٦

ئـ - ناوی نەناسراو .......... ١٦

ب- ناوی ناسراو .......... ١٨

٣. ناوی تاک و ناوی کۆ .......... ٢٤

٤. نیشانە تایبەتییەکانی نێر و مێ .......... ٢٨

٥. ئـ/ جێناوی کەسیی لکاوی زاری ناوەڕاست کۆمەڵەی یەکەم .......... ٣٢

ب/ جێناوی کەسیی لکاوی زاری ناوەڕاست کۆمەڵەی دووەم .......... ٣٤

پ/ جێناوی کەسیی لکاوی زاری سەرو .......... ٣٧

٦. هاوەڵناوی چۆنیەتی و جۆرەکانی لە ڕوی داڕشتنەوە .......... ٤٢

٧. پلەکانی هاوەڵناوی چۆنیەتی .......... ٤٩

| | |
|---|---|
| **وەرزی دووەم** | ٥٥ |
| ١. هاوەڵناوی  نیشانە | ٥٦ |
| ٢. جێناوی نیشانە | ٦٠ |
| ٣. هاوەڵکار و جۆرەکانی | ٦٣ |
| ٤. پێکهاتەی گرێی ناوی | ٦٦ |
| ٥. کار و جۆرەکانی کار | ٦٩ |
| ٦. کاری تێنەپەڕ و تێپەڕ | ٧٣ |
| ٧. کاری ناتەواو | ٧٦ |
| **بەشی ئەدەب** | ٨٠ |
| **وەرزی یەکەم** | ٨١ |
| ١. پێناسەی ئەدەب | ٨٢ |
| ٢. سەرچاوەکانی ئەدەب | ٨٤ |
| ٣. ئەدەبیاتناسی | ٨٩ |
| ٤. نمونەی ئەدەب | ٩٦ |
| ٥. بێکەس | ٩٦ |

| | |
|---|---|
| ٦. دڵدار | ٩٨ |
| ٧. دیا جوان | ١٠٠ |
| **وەرزی دووەم** | ١٠٥ |
| ١. ئەدەبی منداڵان | ١٠٦ |
| ٢. جیاوازیی ئەدەبی منداڵان لەگەڵ ئەدەبی گەوران | ١٠٦ |
| ٣. مێژوی ئەدەبی منداڵان | ١٠٧ |
| ٤. جۆرە ئەدەبییەکانی ئەدەبی منداڵان | ١٠٧ |
| ٥. نمونەی ئەدەب | ١١٨ |
| ٦. ئەسیری | ١١٨ |
| ٧. مام هێدی | ١٢٠ |
| ٨. دایکی سۆلاڤ | ١٢٢ |
| **بەشی خوێندنەوە** | ١٢٤ |
| **وەرزی یەکەم** | ١٢٥ |
| ١. عەزیز گەردی | ١٢٦ |
| ٢. پێشمەرگە | ١٣١ |

٣. خانزادی میری سۆران .......... ١٣٥

٤. زانینگەها قوبەهان .......... ١٣٨


## وەرزی دووەم .......... ١٤٣


١. نەسری فەخری .......... ١٤٤

٢. قەڵای هەولێر .......... ١٤٦

٣. کۆچەر بیرکار .......... ١٤٩

٤. قەیسەری کۆنی کفری .......... ١٥٣



# وەرزی یەکەم

# ناو لە ڕوی ڕەگەزەوە

١. لە لادێکانی کوردستاندا ژن و پیاو بەیەکەوە کاردەکەن.

٢. نالی و مەستورە لە یەک سەردەمدا ژیاون.

٣. ئەسپ و ماین بۆ گواستنەوە سودیان لێدەبینرێت.

٤. نوژدار نهێنیێن نەخوشان دپارێزیت.

## ڕێسا

ناو لە ڕوی ڕەگەزەوە چوار جۆری هەیە:

### ١ ناوی نێر

ناوی تایبەت بە مرۆڤ یان گیانداری نێرینەیە. ئەم کۆمەڵانە دەگرێتەوە:

ئـ- ناوی گشتیی مرۆڤی نێرینە، وەک: (پیاو، کوڕ، مام، خاڵ، باوک، برا، پسمام، ... هتد).

ب- ناوی تایبەتیی مرۆڤی نێرینە، وەک: (شێرکۆ، بێوار، هیوا، نالی، ... هتد).

پ- ناوی گیانداری نێر، وەک: (ئەسپ، کەڵەشێر، یەکانە، نێری، بەران، ... هتد).

ت- ناوی هەندێک پیشەی تایبەت بە ڕەگەزی نێر، وەک: (ئاسنگەر، شڤان، گاوان، سەپان، ... هتد).

### ٢ ناوی مێ

ناوی تایبەت بە مرۆڤ یان گیانداری مێینەیە. ئەم کۆمەڵانە دەگرێتەوە:

ئـ- ناوی گشتیی مرۆڤی مێینە، وەک: (دایک، خوشک، کچ، دۆتمام، بوک ،... هتد).

ب- ناوی تایبەتیی مرۆڤی مێینە، وەک: (نازدار، شیرین، هێرۆ، پەروین، ... هتد).

پ- ناوی گیانداری مێ، وەک: (ماین، بەلەندیر، مالۆس، بزن، ... هتد).

ت- ناوی هەندێ پیشەی تایبەت بە ڕەگەزی مێ، وەک: (بێریڤان، تەشیرێس، دایەن، بەربوک، ...هتد).

## ٣ ناوی دوولایەن

ئەو ناوانەن، کە بۆ نێر و مێ بەکاردێن، وەک:

ئـ- ناوی گشتیی مرۆڤ، وەک: (مرۆڤ، خزم، هاوڕێ، ... هتد).

ب- ناوی تایبەتیی مرۆڤ، وەک: (ساکار، ئەژی، ئاوات، ... هتد).

پ- ناوی گیانداران، وەک: (کۆتر، ئاسک، پڵنگ، ... هتد).


ت- ناوی پیشەی دوولایەن، وەک ( قوتابی، مامۆستا، ئەندازیار، ... هتد)

دەتوانین بەشێک لەو ناوە دوولایەنانە بەهۆی وشەکانی (نێر، مێ، ما، دێڵ، گۆڵ...هتد) بکەین بە ڕەگەزی نێر یا مێ، وەک:


| ناوی دوولایەن | بۆ نێر | بۆ مێ |
|---|---|---|
| کەو | نێرەکەو | ماکەو، کەوی مێ |
| ورچ (هرچ) | نێرەورچ | دێڵە ورچ، (دەڵەورچ) |
| سەگ | گۆڵەسەگ | دێڵە، (دەڵە)سەگ |
| گیسک | گیسکەنێر، گیسکی نێر | گیسکا مێ، گیسکە مێ |
| پڵنگ | پڵنگی نێر | پڵنگا مێ، پڵنگی مێ |

## ٤ ناوی بێلایەن

ئەو ناوانەن کە سەر بە هیچ کام لەو دوو ڕەگەزە نین و هەر لە بنەڕەتدا ڕەگەزیان نییە. وەک: (شاخ، چیا، بەرد، دار، هەنار)، بەڵام لە زاری سەروی زمانی کوردیدا ناوی بێلایەن و دوولایەن نییە، چونکە هەموو ناوێک لە ڕووی ڕێزمانییەوە یان نێرە یان مێیە.


ناوی نێر
ناوی مێ
ناوی دوولایەن
ناوی بێلایەن
پیاو
کوڕ
مام
شێرکۆ
لەزگین
پیرۆت
ئەسپ
کەڵەشێر
یەکانە
ئاسنگەر
شڤان
گاوان
دایک
خوشک
کچ
نازدار
شیرین
هێرۆ
ماین
بەلەندیر
مالۆس
بێریڤان
تەشیرێس
دایەن
مرۆڤ
خزم
هاوڕێ
ساکار
ئەژی
ئاوات
کۆتر
ئاسک
پڵنگ
قوتابی
مامۆستا
پزیشک
شاخ
چیا
بەرد

## کۆمەڵگەی کوردەواری لە کۆندا



لە کۆندا ژیان لە کۆمەڵگەی کوردەواریدا وەک ئێستا نەبوو، نە کارەبا هەبوو، نە ئۆتۆمبێل و نە بازاڕی گەورە... هتد. هەر خێزانێک بەشی خۆی ڕەز و باخ و گیانەوەری ماڵیی هەبوو، لە ماڵەکاندا مریشک و کەڵەشێر، قاز و قەلەمون و مراوییان ڕادەگرت، هەروەها مەڕ و بەران، بزن و نێری، بەرخ و کاوڕ، گیسک و چوشتیر و بەردیلیان بەخێودەکرد، بۆ گواستنەوەی کەلوپەلەکانیان: کەر، ئەسپ، ماین، هێستر و گایان بەکاردەهێنا. خێزانەکانی یەک بنەماڵە، وەک ماڵی: مام، پور، ئامۆزا، پورزا، ژن و مێرد ... هتد، بەیەکەوە دەژیان و پەیوەندیی خزمایەتی و کۆمەڵایەتییان بەهێزبوو.

فۆتۆ: شێرزاد ڕەسول فەقێ

## ڕاهێنان ١

لـە دەقەکـەی پێشـودا، پێنـج نـاوی نێـر و پێنـج نـاوی مـێ دەربهێنـە و بەرامبـەر یەکیـان دابنێ.

## ڕاهێنان ٢

وەڵامی ڕاست هەڵبژێرە:

١ - خاڵ:

ئـ- مێیە

ب- نێرە

پ- بێلایەنە

ت- دوولایەنە

٢ - چێڵ:

ئـ- بێلایەنە

ب- دوولایەنە

پ- مێیە

ت- نێرە

٣ - شاخ:

ئـ- دوولایەنە

ب- نێرە

پ- مێیە

ت- بێلایەنە

٤ - نازدار:

ئـ- بێلایەنە

ب- نێرە

پ- دوولایەنە

ت- مێیە

٥ - یەکانە:

ئـ- نێرە

ب- بێلایەنە

پ- مێیە

ت- دوولایەنە

## ڕاهێنان ٣

لەم وشانە ناوی لێکدراو دروستبکە .

١. ناوێکی تایبەتیی مێ.

٢. ناوێکی دوولایەن بۆ پیشە.

٣. ناوێکی گشتیی مرۆڤی نێرینە.

٤. ناوێکی بێلایەن.

٥. ناوێکی گیانداری دوو لایەن.

## ڕاهێنان ٤

### ئەرکیماڵەوە

بە پێنج دێڕ دارشتنێک لەبارەی (سروشتی کوردستان)ەوە بنوسە، بە مەرجێک هەموو جۆرەکانی ناوی لە ڕوی ڕەگەزەوە تێدا بەکارهاتبێت.

# ٢

# ناو لە ڕوی ناسینەوە

## أ- ناوی نەناسراو

١. هەڵۆیەک بە ئاسماندا فڕی.

٢. گوڵێکی جوانم بۆنکرد.

٣. شوانێک لەژێر داربەڕوویێک پشویدا.

٤. کوڕەکی هاریکاریيا نەخۆشەکی کر.

## ڕێسا

ناوی نەناسراو: ئەو ناوەیە، ئاماژە بە کەس یان شتێکی دیارینەکراو دەکات، قسەکەر بە شێوەیەکی نادیار ناوی کەسێک یان شتێک دێنێت و نیشانەی تایبەتیی ڕێزمانیی هەیە:

نیشانە سەرەکییەکانی نەناسراوی بەم شێوەیە بەکاردێن:

١ نیشانەی نەناسراوی لە زمانی کوردیدا، ئەگەر بە تەنیا هات، جگە لە پیشاندانی نەناسراوی، تاکایەتیش پیشاندەدات.

٢ نیشانەی نەناسراوی بە یەکێک لەم شێوانە دەردەکەوێت: (ێک، ێ، ەک، ییێک، ییێ، یەک)، ئەویش بەمجۆرە بەکاردێت:

أ- ئەگەر ناوەکە کۆتایی بە پیتی نەبزوێن هاتبوو، یەکسەر نیشانەی (ێک ، ەک) دەخرێتە سەر ناوەکە، وەک:

١ - پیاو + (ێک، ەک) = پیاوێک، پیاوەک

ب ئەگەر ناوەکە بە بزوێنەکانی ( ا، ێ، ی، ۆ، ە ) کۆتایی هاتبوو، لەنێوان ناوەکە و نیشانەکە، ناوبەندی (ی) پەیدا دەبێت، وەک:

١ – چیا + ی+ نیشانەکە= چیاییک، چیایەک

٢ – زێ + ی+ نیشانەکە= زێییک، زێیەک

٣– ماسی+ ی+ نیشانەکە= ماسیییک، ماسییەک

٤– پەڕۆ+ ی + نیشانەکە = پەڕۆییک، پەڕۆیەک

٥– پەنجەرە + نیشانەکە = پەنجەرەییک، پەنجەرەیەک

٣ ناوی نەناسراو (ان)ی نیشانەی کۆکردنەوەی ناو وەردەگرێت، و ئەو نیشانەیە دەکەوێتە نێوان ناوەکە و نیشانەی نەناسراوییەوە، وەک:

١ – کەس + ان+ نیشانەکە= کەسانێک، کەسانەک

٢ – ڕۆژ + ان+ نیشانەکە= ڕۆژانێک، ڕۆژانەک

### شێوەکانی نیشانەی نەناسراوی

| ێک | ییێک | یەک | یێ | ێ | ەک |
| --- | --- | --- | --- | --- | --- |
| گوڵێک | چیاییێک | پەڕۆیەک | دەزویی | ڕۆژێ | ڕۆژەک |
| منداڵێک | دێییێک | هەڵۆیەک | قوتابییێ | کوردێ | کوردەک |

## ب ناوی ناسراو

١. براکەم یارمەتی منداڵەکەی دا.

٢. مامۆستایەکە وانەکە دەڵێتەوە.

٣. باخەکە خۆشە.

٤. ڤی شڤانی ئەڤ پەزە چەراند.

## ڕێسا

ناوی ناسراو: ناوی ناسراو، ناوێکە ئاماژە بە کەسێک یان شتێکی دیاریکراو دەکات و لە هاوچەشنەکانی خۆی جیایدەکاتەوە. بەهۆی نیشانەیەکی ڕێزمانییەوە نیشانەدەکرێت، کە بە دیاریکراوی مەبەست چ کەسێک یان چ شتێکە.

نیشانەی سەرەکیی ناسراوی (ەکە)یە، بەمشێوەیە بەکاردێت:

١ ئەگەر ناوەکە کۆتایی بە نەبزوێن هاتبوو، یەکسەر نیشانەکەی دەخرێتەسەر. وەک:

| | | |
|---|---|---|
| شار | ← | شارەکە |
| کۆتر | ← | کۆترەکە |

٢ ئەگەر ناوەکە بە بزوێنەکانی (ا، ۆ، ێ، ە) کۆتایی هاتبوو:

أ ئەگەر ناوەکە لە یەک بڕگە پێکهاتبوو، ئەوە ناوبەندی (ی)وەردەگرێت، ئینجا نیشانەکەی بۆ دادەنرێ، وەک:

| | | |
|---|---|---|
| کا | ← | کایەکە |
| دۆ | ← | دۆیەکە |
| دێ | ← | دێیەکە |
| شە | ← | شەیەکە |

ب ئەگەر ناوەکە لە یەک برگە زیاتر پێکهاتبوو، ئەوە یان ناوبەندی (ی) وەردەگرێت، ئینجا نیشانەکەی بۆ دادەنرێ، یان بزوێنی سەرەتای نیشانە ناسراوییەکە لادەچێ، وەک:

| | | |
|---|---|---|
| مامۆستا | ← | مامۆستایەکە، مامۆستاکە |
| هەلۆ | ← | هەلۆیەکە، هەلۆکە |
| هەرمێ | ← | هەرمێیەکە، هەرمێکە |
| خەنە | ← | خەنەیەکە، خەنەکە |

٣ ئەگەر ناوەکە بە بزوێنی (ی) کۆتایی هاتبوو، ئەوا لەنێوان ناوەکە و نیشانەکە، (ی) نەبزوێن وەک ناوبەند دادەنرێ، وەک:

| | | |
|---|---|---|
| کانی | ← | کانییەکە |
| ماسی | ← | ماسییەکە |

٤ ئەگەر ناوی ناسراو بە نیشانەی (ان) کۆبکرێتەوە، ئەوا نیشانەی کۆکردنەوە دەکەوێتە دوای نیشانەی ناسراوی، وەک:

| | | |
|---|---|---|
| دارەکە | ← | دارەکان |
| شار | ← | شارەکان |
| شاخ | ← | شاخەکان |

٥ ئەگەر هاوەڵناوێک لە دوای ناوەکە هات، نیشانەی (ەکە) دەخرێتە سەر هاوەڵناوەکە، ناوەکەش دەبێت بە ناسراو، وەک:


| | | |
|---|---|---|
| کانی | ← | کانییە ڕوونەکە |
| ماسی | ← | ماسییە گەورەکە |

٦ نیشانەی ناسراوی ناچێتە سەر ناوی تایبەت، لەبەرئەوەی هەموو ناوێکی تایبەت لە بنەڕەتدا تاک و ناسراوە، وەک:

(کەرکوک، سارا، کوردستان)، ناتوانرێت بکرێت بە (کەرکوکەکە، سارایەکە، کوردستانەکە).

هەندێک جار (ە) بەتەنیا وەک نیشانەی ناسراو بەکاریێ، بەتایبەت لەکاتی گێڕانەوەی چیرۆکدا، وەک:

(کوڕە هات و منداڵەکەی ڕزگارکرد).



## دار



باخێک لـە گوندێکـی نزیکمـان هەبـوو، هەمـوو جـۆرە دارێکـی تێدابـوو. ڕۆژێـک چووینـە سـەردانی ماڵـی باخـەوان، پیاسـەیەکی نـاو باخەکـەی پێکردیـن، لـە دار هەنارێـک چەنـد هەنارێکـی شـیرینی بـۆ لێکردینـەوە.

لەگـەڵ باخـەوان چووینـە سـەر کانییـەک لەنـاو ڕەزەکـە. لـەوێ دانیشـتین و دەسـتمان کـرد بـە میـوە خـواردن.

ئـاوی کانییەکـە زۆر سـارد بـوو، هەروەهـا ئـەو بادییـە دۆیـەی لەنـاو کانییەکـە دانرابـوو، سـارد و تەزیـو بـوو.

شـوانێک لـە بەرانبەرمـان لەقەدپاڵـی چیاکـە لەژێـر داربەڕوویێـک دانیشـتبوو، تاوێـک بـە بلوێـر تاوێـک بـە حەیـران ئـاوازی خۆشـی تێکـەڵ بـە سروشـتی جـوان دەکـرد. شـوانە و باخـەوان ئـەو ڕۆژە کەشـێکی ئەفسـوناوییان بـۆ سـازکردبووین.

فۆتۆ: شێرزاد ڕەسول فەقێ

## ڕاهێنان ١

لە دەقەکەی پێشودا، ناوە نەناسراوەکان دەربهێنە و بیانکە بە ناوی ناسراو.

## ڕاهێنان ٢

لە دەقەکەی پێشودا، ناوە ناسراوەکان دەربهێنە و نیشانەکانی ناسراوی دیاربکە.

## ڕاهێنان ٣

وەڵامی ڕاست هەڵبژێرە:

١ - پێشمەرگەکە:

ئـ- تاکی ناسراوە
ب- کۆی ناسراوە
پ- تاکی نەناسراوە
ت- کۆی نەناسراوە

٢ - ڕوبارەکان:

ئـ- کۆی نەناسراوە
ب- کۆی ناسراوە
پ- تاکی ناسراوە
ت- تاکی نەناسراوە

٣ - لادێکە:

ئـ- دوولایەنە
ب- نەناسراوە
پ- ناسراوە
ت- کۆی نەناسراوە

٤ - لاوانێک:

ئـ- کۆی ناسراوە
ب- کۆی نەناسراوە
پ- تاکی ناسراوە
ت- تاکی نەناسراوە

٥ - پەنجەرەیەک:

ئـ- تاکی نەناسراوە
ب- بێلایەنە
پ- کۆی ناسراوە
ت- وەڵامی (ئـ - ب)

## ڕاهێنان ٤

هێڵ بەژێرداهاتوەکان شیبکەوە .

١- فرۆکەیەک لە فرۆکەخانەی هەولێر نیشتەوە .

٢- گەشتیارەکان لە کانییەکە ئاویان خواردەوە .

## ڕاهێنان ٥

### ئەرکی ماڵەوە

داڕشتنێک بنوسە، کە (پێنج) ناوی ناسراو و (پێنج) ناوی نەناسراوی تێدابێت.

٣

# ناوی تاک و ناوی کۆ

١. مامۆستایان پێشەنگی کۆمەڵگەکانن.

٢. هاوینان میوەجات لە دێهاتەکانی کوردستان پێدەگات.

٣. ساڵەهای ساڵە کورد بۆ سەربەخۆیی تێدەکۆشێت.

٤. دارێن چیایان بڵندن.

## ڕێسا

### ١ ناوی تاک

ناوێکە یەک دانە (کەس، شت، گیاندار، بیرۆکە) پیشاندەدات، هیچ نیشانەیەکی ڕێزمانیی تایبەتی نییە.

### ٢ ناوی کۆ

ناوێکە پتر لە یەک دانە (کەس، شت، گیاندار، بیرۆکە) پیشاندەدات، نیشانەی سەرەکیی کۆکردنەوەی ناو لە زمانی کوردی (ان)ە، لەگەڵ چەند نیشانەیەکی تر، کە ناوی تاک دەگۆڕن بۆ ناوی کۆ. وەک:

أ- ئەگەر ناوە تاکەکە بە پیتی نەبزوێن کۆتایی هاتبوو، ئەوا ڕاستەوخۆ نیشانەی (ان)ی دەخرێتە سەر، وەک:

| | | |
|---|---|---|
| کچ | ← | کچان |
| منداڵ | ← | منداڵان |

ب ئەگەر ناوە تاکەکە بەپیتە بزوێنەکانی (ا، ۆ، ێ، ی، ە) کۆتایی هاتبوو، ئەوا ناوبەندی (ی) دەکەوێتە نێوان وشەکە و نیشانەی (ان)ی کۆکردنەوە، وەک:

| | | |
|---|---|---|
| چیا | ← | چیایان |
| برۆ | ← | برۆیان |
| هاوڕێ | ← | هاوڕێیان |
| قوتابی | ← | قوتابییان |
| شە | ← | شەیان |

پ جگە لە نیشانەی (ان)، هەندێ نیشانەی دیکە هەن، کە ناوی کۆ دروستدەکەن، بە تایبەتی لە زاری ناوەڕاست، وەک: (ات، هات، جات، وات، ەها).

| | | |
|---|---|---|
| باخ | ← | باخات |
| دێ | ← | دێهات |
| میوە | ← | میوەجات |
| سەوزە | ← | سەوزەوات |
| ساڵ | ← | ساڵەها |

ت لە زاری سەرو، بەهەمان شێوە (ان) نیشانەی سەرەکی کۆکردنەوەیە، بەڵام لە دۆخی دانەپاڵدا نیشانەکانی ( ێن-یێن، ێت-یێت، ێد-یێد) دەچنە سەر ناو و دەیکەن بە کۆ، وەک:

١. چاڤێن بەلەک
٢. دارێت مەزن
٣. شارێد مە
٤. مامۆستایێن کوردستان



سالأنێکی زۆرە مرۆڤ لەسەر گۆی زەوی دەژی. لەزۆر بواردا نەخش و جێدەستی خۆی بەجێهێشتووە. پیاوان و ژنان کارێکی زۆریان کردووە، تاکو ئەو شارستانییەتە بگەیەنن بە نەوەکانی دوای خۆیان. ئاگریان دۆزییەوە و نوسینیان داهێنا، هۆکارەکانی گواستنەوەیان دروستکرد، پارە و پولیان بەکارهێنا، ئەمانە هەموویان لەپێناو ئەوەدابوون ژیان ئاسانتر بکەن.

## ڕاهێنان ١

لە دەقەکەی پێشودا، ناوە تاکەکان دەربهێنە و بیانکە بە ناوی کۆ.

## ڕاهێنان ٢

لە دەقەکەی پێشودا، ناوە کۆیەکان دەربهێنە و نیشانەکانیان دیاریبکە.

## ڕاهێنان ٣

ڕاست (✓) و هەڵەی (✗) ئەمانەی خوارەوە دیاریبکە و هەڵەکانیش ڕاستبکەوە:

١ لە زمانی کوردیدا یەک نیشانەی (کۆ)مان هەیە.

٢ ناوی تایبەتی کۆناکرێتەوە.

٣ لە زاری سەرو، لە هەموو دۆخێکدا بۆ کۆکردنەوە نیشانەکانی (ێن، یٚت، یٚد) بەکاردێن.

٤ هەردوو وشەی (کوڕان، کاروان) ناوی کۆن.

## ڕاهێنان ٤

### ئەرکی ماڵەوە

پێنج پەندی پێشینان بهێنەوە، دووانیان ناوی تاکیان تێدابێت، سێیانیان ناوی کۆیان تێدابێت، ناوەکانیش دیاربکە.

٤

# نیشانە تایبەتییەکانی نێر و مێ

١- بابێ ئازادی ئەندازیارە.

٢- خوشکا سەرداری چوو بۆ خوێندگەهێ.

٣- کورۆ، بخوێنن دا سەرکەڤن.

٤- کورە، هاوکاری براکەت بکە.

٥- کچێ، وانەکانت چاک بخوێنە.

٦- کورینە (کچینە) ئەم کارە مەکەن.

٧- نازدارێ تەشی ڕێست.

## ڕێسا

لە زارەکانی زمانی کوردیدا کۆمەڵێک نیشانەی تایبەت بە ڕەگەزی نێر یان مێ هەنە، لێرەدا چەند نیشانەیەکی ڕەگەز لە زاری سەرو و زاری ناوەڕاست دەخەینەڕو، نیشانەکان بەم جۆرە بەکاردێن:

### ١ لە دۆخی دانەپاڵدا لەزاری سەرو

أ نیشانەی (ێ) بۆ تاکی نێر بەکاردێت، وەک: (هەڤالێ تە).

ب نیشانەی ( ا ) بۆ تاکی مێ بەکاردێت، وەک: (کچا سەربەستی).

پ نیشانەی (ێن، ێت، ێد) بۆ ناوی کۆ بەکاردێن، کە تایبەت نییە بە هیچ ڕەگەزێک، ئەگەر ناوەکە کۆ بێت، ڕەگەزی بەدیارناکەوێت، وەک: (مرۆڤێد باش، کچێن وان).

## ٢ لە دۆخی بانگکردندا لە زاری سەرو

بۆ ناوی تاکی نێر نیشانەی (ۆ) بەکاردێت، وەک: (کورۆ، بابۆ)، بۆ ناوی تاکی (مێ) نیشانەی (ێ) بەکاردێت، وەک: (کچێ، دەلالێ).

لە زاری ناوەڕاستدا لە دۆخی بانگکردن نیشانەی (ە) بۆ ناوی تاکی نێر و (کۆی نێر و مێ) بەکاردێت، وەک: (کوڕە، باپیرە)، نیشانەی (ێ) بۆ ناوی تاکی مێ بەکاردێت، وەک: (کچێ، پورێ، خوشکێ)، بەڵام بۆ ناوی کۆ ڕەگەز دەرناکەوێت، بۆ ناوی کۆی نێر و مێ هەر نیشانەی (ینە) بەکاردێت، وەک: (کچینە، کوڕینە).

## ٣ لە زاری سەرودا

ئەو ناوەی ئەرکی بکەر دەبینێت، نیشانەی تایبەت بە ڕەگەز وەردەگرێت، نیشانەی (ی) بۆ نێر و (ێ) بۆ مێ بەکاردێن، وەک:

ئـ بۆ نێر: لەزگینی دەرس نڤیسی.

ب بۆ مێ: شرینێ پەز دۆشی.

## ڕاهێنان ١

ئەم ناوانە لە دۆخی دانەپاڵی زاری سەرو لە ڕستەدا بەکاربهێنە:

(ئاف، کتێب، برا، پێنوس، ماڵ).

## ڕاهێنان ٢

ئەم ناوانە لە دۆخی بانگکردن لە ڕستەدا بەکاربهێنە:

(لاوان، پور، کیژ، قوتابییان، خاڵ).

## ڕاهێنان ٣

١. لە دۆخی دانەپاڵدا لە زاری سەرو ناوی ڕەگەزی مێ چ نیشانەیەک وەردەگرێ؟

٢. لە دۆخی دانەپاڵدا لە زاری سەرو ناوی ڕەگەزی نێر چ نیشانەیەک وەردەگرێ؟

٣. لە دۆخی بانگکردندا ئەگەر ناوەکە تاکی نێر بوو، لە زاری سەرودا چ نیشانەیەک وەردەگرێ؟ لە زاری ناوەڕاست چ نیشانەیەک وەردەگرێ؟

٤. نیشانەی هاوبەش لە دۆخی بانگکردن بۆ تاکی مێ لەنێوان زارەکانی ناوەڕاست و سەرودا چییە؟

٥. نیشانەی (ی) لە زاری سەرودا بۆ چ ڕەگەزێک و لە چ دۆخێکدا بەکاردێت؟

## ٤ ڕاهێنان

وەڵامی ڕاست هەڵبژێرە:

١ – لە زاری سەرودا، ئەگەر کاری ڕستەکە تێپەڕ بێ، ناوی تایبەتی (بکەر) بۆ ڕەگەزی مێ چ نیشانەیەک وەردەگرێ:

ئـ- ێ ب- ا

پ- ی ت- ینە

٢ – لە زاری ناوەڕاست دا، لە دۆخی بانگکردن نیشانەی (ینە) بەکاردێ بۆ:

ئـ- کۆی مێ ب- تاکی نێر و مێ

پ- کۆی نێر ت- (ئـ ، پ) ڕاستن

٣ – لە زاری سەرو لە دۆخی دانەپاڵدا بۆ تاکی نێر چ نیشانەیەک بەکاردێ؟

ئـ- ا ب- ی

پ- ێ ت- ە

٤ – لە هەردوو زاری (ناوەڕاست و سەرو)دا لە دۆخی بانگکردندا بۆ تاکی مێ چ نیشانەیەک بەکاردێ:

ئـ- ۆ ب- ێ

پ- ە ت- ینە

٥ – لە ڕستەی (دوستا تە چوو هەولێرێ)، نیشانەی (ا) لە کۆتایی (دوستا) وەک ئامرازی دانەپاڵ بەکارهاتووە، بۆ:

ئـ- کۆی مێ ب- تاکی نێر

پ- کۆی نێر ت- تاکی مێ

# ٥

# جێناوی کەسیی لکاو
# زاری ناوەڕاست

## أ کۆمەڵەی یەکەم

| | |
|---|---|
| ١. کتێبەکەم لە کتێبخانە وەرگرت. | ٤. باخچەکەتان ئاودا. |
| ٢. وێنەکەمان کێشا. | ٥. خانویەکی جوانی کڕی. |
| ٣. تۆوی گوڵەکەت چاند. | ٦. یارییەکەیان بردەوە. |

## ڕێسا

جێناوە لکاوەکان لەجیاتی ناوی کەسێک یان شتێک بەکاردێن و هەمیشە بە وشەوە دەلکێن، ئەو جێناوانەش بە تەنیا واتا ناگەیەنن، بەڵام کاتێ لکان بە وشەی ترەوە، واتا دەدەن، لە ڕوی بەکارهێنانەوە سێ کۆمەڵەن.

کۆمەڵەی یەکەم لەگەڵ کاری ڕابردووی تێپەڕدا وەکو بکەر بەکاردێن، بە (بەرکار یان تەواوکەری بەیاریدە یان بە ئامراز یان بە کارەوە دەلکێن). ئەوانیش بریتین لە:

١. (م) جێناوی لکاوە بۆ کەسی یەکەمی تاک، جێگەی جێناوی کەسیی سەربەخۆی (من) دەگرێتەوە.

٢. (مان) جێناوی لکاوە بۆ کەسی یەکەمی کۆ، جێگەی جێناوی کەسیی سەربەخۆی (ئێمە) دەگرێتەوە.

٣. (ت) جێناوی لکاوە بۆ کەسی دووەمی تاک، جێگەی جێناوی کەسیی سەربەخۆی (تۆ) دەگرێتەوە.

٤. (تان) جێناوی لکاوە بۆ کەسی دووەمی کۆ، جێگەی جێناوی کەسیی سەربەخۆی (ئێوە) دەگرێتەوە.

٥. (ی) جێناوی لکاوە بۆ کەسی سێیەمی تاک، جێگەی جێناوی کەسیی سەربەخۆی (ئەو) دەگرێتەوە.

٦. (یان) جێناوی لکاوە بۆ کەسی سێیەمی کۆ، جێگەی جێناوی کەسیی سەربەخۆی (ئەوان) دەگرێتەوە.

## جێناوە کەسییە
## لکاوەکانی کۆمەڵەی یەکەم

| کەسی یەکەم | | کەسی دووەم | | کەسی سێیەم | |
|---|---|---|---|---|---|
| تاک | کۆ | تاک | کۆ | تاک | کۆ |
| م | مان | ت | تان | ی | یان |

# جێناوی کەسیی لکاو
# زاری ناوڕاست

## أ ـ کۆمەڵەی دووەم

| | |
|---|---|
| ١. بۆ سەیرکردنی پێشانگەکە چووم. | ٤. بۆ سەیرکردنی پێشانگەکە چووین. |
| ٢. لە تاقیکردنەوەکە دەرچوویت. | ٥. ئێوە لە تاقیکردنەوەکە دەرچوون. |
| ٣. شڤان لە پێشبڕکێکە سەرکەوت. | ٦. ئەوان لە پێشبڕکێکە سەرکەوتن |
| ٧. منداڵەکە شیرەکە دەخوات. | ٨. پۆستەچییەکە نامەکە دەبات. |

## ڕێسا

ئەم کۆمەڵەیە لەگەڵ کاری ڕابردووی تێنەپەڕ و ڕانەبردووی (تێپەڕ و تێنەپەڕ) وەکو بکەر بەکاردێن، هەمیشە بە کارەوە دەلکێن. ئەوانیش بریتیین لە:

١. م : بۆ کەسی یەکەمی تاک.

٢. ین : بۆ کەسی یەکەمی کۆ.

٣. ی (یت) : بۆ کەسی دووەمی تاک.

٤. ن : بۆ کەسی دووەمی کۆ.

٥. (∅) : بۆ کەسی سێیەمی تاک، جێناو بەدەرناکەوێ.

٦. ن : بۆ کەسی سێیەمی کۆ.

| ژمارە | جێناوی کەسی سەربەخۆ | کۆمەڵەی دووەم |
| --- | --- | --- |
| تاک | من | م |
| | تۆ | ی(یت) |
| | ئەو | ∅* |
| کۆ | ئێمە | ین |
| | ئێوە | ن |
| | ئەوان | ن |

* لە کاری ڕابردوو و ڕانەبردوودا جێناوی لکاوی کەسیی سێیەمی تاک دەرناکەوێت (سفرە)، بەڵام لەکاتی قسەکردن و بەکارهێنانی زماندا لە کاری ڕانەبردوودا بەهۆکاری دەنگسازی هەندێک گۆڕانکاری بەسەر شێوەی کارەکەدا دێت:

١. ئەگەر ڕەگی کار کۆتایی بە بزوێنی کورتی(ە) هاتبوو، ئەوا (ە) دەسوێت و (ا یان ات) وەردەگرێت، وەک:

بردن (بە) ⟵ دەبا، دەبات

٢. ئەگەر ڕەگی کار کۆتایی بە بزوێنی (ۆ) هاتبو، ئەوا (ۆ) دەگۆڕێت بۆ (و) ئینجا (ا یان ات) وەردەگرێت، وەک:


خواردن (خۆ) ⟵ دەخوا، دەخوات

تێبینی

بەهۆی ئەوەی نیشانەکانی (ا، ات) بەهۆکاری دەنگسازی دێنەئاراوە، بۆیە وەکو بەشێک لە کارەکە مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێت، و لە شیکردنەوەدا بە نیشانەی ڕێزمانی دانانرێن.

٣. لە کارەکانی تردا (ێ، ێت) وەکو نیشانەی کاتی داهاتوو دەردەکەوێت، وەک:

کڕین (کڕ) ⟵ دەکڕێ، دەکڕێت


جێناوە کەسییە
لکاوەکانی کۆمەڵەی دووەم
کەسی یەکەم
کەسی دووەم
کەسی سێیەم
تاک
کۆ
م
ین
تاک
کۆ
ی(یت)
ن
تاک
کۆ
∅
ن

# جێناوی کەسیی لکاو
# زاری سەرو

## ب

### أ

■ ١. ئەز شەڤێ دی ل سەربانی نڤستم.
■ ٢. ئەم هاڤینێ ل سەربانا دنڤین.
■ ٣. تو ڕێزمانا کوردی دخوینی.
■ ٤. هوین ڕابوون و کەلا زۆرداریێ هەرفاند.
■ ٥. ئەو گەلەک نامان بۆ هەڤالێن خۆ دنڤیسیت.
■ ٦. ئەو هاتنە ڤێرێ.

### ب

■ ١. تە ئەز دیتم.
■ ٢. من تو دیتی.
■ ٣. من ئەو دیت.
■ ٤. تە ئەم دیتین.
■ ٥. من هوین دیتن.
■ ٦. من ئەو دیتن.

## ڕێسا

ئەم کۆمەڵەیە لە زاری سەرودا بەکاردێت، هەمان جێناوی کۆمەڵەی دووەمی زاری ناوەڕاستن، بەڵام هەندێکیان کەمێک لە شێوە و دەربڕیندا جیاوازن. ئەم جێناوانە بە تەنیا دەرناکەون، بەڵکو هەمیشە شوێن جێناوی کەسیی سەربەخۆی کۆمەڵەی (ئەز، ئەم، تو، هوین، ئەو، ئەو) دەکەون، جا جێناوە سەربەخۆکان بکەر بن یان بەرکار. ئەم دەستەیەش هەمیشە بە کارەوە دەلکێن.

جێناوی لکاوەکان بەم شێوەیە دەردەکەون:

١ لەگەڵ کاری ڕابردووی تێنەپەڕ و ڕانەبردوو(تێپەڕ و تێنەپەڕ) ئەو دەستە جێناوە کەسییە سەربەخۆیەی لەسەرەوە باسکران، دەبن بە بکەر، جێناوە لکاوەکانی ئەم کۆمەڵەیەش شوێنی بکەر دەکەون و بە کارەوە دەلکێن، وەک نموونەکانی بەشی (ئـ) لە سەرەوە.

٢ لەگەڵ کاری ڕابردووی تێپەڕدا ئەو دەستە جێناوە کەسییە سەربەخۆیەی لەسەرەوە باسکران، دەبن بە بەرکار، جێناوە لکاوەکانی ئەم کۆمەڵەیەش شوێنی بەرکار دەکەون و بە کارەوە دەلکێن، وەک نموونەکانی بەشی (ب) لە سەرەوە.

| ژمارە | کەس | جێناوی لکاو |
|---|---|---|
| تاک | یەکەم | م |
| | دووەم | ی |
| | سێیەم | ∅، یت، ت |
| کۆ | یەکەم | ین |
| | دووەم | ن |
| | سێیەم | ن |

## ١ ڕاهێنان

ئەم کارانە لەگەڵ جێناوە کەسییە لکاوەکانی کۆمەڵەی (پ) لە ڕستەدا بەکاربێنە:

( هات، گرت )

## ٢ ڕاهێنان

وەڵامی ڕاست هەڵبژێرە:

١- (تان) جێناوی لکاوە بۆ کەسی:

ئـ- یەکەمی تاک | ب- دووەمی کۆ

پ- سێیەمی تاک | ت- یەکەمی کۆ

٢- (یت) لە زاری سەرودا جێناوی لکاوە بۆ کەسی:

ئـ- دووەمی کۆ | ب- سێیەمی تاک

پ- دووەمی تاک | ت- یەکەمی تاک

٣- (ین) جێناوی لکاوە بۆ کەسی:

ئـ- یەکەمی کۆ | ب- دووەمی کۆ

پ- سێیەمی کۆ | ت- یەکەمی تاک

٤- (یان) جێناوی لکاوە بۆ کەسی:

ئـ- دووەمی کۆ | ب- یەکەمی کۆ

پ- سێیەمی کۆ | ت- دووەمی تاک

٥- (ن) جێناوی لکاوە بۆ کەسی:

ئـ- دووەمی تاک | ب- یەکەمی کۆ

پ- سێیەمی کۆ | ت- سێیەمی تاک

## ٣ ڕاهێنان

ئـەم ڕسـتـەیەی خـوارەوە، بـە گـۆڕینـی جێنـاوە کەسـییە لـکاوەکان چـی لێدیـت؟ وەڵامـی ( ✔ ) ڕاسـت بەیـەک بگەیەنـە .

( من زۆر بەخێرایی باری ژیانم دەگۆڕم).

| | |
|---|---|
| ١ کەسی یەکەمی کۆ | ئەوان زۆر بەخێرایی باری ژیانیان دەگۆڕن. |
| ٢ کەسی دووەمی تاک | ئێوە زۆر بەخێرایی باری ژیانتان دەگۆڕن. |
| ٣ کەسی سێیەمی کۆ | ئێمە زۆر بەخێرایی باری ژیانمان دەگۆڕین. |
| ٤ کەسی دووەمی کۆ | تۆ زۆر بە خێرایی باری ژیانت دەگۆڕی. |

## ٤ ڕاهێنان

هێڵ بەژێرداهاتوەکان شیبکەوە .

١- ئێمە بۆ گەشت دەچین.

٢- هوین ل تاقیکرنێ سەرکەفتن.

## ڕاهێنان ٥

### ئەرکیماڵەوە

**ئەم ڕستانە بۆ ئەو جێناوانەی بەرامبەریان بگۆڕە:**

١. ئەو دەیەوێت کوردستان لە ڕوی پیشەسازییەوە پێشبخات. (ئێمە)

٢. تۆ گەلێک شتی سەیر و بەکەڵکت داهێناوە. (ئێوە)

٣. من زۆرم پێخۆشە، بێیت بۆ لام. (ئەوان)

٤. من دوێنێ چاوم بە هاوڕێکەم کەوت. (تۆ)

# ٦

# هاوەڵناوی چۆنیەتی و جۆرەکانی لە ڕوی داڕشتنەوە

## أ هاوەڵناوی سادە

- ١. مرۆڤی باش سەردەکەوێ.
- ٢. ئاوی کانی پاکە.
- ٣. تۆی زیرەک دەردەچی.
- ٤. چەند چیا بلند ببن، نهال کویردبن.
- ٥. درەختی سەوز مەبڕە.

## ب هاوەڵناوی نسادە/ داڕێژراو

- ١. بهارا کوردستانێ گەلەکا ڕەنگینە.
- ٢. کتێبی بەسود بخوێنەوە.
- ٣. مرۆڤێ بێورە سەرناکەوێ.
- ٤. گەلێن زانا پێشدکەڤن.
- ٥. یاریزانەکە بەتوانایە.

## ب هاوەڵناوی نسادە/ لێکدراو

- ١. کەسی دڵسۆز خۆشەویستە.
- ٢. ل مرۆڤێ زارخۆشێ دلگەش نزیک ببە.
- ٣. گولیزار کچەکا ڕوخۆشە.
- ٤. مرۆڤێ ڕۆشنبیر دووربینە.
- ٥. بڕیارێ ڕارا ئامانج ناپێکێ.

## ڕێسا

هاوەڵناوی چۆنیەتی: ئەو هاوەڵناوەیە، کە لە ڕستەدا وەسفی ناوێک یا جێناوێک دەکات و دەبێتە دیارخەری ناوەکە یا جێناوەکە، یا دەبێتە تەواوکەری کاری ناتەواو.

ئەگەر ببێتە دیارخەری ناو، بەمشێوانە دەردەکەون:

## ١ لە زاری ناوەڕاستدا

(ی - ە) دەکەوێتە نێوان دیارخراوەکە و ئاوەڵناوەکە، وەک (مرۆڤی باش، پیرە پیاو...).

## ٢ لە زاری سەرودا

بەمشێوەیە دەردەکەوێ:

ئـ ئەگەر ناوەکە تاکی نێر بوو، (ێ) دەکەوێتە نێوان دیارخراوەکە و ئاوەڵناوەکە.

ب ئەگەر ناوکە تاکی مێ بوو، (ا) دەکەوێتە نێوان دیارخراوەکە و ئاوەڵناوەکە.

پ ئەگەر ناوەکە کۆ بوو، نێر بێ یا مێ، {ێن، ێت، ێد} دەکەوێتە نێوان دیارخراوەکە و ئاوەڵناوەکە.

ئەگەر هاوەڵناوی چۆنیەتی کەوتە پێش ناوەکە، ئامرازی دانەپاڵی پێویست نییە.

هاوەڵناوی چۆنیەتی لە ڕوی داڕشتنەوە دوو جۆرە:

## ١ هاوەڵناوی سادە


وشەیەکی سەربەخۆی بێ زیادەیە، وەک هاوەڵناوەکانی (باش، پاک، بڵند، کوێر، زیرەک، سەوز... هتد).

## ٢ هاوەڵناوی ناسادە


دوو جۆرە:

ئـ **هاوەڵناوی داڕێژراو:** لە وشەیەک یان ڕەگی کار لەگەڵ پێشگرێک یان پاشگرێک یان لەگەڵ هەردووکیان پێکهاتووە: وەک هاوەڵناوەکانی (ڕەنگین، بەسود، بێورە، بەتوانا... هتد).

**ب** **هاوەڵناوی لێکدراو:** لە دوو وشەی واتادار یان وشەیەک و ڕەگی کار پێکهاتووە. دەشگونجێت پێشگر و پاشگری لەگەڵدابێت، وەک (خۆشەویست، زارخۆش، دڵگەش، ڕوخۆش، ڕۆشنبیر، ڕاڕا... هتد).



# قەندیل



قەندیل چیایەکی بەرز و سەرکەشی کوردستانە. لە هەمو وەرزەکانی ساڵدا هەوایەکی سارد و فێنک و سەرنجڕاکێشی هەیە. چیای قەندیل سنوری نێوان هەرێمی کوردستان و وڵاتانی ئێران و تورکیا جیادەکاتەوە. لە دامێنەکانیدا دار و درەختی چڕ و کانیی ڕون و سازگار و گوندی ئاوەدان و خنجیلانەی هەیە. هەمیشە ئاژەڵی کێوی و باڵندەی دەنگخۆش و ڕەنگینی لێ دەژی.

فۆتۆ: بنیامین موراد

## ڕاهێنان ١

لـە دەقەکـەی پێشـودا، هاوەڵنـاوەکان دەربهێنـە و جۆرەکانیـان لـە ڕوی داڕشـتنەوە دیاربکـە .

## ڕاهێنان ٢

جیـاوازی نێـوان هاوەڵنـاوی داڕێـژراو و لێکـدراو لـە ڕوی داڕشـتنەوە چییـە؟ بەنمونـە ڕونیبکـەرەوە .

## ڕاهێنان ٣

وەڵامی ڕاست هەڵبژێرە:

١ – دارستانێکی چڕ لە نزیک دێیەکەمان هەیە .

ئـ- هاوەڵناوی چۆنیەتییە　　ب- ناوە

پ- جێناوە　　ت- هاوەڵناوی لێکدراوە

٢ – یەکڕەنگ:

ئـ- هاوەڵناوی ناسادەیە　　ب- هاوەڵناوی داڕێژراوە

پ- هاوەڵناوی لێکدراوە　　ت- (ئـ - پ) ڕاستن

٣ – جوان پیشانگاکەی ڕازاندەوە .

ئـ- جێناوە　　ب- هاوەڵناوی داڕێژراوە

پ- ناوە　　ت- هاوەڵناوی چۆنیەتییە

٤ – دوودڵ:

ئـ- هاوەڵناوی داڕێژراوە　　ب- هاوەڵناوی لێکدراوە

پ- هاوەڵناوی سادەیە　　ت- (ئـ - پ) ڕاستن

**٥- ماسی گەورە لە تاقگەدا ناگیرێ.**

ئـ- ناوە
ب- هاوەڵناوی چۆنیەتییە
پ- جێناوە
ت- هاوەڵناوی ناسادەیە

**٦- ئێوە هیوای دوواڕۆژن.**

ئـ- هاوەڵناوی چۆنیەتییە
ب- ناوە
پ- جێناوی لکاوە
ت- جێناوی سەربەخۆیە

**٧- زانا:**

ئـ- هاوەڵناوی داڕێژراوە
ب- هاوەڵناوی سادەیە
پ- هاوەڵناوی لێکدراوە
ت- (ئـ - پ) ڕاستن

**٨- ڕاگرتنی پاکوخاوێنیی شار ئەرکێکی نیشتمانییە.**

ئـ- ناوە
ب- هاوەڵناوی چۆنیەتییە
پ- سێیەمی کۆ
ت- هاوەڵناوی سادەیە

**٩- سوێر:**

ئـ- هاوەڵناوی لێکدراوە
ب- هاوەڵناوی سادەیە
پ- هاوەڵناوی داڕێژراوە
ت- هەموویان

**١٠- شین:**

ئـ- هاوەڵناوی سادەیە
ب- هاوەڵناوی داڕێژراوە
پ- هاوەڵناوی لێکدراوە
ت- (ئـ - پ) ڕاستن

## ڕاهێنان ٤

### ئەرکی ماڵەوە

دەقێک بنوسە، هەمو جۆرەکانی هاوەڵناوی لە ڕوی دارشتنەوە تێدابێ، لە پێنج دێر زیاتر نەبێت.

# ٧ پلەکانی هاوەڵناوی چۆنیەتی

## ئـ پلەی چەسپاو

- ١. ئاروی ناسک بکرە.
- ٢. گولێن مە دگەش بوون.
- ٣. قوتابخانەکەمان پێشەنگە.

## ب پلەی بەراورد

- ١. ئاوی کانی لە ئاوی ڕوبار پاکترە.
- ٢. زستان لە پایز ساردترە.
- ٣. کتێبا من ژ کتێبا تە کەڤنتربوو.

## پ پلەی باڵا

- ١. هەڵگورد بڵندترین چیایە لە هەرێمی کوردستاندا.
- ٢. هۆزان قوتابیی هەرە زیرەکی ئەم قوتابخانەیەیە.
- ٣. هەولێر کۆنترین شاری کوردستانە.
- ٤. خەندە لە هەمو قوتابییان ڕوخۆشترە.

## ڕێسا

هاوەڵناوی چۆنیەتی سێ پلەی هەیە:

ئـ پلەی چەسپاو: ئەو هاوەڵناوەیە، کە بۆ وەسفی ناوێک یا جێناوێک لە پلەیەکی جێگیر و چەسپاودا بەکاردەهێنرێ، وەک هاوەڵناوەکانی ڕستەکانی کۆمەڵەی (ئـ).

**ب** پلەی بەراورد: ئەو هاوەڵناوەیە، کە بۆ بەراوردکردن لەنێوان دوو ناوی وەسفکراو بەکاردەهێنرێ، کە هەردووکیان لە سیفەتەکەدا هاوبەشن، بەڵام پلەی یەکێکیان لەوی تر زیاترە. نیشانەی (تر) دەخرێتە کۆتایی هاوەڵناوی چۆنیەتی و ئامرازی پەیوەندی (لە، ژ) دەخرێتە نێوان هەردوو ناوی بەراوردکراو، وەک هاوەڵناوەکانی ڕستەکانی کۆمەڵەی (ب).

**پ** پلەی باڵا: ئەو هاوەڵناوەیە، کە پلەی باڵایی ناوێک لەنێوان کۆمەڵە ناوێک پیشاندەدات، کە هەموویان لە سیفەتەکەدا هاوبەشن، بەڵام پلەی یەکێکیان لە هەمویان زیاترە، وەک هاوەڵناوەکانی ڕستەکانی کۆمەڵەی (پ).

هاوەڵناوی پلەی باڵا بەمشێوانە دروستدەکرێ:

١ بە دانانی نیشانەی (ترین) لە کۆتایی هاوەڵناوی چۆنیەتی دروست دەکرێ.

٢ دەتوانرێ بەهۆی وشەی (هەرە)، کە دەخرێتە پێش هاوەڵناوی پلەی چەسپاو دروست بکرێ.

٣ دەتوانرێ بە یارمەتی وشەی (ژ هەمیا، لە گشت، لە هەموو، ژ تەڤ)، کە دەخرێتە پێش هاوەڵناوی پلەی بەراورد، دروست بکرێ.

## یاریزان



یاریزانی بەتوانا و لێهاتو هەمیشە لە هەوڵداندایە. بۆ ئەوەی ئەنجامی باشتر بەدەستبهێنێت. تا بتوانێ لە هەرە باشەکانی تیپەکەی بێ و لە هەمو یاریزانەکان لێهاتوتر بێ. بۆ بەدەستهێنانی ئەو ئامانجەش، دەبێت ورياتر و دلۆڤانەتر هەوڵبدا، تاکو باشترین ئەنجام بۆ خۆی دەستەبەربکا و ببێتە مایەی ڕەزامەندی و خۆشەویستی ڕاهێنەر و دایباب و هاوڕێ و دەوروبەرەکەی.

### ڕاهێنان ١

لەم دەقەی سەرەوەدا، هاوەڵناوەکان دەربهێنە و پلەکانیان دیاربکە.

### ڕاهێنان ١

هاوەڵناوی پلەی چەسپاو لەم دەقەی سەرەوەدا دەربهێنە و جارێک بکە بە پلەی بەراورد، جارێک بکە بە پلەی باڵا.

## ڕاهێنان ٣

هێڵ بەژێرداهاتوەکان شیبکەوە .

١- زەریا لە دەریا قوڵترە .

٢- هاوین گەرمترین وەرزی ساڵە .

٣- دەنگێ کەوی خۆشـە .

## ڕاهێنان ٤

وەڵامی ڕاست هەڵبژێرە:

١- جۆ لە گەنم هەرزانترە .

ئـ- هاوەڵناوی پلەی بەراوردە

ب- هاوەڵناوی پلەی باڵایە

پ- هاوەڵناوی نادیارە

ت- هاوەڵناوی پلەی چەسپاوە

٢- نێرگز جوانترین گوڵی بەهارە .

ئـ- هاوەڵناوی پلەی باڵایە

ب- هاوەڵناوی پلەی بەراوردە

پ- هاوەڵناوی پلەی چەسپاوە

ت- هاوەڵناوی پرسە

٣- ئاوی کانییەکە ساردبوو.

ئـ- هاوەڵناوی پلەی بەراوردە

ب- هاوەڵناوی پلەی چەسپاوە

پ- هاوەڵناوی پلەی ڕێکخستنە

ت- هاوەڵناوی باڵایە

٤- شاخی هەڵگورد لە شاخی سەفین بەرزترە.

ئـ- هاوەڵناوی نیشانەیە

ب- هاوەڵناوی پلەی چەسپاوە

پ- هاوەڵناوی پلەی باڵایە

ت- هاوەڵناوی پلەی بەراوردە

٥- ئەم ئەسپە خێرایە.

ئـ- هاوەڵناوی پلەی بەراوردە

ب- هاوەڵناوی ژمارەییە

پ- هاوەڵناوی پلەی چەسپاوە

ت- هاوەڵناوی پلەی باڵایە

## ٥ ڕاهێنان

### ئەرکی ماڵەوە

چۆن هاوەڵناوی پلەی بەراورد لە هاوەڵناوی پلەی باڵا جیادەکەیتەوە؟ بە نمونەوە ڕونیبکەوە.



# وەرزی دووەم

١

# هاوەڵناوی نیشانە

| ژ | نزیک | دوور |
|---|---|---|
| ١ | ئەم گوڵە جوانە. | ئەو گوڵە جوانە. |
| ٢ | ئەم دارانە بەرزن. | ئەو دارانە بەرزن. |
| ٣ | ئەم دێیە گەورەیە. | ئەو دێیانە گەورەن. |
| ٤ | ئەم کەیبانووە خاوێنە. | ئەو کەیبانووانە خاوێنن. |
| ٥ | ئەڤ کوڕە یێ زیرەکە. | |
| ٦ | ڤی خورتی سەرێ مە بلندکر. | وی خورتی سەرێ مە بلندکر. |
| ٧ | ڤێ کچێ هۆزانەک ڤەهاند. | وێ کچێ هۆزانەک ڤەهاند. |
| ٨ | ئەڤان مرۆڤان نان خار. | وان مرۆڤان نان خار. |
| ٩ | ئەوێ کچاهە گولێک چاند. | |
| ١٠ | ئەوێ کوڕێهە ئاڵایێ کوردستانێ بلندکر. | |

## ڕێسا

هاوەڵناوی نیشانە: ئەو هاوەڵناوەیە، کە ناوێک یان زیاتر لە ناوێک دەستنیشاندەکات و لە هاوچەشنەکانی خۆی جیایدەکاتەوە و دەبێتە دیارخەری ناوەکە، هەمیشە ناوە دەستنیشانکراوەکە دەکەوێتە نێوان هەردوو بەشی هاوەڵناوەکەوە.

| ژ | هاوەڵناوی نیشانە | مەودا | ڕەگەز | ژمارە |
|---|---|---|---|---|
| ١ | ئەم ... ە | نزیک | نێر و مێ | تاک |
| ٢ | ئەو ... ە | دوور | نێر و مێ | تاک |
| ٣ | ئەم ... انە | نزیک | نێر و مێ | کۆ |
| ٤ | ئەو ... انە | دوور | نێر و مێ | کۆ |
| ٥ | ئەڤ ... ە | نزیک | نێر و مێ | تاک |
| ٦ | ڤی ... ی | نزیک | نێر | تاک |
| ٧ | ڤێ ... ێ | نزیک | مێ | تاک |
| ٨ | وی ... ی<br>ئەوێ ... یەهە | دوور | نێر | تاک |
| ٩ | وێ ... ێ<br>ئەوێ ... اهە | دوور | مێ | تاک |
| ١٠ | ئەڤان ... ان | نزیک | نێر و مێ | کۆ |
| ١١ | وان ... ان<br>ئەوێ ... ێنهە | دوور | نێر و مێ | کۆ |

**تێبینی**

ئەگەر ناوە دەستنیشانکراوەکە بە پیتی بزوێن کۆتایی هاتبێ، ئەوا ناوبەندی (ی) یان (و) وەردەگرێ، وەک:

١- ئەم + دێ+ ی + ە = ئەم دێیە

٢- ئەو + شاتو+ و + ە = ئەو شاتووە

## ڕاهێنان ١

نموونە:

١. درەخت (بەرز). لە سێبەری ئەم درەختە بەرزە دانیشە.

٢. دۆ (ترش). ئەم دۆیە زۆر ترشە.

**تۆش ئەمانەی خوارەوە لەگەڵ هاوەڵناوی نیشانە لە ڕستەدا بەکاربهێنە:**

دەرگا (پان)، پەنیر (بەتام)، ئاو (سارد)، دەریا (قوڵ)، ئاگر (خۆش)، بەرو (شیرین)، پیاو (ئازا)، کەو (گەردنبەخاڵ).

## ڕاهێنان ٢

**لەم ڕستانەدا هاوەڵناوی نیشانە دەربهێنە و جۆرەکەی لە ڕوی دوور و نزیکی دیاربکە:**

١. ئەو گۆڤارانە بهێنە.

٢. ڤێ دەفتەرێ بکرە.

٣. ئەم نەمامەم چاندووە.

٤. وی هەڤالی فراڤین خار.

## ڕاهێنان ٣

**وەڵامە ڕاستەکان بە یەکبگەیەنە.**

| | |
|---|---|
| ١. ئەو... ە | جێناوی نیشانەیە بۆ ناوی کۆی نزیک بەکاردێت. |
| ٢. ئەڤان ... ان | جێناوی نیشانەیە بۆ ناوی نزیک بەکاردێت. |
| ٣. ڤێ... ێ | جێناوی نیشانەیە بۆ ناوی کۆی دوور بەکاردێت. |
| ٤. ئەم...ە | جێناوی نیشانەیە بۆ ناوی تاکی مێی نزیک بەکاردێت. |
| ٥. وان... ان | جێناوی نیشانەیە بۆ ناوی دوور بەکاردێت. |

## ٤ ڕاهێنان

### ئەرکی ماڵەوە

**ئەم بۆشاییانەی خوارەوە پڕبکەوە:**

١. .............................. بۆ نزیکی مێ بەکاردێ.

٢. هاوەڵناوی نیشانەی .............................. بۆ کۆی نزیک بەکاردێ.

٣. هاوەڵناوی نیشانەی .............................. بۆ نێر و مێی نزیک بەکاردێ.

٤. ئەڤان بۆ ناوی .............................. بەکاردێ.

٢

# جێناوی نیشانە

| | |
|---|---|
| ١. ئەمە بنوسەوە. | ٦. ئەمانە چالاکانە کاردەکەن. |
| ٢. ئەوە ژینگە دۆستە. | ٧. ئەوانە دەناسم. |
| ٣. ئەڤە هەڤالێ منە. | ٨. ئەوێهە چیرۆک نڤیسییە. |
| ٤. ڤی نان خارییە. | ٩. ئەواهە چیرۆک نڤیسییە. |
| ٥. ڤێ نان خارییە. | ١٠. ئەڤان (ڤان) گۆڤەندەکا خۆش گرێدا. |

## ڕێسا

جێناوی نیشانە وشەیەکە جێی ناوێک دەگرێتەوە و لەبری ناوەکە بەکاردێت و دەستنیشانی دەکات، لە ڕستەدا هەمان ئەرکی ڕێزمانی ناوەکە دەبینێت. زۆربەی جێناوە نیشانەکان ئەمانەن: (ئەمە، ئەوە، ئەمانە، ئەوانە، ئەڤە، ڤی، ڤێ، ئەڤان، ئەواهە، ئەوا هە، ئەوێهە).

## ڕاهێنان ١

**لەم ڕستانەی خوارەوە جێناوی نیشانە دەربهێنە:**

١. ئەوەیان هەڵبژاردووە.

٢. ئەمەم بۆ بهێنە.

٣. ئەوێهە سەیدایێ مەیە.

٤. ئەوانە زیرەکن.

٦. ڤان زەڤیێن خۆ کێلان.

## ٢ ڕاهێنان

وەڵامی ڕاست هەڵبژێرە:

١- ئەم زەوییە بەپیتە.

ئـ- جێناوی لکاوە
ب- هاوەڵناوی نیشانەیە
پ- جێناوی کەسی سەربەخۆیە
ت- جێناوی نیشانەیە

٢- ئەوە شاخی قەندیلە.

ئـ- هاوەڵناوی نیشانەیە
ب- جێناوی نیشانەیە
پ- جێناوی کەسی سەربەخۆیە
ت- هاوەڵناوی نادیارە

٣- ئەو بەرگری لە خاکەکەی دەکات.

ئـ- جێناوی کەسی سەربەخۆیە
ب- جێناوی نیشانەیە
پ- هاوەڵناوی نیشانەیە
ت- جێناوی هەییە

٤- ئەمانە نەوەی دواڕۆژن.

ئـ- جێناوی نیشانەیە
ب- جێناوی کەسی سەربەخۆیە
پ- هاوەڵناوی نیشانەیە
ت- جێناوی پرسە

٥- ئەڤ خورتە چەلەنگە.

ئـ- جێناوی نیشانەیە
ب- جێناوی خۆییە
پ- هاوەڵناوی نیشانەیە
ت- جێناوی کەسی سەربەخۆیە

## ٣ ڕاهێنان

شەش ڕستە بهێنەوە، کە جێناوی نیشانەی تێدا بێت، سێیانیان بۆ نزیک و سێیانیان بۆ دوور بێت.

## ٣ ڕاهێنان

ئەم وشانەی هێڵیان بەژێردا هاتووە، شییانبکەوە:

١. **ئەمە** بۆ **قوتابخانە** هاتبوو.
٢. **ڤی** گەنم **چاندییە**.
٣. **ئەڤە** یا تەحلە، **ئەواهە** **شرینە**.

# ٣ هاوەڵکار و جۆرەکانی

## ئـ هاوەڵکاری کاتی:

■ ١. دوهی جوتیاری خەرمان گێرەکرد.
■ ٢. ئەمرۆ گەلانی جیهان بۆ ئاشتی تێدەکۆشن.
■ ٣. ئەوان ئێستا نانەکەیان دەخۆن.
■ ٤. سالەکا دی پەیمان دێ چیتە زانکۆ.
■ ٥. بەزستان پینە و پەڕۆ، بەهاوین وردورد بڕۆ.

## ب هاوەڵکاری شوێنی:

■ ١. منداڵەکە لەسەربان نوست.
■ ٢. لێرە دامەنیشە.
■ ٣. شوانەکە لەژێردارەکە شمشاڵ دەژەنێت.
■ ٤. شەونم لەتەنیشت منەوە وەستابوو.
■ ٥. مە خانییەک ل نێزیک کڕی.

## پ هاوەڵکاری چۆنیەتی:

■ ١. بایەکە دەرگاکەی توند پێوەدا.
■ ٢. چیرۆکەکەی لەسەرخۆ گێڕایەوە.
■ ٣. نازدار بلەز چوو بۆ قوتابخانێ.
■ ٤. مامۆستا بەڕوخۆشی هاتە ژورەوە.
■ ٥. فراڤینێ بگەرمی بخۆ.
■ ٦. ڕۆژنامەکەی بەخۆڕایی دابەشکرد.

## ڕێسا

هاوەڵکار: وشەیەکە یان زیاتر، ڕویەکی ڕودانی کاری ڕستە دەربارەی (کاتی، شوێنی، چۆنیەتی) کار دەردەخات و دەبێتە تەواوکەری کارەکە.

هاوەڵکار چەند جۆرێکی هەیە، کە ئەمانەن:

### ١ هاوەڵکاری کاتی

کاتی ڕودانی کاری ڕستەکە دەردەخات و دەبێتە تەواوکەری کار، وەک:(دوێنێ، پێرێ، ئەمڕۆ، نهۆ (ئێستا)، لەمەوپێش، پارشێو، ئێوارە، ئەمساڵ... هتد).

### ٢ هاوەڵکاری شوێنی

شوێنی ڕودانی کاری ڕستەکە دەردەخات و دەبێتە تەواوکەری کار، وەک:(تەنیشت، لەژێر، لەسەر، لەناو، بەردەم، ڕاست، دوور، نزیک، چەپ... هتد).

### ٣ هاوەڵکاری چۆنیەتی

چۆنیەتیی ڕودانی کاری ڕستەکە دەردەخات و دەبێتە تەواوکەری کار، وەک: (خێرا، هێدی، بەگوڕ، توند، لەسەرخۆ، بەژیری، بەچاکی، بەپەلە، بەهێمنی، بساردی، بخۆشی... هتد).

### ڕاهێنان ١

ئەم هاوەڵکارانەی خوارەوە لە ڕستەدا بەکاربهێنە و جۆرەکەیان بنوسە:

(لەناو باخەکەدا، پار، بەجوانی، هەفتەی داهاتوو، باش)

### ڕاهێنان ٢

جۆری هاوڵکارە هێڵ بەژێرداهاتووەکان هەڵبژێرە:

١- بەدڵ و بەگیان کوردستان دەپارێزین. هاوەڵکاری

ئـ- چۆنیەتی	ب- کاتی

پ- شوێنی	ت- چەندی

٢- كەڵەشێرەكە لەسەر دیوارەكە هەڵفڕی. هاوەڵكاری

ئـ- چەندی ب- شوێنی

پ- چۆنیەتی ت- كاتی

٣- دوێنێ باوكم ڕۆیشت بۆ دەرەوەی وڵات. هاوەڵكاری

ئـ- چۆنیەتی ب- شوێنی

پ- كاتی ت- چەندی

٤- بەجوانی وەڵام بدەرەوە. هاوەڵكاری

ئـ- شوێنی ب- كاتی

پ- چەندی ت- چۆنیەتی

٥- كیسەڵ لەسەرخۆ دەڕوات. هاوەڵكاری

ئـ- كاتی ب- چۆنیەتی

پ- چەندی ت- شوێنی

## ڕاهێنان ٣

هێڵ بەژێرداهاتووەكان شیبكەوە.

١- گەلی كوردستان لە پێنجی ئاداردا شێرانە ڕاپەڕی.

٢- باران بەخوڕ دەبارێت.

## ڕاهێنان ٤

ئەركی ماڵەوە

سێ پەندی پێشینان بهێنەوە، كە هەریەكەیان جۆرێكی هاوەڵكاری تێدابێ.

٤

# پێکهاتەی گرێی ناوی

١. چرای ژورەکەم داگیرساند.

٢. وڵاتی ئێمە ڕەنگینە.

٣. هەناری ترش بکڕە.

٤. باخە گەورەکە خۆشە.

## ڕێسا

گرێی ناوی، لە دیارخراوێک و دیارخەرێک پێکدێت، دیارخراوەکە ناو یان ناو ئاسایە، وەک: (چاوگ، جێناو)، بۆیە پێیدەوترێ گرێی ناوی. دیارخەرەکە ڕونکردنەوە لەبارەی دیارخراوەوە دەدات، دەشێت دیارخەرەکە (ناو، ئاوەڵناو، جێناو، چاوگ) بێت.

گرێی ناوی بە چەند ڕێگایەک دروستدەکرێت، لەوانە :

١ دەکرێ گرێی ناوی لە دوو ناو پێکبێت بە یارمەتی ئامرازی دانەپاڵ دەخرێنە پاڵ یەکتر، وەک:

(شاری هەولێر، گوڵی باخەکە، چیای حەمرین، درەختی دارستانەکە، بابی نەوزادی)

٢ دەکرێ لە ناوێک و جێناوێکی سەربەخۆ بە یارمەتی ئامرازی دانەپاڵ پێکبێت، وەک:

(برای تۆ، برایی تە، کتێبی ئەوان، خانوی ئێمە، کچا من)


٣ دەکرێت لە ناوێک و هاوەڵناوێک بە یارمەتی ئامرازی دانەپاڵ پێکهاتبێت، وەک:

(هەنارا ترش، سێوی سور، گۆڤارە نوێیەکە، قوتابییە زیرەکەکان)

٤ دەکرێ لە ناوێک و چاوگێک پێکبێت، ئامرازی دانەپاڵی لەگەڵدا بێ، وەک:

(خانوی فرۆشتن، خۆشیی ژیان، تاڵیی مردن)

# گردی شمشارە



شـوێنەوارێکی کۆنـە لـە باشـوری کورسـتان، دەکەوێتـە شـاری ڕانیـە. مێژووەکـەی بـۆ چاخـە دێرینـەکان دەگەڕێتـەوە. وڵاتەکـەی ئێمە چەندیـن پاشـماوەی مرۆڤایەتیی تێدا دۆزراوەتەوە. دوای گـەڕان و پشـکنین، چەندیـن کەلوپولـی ناومـاڵ و بەردنوسـی بزمـاری تێـدا بینـراوە.

فۆتۆ: ئاکام عمر

## ڕاهێنان ١

لە دەقەکەی پێشودا گرێی ناوی دەربهێنە و پێکهاتەکەی دیاربکە.

## ڕاهێنان ٢

پێکهاتەی گرێیە ناوییەکانی ئەم ڕستانەی خوارەوە دیاربکە:

١. قوتابیی زیرەک خۆشەویستە.

٢. تەختەی سپی دەستمان پیسناکات.

٣. ئەوان خانووە خۆشەکەیان فرۆشت.

٤. ماڵی ئێوە نزیکە.

٥. ئاڤا کانییا یا زەلالە.

## ڕاهێنان ٣

ئەم بۆشاییانە بە گرێی ناوی پڕبکەرەوە:

١. ............................ ترسناکە.

٢. ............................ نەخواردەوە.

٣. نامەیەکم بە ............................ ڕەوانەکرد.

٤. ............................ لە هیچ سڵناکاتەوە.

٥. ............................ بە یەکەم دەرچوو.

## ڕاهێنان ٤

### ئەرکی ماڵەوە

داڕشتنێک بنوسە، بەمەرجێک هەموو ڕێگاکانی سازکردنی گرێی ناوی تێدا بەکارهاتبێ.

# ٥ کار و جۆرەکانی کار

کار و جۆرەکانی:

| | |
|---|---|
| ١. کۆترەکە هەڵفڕی. | ٤. ڕەشەبا دارەکەی شکاند. |
| ٢. گەنمەکە شینبوو. | ٥. ژنەکە خورییەکە دەڕێسێت. |
| ٣. منداڵەکە دەخەوێت. | |

## ڕێسا

کار: وشەیەکە ڕوداوێک دەگەیەنێت و لە کاتێکی دیاریکراودا ڕودەدات، دەخرێتە پاڵ کەسێک یان شتێک.

لەو ڕستانەی سەرەوەدا وشەکانی (هەڵفڕی، شینبوو، دەخەوێت، شکاند، دەڕێسێت) کارن و واتای ڕوداوێک دەگەیەنن.

کار لە چەند ڕویەکەوە دابەشدەکرێت، لە هەر ڕویەکەوە چەند جۆرێکی هەیە، وەک ئەمانەی خوارەوە:

### ١ لە ڕوی کاتەوە

لەم ڕووەوە کار لە زمانی کوردیدا دوو جۆری هەیە، کە ئەمانەن:

أ کاری ڕابردوو: ڕوداوەکە لە ڕابردوودا ڕویداوە، وەک: کارەکانی (هەڵفڕی، شینبوو، شکاند) .

ب کاری ڕانەبردوو: ڕوداوەکە هێشتا ڕوینەداوە، واتە دەکەوێتە دوای ئاخاوتن، وەک: کارەکانی (دەخەوێت، دەڕێسێت) لە ڕستەکانی سەرەوەدا.

## ٢ لە ڕوی دروستبوونەوە

لەم ڕووەوە کار سێ جۆری هەیە، کە ئەمانەن:

ئـ کاری سادە: لە ڕەگی کار و نیشانە ڕێزمانییەکان پێکدێت*، وەک کاری (دەخەوێت) لە ڕستەی سێیەمدا، کە لە ڕەگی کار(خەو) لەگەڵ نیشانە ڕێزمانییەکانی (دە، ێت) دروستبووە.

ب کاری دارێژراو: لە کارێکی سادە لەگەڵ پێشگرێک یان پاشگرێک یان هەردووکیان دروستدەبێت، وەک کاری (هەڵفڕی) لە ڕستەی یەکەمدا، کە لە پێشگری (هەڵ) و کاری سادەی (فڕی) دروستبووە.

پ کاری لێکدراو: لە کارێکی سادە و وشەیەکی تر پێکدێت، وەک کاری (شینبوو) لە ڕستەی یەکەمدا، کە لە وشەی (شین) لەگەڵ کاری سادەی (بوو) دروستبووە.

## ٣ لە ڕوی هێزەوە

لە ڕوی هێزی ڕاکێشانی کەرەستەی پێویست بۆ تەواوبوونی واتای ڕستە، کار دوو جۆری هەیە؛

•• (کاری تێنەپەڕ) و (کاری تێپەڕ): لە وانەی داهاتودا دەخوێنرێت.

---

* نیشانەی ڕێزمانی وەک: جێناوی لکاو، نیشانەی ناسراوی، نیشانەی نەناسراوی، ئامرازی خستنەسەر(ی، ە)، نیشانەی کۆ، (دە)ی بەردەوامی، نیشانەی هاوەڵناوی پلەی بەراورد و باڵا... هتد، کە دەچنە سەر وشەی سەربەخۆ یان ڕەگ و دۆخێکی ڕێزمانی پیشاندەدەن.

## ١ ڕاهێنان

ئەم بۆشاییانە بە کارێکی سادە پڕبکەرەوە:

١. نوسەرەکە ڕۆمانەکەی ............................ .

٢. بەهاران ............................ بۆ سەیران.

٣. سەوزە بشۆرەوە، ئینجا ............................ .

٤. پێشمەرگە وڵات ............................ .

٥. شەرەفخانی بەتلیسی کتێبی (شەرەفنامە)ی ............................ .

## ٢ ڕاهێنان

جۆری کارەکانی ڕاهێنانی پێشو لە ڕوی کاتەوە دیاربکە.

## ٣ ڕاهێنان

لەم کارە سادانە، کاری داڕێژراو و لێکدراو دروستبکە.

| ژ | کاری سادە | کاری داڕێژراو | کاری لێکدراو |
|---|---|---|---|
| ١ | خستن | | |
| ٢ | هێنان | | |
| ٣ | کەوتن | | |

# ٦ کاری تێنەپەڕ و کاری تێپەڕ

**أ**

- ١. دلێر نوست.
- ٢. کۆترەکە دەفڕێت.

**ب**

- ١. پێشمەرگە وەلاتی دپارێزیت.
- ٢. نەوزاد چیرۆکی نوسی.

## ڕێسا

### ١ کاری تێنەپەڕ

ئەو کارەیە، پێویستی بە تەنیا یەک کەرەستە هەیە، بۆ ئەوەی ڕستەیەکی واتادار دروستبکات. ئەو کەرەستەیەش دەبێت بە بکەری ڕستەکە، جا بکەری (ڕێزمانی) بێت یان (ڕێزمانی و واتایی/ لۆجیکی). واتە لە کاری تێنپەڕدا پەیوەندیی بکەر تێناپەڕێتە سەر وشەیەکی تر، بەڵکو وشەی بکەر ڕاستەوخۆ بە کارەوە دەبەسترێت.
کاری تێنەپەڕ لە ڕوی ڕێزمانییەوە (بەرکار) وەرناگرێت، بەڵام دەکرێت (تەواوکەری بەیاریدە) وەربگرێت، وەک: (بێوار لە وانەکە دەرچوو).

### ٢ کاری تێپەڕ

ئەو کارەیە بە تەنیا لەگەڵ بکەرەکەی ناشێت ڕستەیەکی واتادار دروستبکات، بەڵکو پێویستی بە وشەیەکی تر هەیە بۆ ئەوەی واتای ڕستەکە تەواو بکات، ئەم وشەیەش

کاریگەریی کارەکەی دەکەوێتە سەر و دەبێتە (بەرکار). لە کاری تێپەڕدا پەیوەندیی (بکەر) تێدەپەڕێتە سەر وشەیەک، کە (بەرکار)ە، پاشان (کار) دێت.

کاری تێپەڕ، جگە لە (بەرکار)، کە پێویستە هەبێت، دەکرێت (تەواوکەری بەیاریدە)ش وەربگرێت، وەک: (جوتیار زەوی بە هەوجاڕ دەکێڵێت). لەم ڕستەیەدا وشەی (زەوی) بەرکارە و (هەوجاڕ) تەواوکەری بەیاریدەیە بۆ کاری (دەکێڵێت).

## ڕاهێنان ١

**ئەم بۆشاییانە بە کارێکی تێپەڕ پڕبکەوە:**

١. من سێوەکەم ........................... .

٢. ئەو پیاوە خانوو ........................... .

٣. تە چەند کەو ........................... .

٤. ئاڤان یا جلکا ........................... .

٥. دارا کتێب ........................... .

## ڕاهێنان ٢

**ئەم بۆشاییانە بە کارێکی تێنەپەڕ پڕبکەوە:**

١. مللەت ب خاندنێ ........................... .

٢. گیا لەسەر بنجی خۆی ........................... .

٣. کۆترا شێردلی ........................... .

٤. لە هەموو هەورێک باران ........................... .

## ڕاهێنان ٣

وەڵامی ڕاست هەڵبژێرە:

١- دەکرین، کارێکی:

ئـ- تێنەپەڕە　　ب- تێپەڕە

پ- لێکدراوە　　ت- ڕابردووە

٢- هات، کارێکی:

ئـ- داڕێژراوە　　ب- ڕانەبردوە

پ- تێپەڕە　　ت- تێنەپەڕە

٣- تەواودەکەم، کارێکی:

ئـ- تێپەڕە　　ب- تێنەپەڕە

پ- لێکدراوە　　ت- وەڵامی (ئـ - پ)

٤- هەڵدەواسێت، کارێکی:

ئـ- تێنەپەڕە　　ب- تێپەڕە

پ- سادەیە　　ت- لێکدراوە

٥- تێگرن، کارێکی:

ئـ- تێپەڕە　　ب- داڕێژراوە

پ- لێکدراوە　　ت- وەڵامی (ئـ - ب)

## ڕاهێنان ٤

ئەم کارانە لە ڕوی هێزەوە چ جۆرێکن؟ لە ڕستەدا بەکاریانبهێنە:

( ڕۆیشت، کەفت، دەبارێت، بخۆ، چاند، دەنوسین، ڕزی )

## ڕاهێنان ٥

### ئەرکی ماڵەوە

شیکردنەوە:

ئێمە گۆرانییەکەمان بیست.

ئێمە: جێناوی کەسیی سەربەخۆیە بۆ کەسی یەکەمی کۆ، بکەرە.

گۆرانییەکە: ناوە، تاکە، ناسراوە ، بەرکارە.

مان: جێناوی لکاوە بۆ کەسی یەکەمی کۆ، بۆ بکەر دەگەڕێتەوە.

بیست: کاری ڕابردووی سادەی نزیکی تێپەڕە.

ئەم ڕستانە شیبکەوە:

١- خشتەکە شکابوو.

٢- شڤانی پەز چەراند.

# ٧ کاری ناتەواو

١. سارا قوتابییە.
٢. چیای ئارارات بەرزە.
٣. ئەو دەبێت بە پێشمەرگە.
٤. یارییەکە دوێنێ بوو.
٥. باڵندەکان جوانن.
٦. پاداشتەکە بۆ پێلین دەبێت.
٧. هیوا دراوسێی ئێمە بوو.

## ڕێسا

کاری ناتەواو، ئەو کارەیە بەتەنیا ناتوانێت خانەی گرێی کاری پڕبکاتەوە و لەگەڵ نیهاد ڕستەیەکی واتادار دروستبکات، بۆیە هەمیشە پێویستی بەوەیە وشەیەک یان گرێیەکی لەگەڵدابێت و پێکەوە گرێیەکی کاری دروستبکەن.

کارەکانی چاوگی بوون، بۆیە ناونراون کاری ناتەواو، چونکە تەنیا کاتیان هەیە و ڕودانیان تێدا نییە.

ئەو ڕستانەی کارەکەیان ناتەواوە، لە گرێی ناویدا لەبری بکەر، (نیهاد) کەرەستەی سەرەکییە، دەکرێت نیهاد دیارخەری هەبێت و بەشێوەی گرێ بێت. هەرچی کەرەستەکانی پاڵ کاری ناتەواوە، دەبن بە تەواوکەری کاری ناتەواو. تەواوکردنەکەش بە دوو شێوە دەبێت:

### ١ بەشێوەی ڕاستەوخۆ

(تەواوکەری کاری ناتەواو)، ڕاستەوخۆ لە پاڵ کارە ناتەواوەکە دێت، بەبێ هیچ ئامرازێک.

### ٢ بەشێوەی ناڕاستەوخۆ

(تەواوکەری بەیاریدەی کاری ناتەواو)، کە پێویستی بە ئامرازی پەیوەندی دەبێت، لەپێش وشە تەواوکەرەکە.

**١ تێبینی**

کاری ناتەواو بە پێنج جۆر وشە تەواودەکرێت:

١. ناو: وەک: ئاکام مامۆستایە.

٢. چاوگ: وەک: ئامانجمان سەرکەوتنە.

٣. جێناو: وەک: ئەوە کێیە؟

٤. هاوەڵناو: وەک: کارگوزارەکە دڵسۆزە.

٥. هاوەڵکار: وەک: یارییەکەمان ئێوارێ بوو.

**٢ تێبینی**

کاری ناتەواو دەتوانرێت بە گرێش تەواوبکرێت، وەک:

- ئەمە قوتابخانەی ئێوەیە.

**٣ تێبینی**

کاری ناتەواو سێ شێوەی هەیە:

١. بوو: کاری ناتەواوە بۆ کاتی ڕابردوو.

٢. ە: کاری ناتەواوە بۆ کاتی ئێستا.

٣. دەبێت: کاری ناتەواوە بۆ کاتی داهاتوو.

**٤ تێبینی**

دەگونجێت (ە)ی کاری ناتەواو لە ڕستەدا دەرنەکەوێت. ئەمەش کاتێک ڕوودەدات، کە نیهاد، کەسی سێیەمی تاک نەبێت، بەڵکو پێنج کەسەکەی تر بێت، وەک:

| | |
|---|---|
| من کوردم | ئێمە کوردین |
| تۆ کوردی (یت) | ئێوە کوردن |
| ئەو کوردە | ئەوان کوردن |

٥ تێبینی

شێوەکانی (بوو، دەبێت) لە هەندێک بارودۆخدا دەبن بە کاری تەواو.

## ڕاهێنان ١

پێنج ڕستە بهێنەوە، کە کارەکانیان ناتەواوبێت، هەریەکەیان جۆرێکی جیاوازی تەواوکەری هەبێت، بە مەرجێک لە نمونەکانی سەرەوە نەبن.

## ڕاهێنان ٢

کاری ناتەواو بە چەند شێوە تەواودەکرێت؟ بیاننوسە بە نمونەوە.

## ڕاهێنان ٣

هێڵ بەژێرداهاتووەکان شیبکەوە:

١- خەونی کورد ئازادییە.

٢- ساڤا دەبێت بە ژمێریار.

٣- ئاووهەوای کوردستان پاکە.

٤- خەڵاتەکە بۆ ئەو بوو.

٥- ئەوان پاڵەوانن.

## ڕاهێنان ٤

وەڵامی ڕاست هەڵبژێرە:

١- ئاهەنگەکە بەشەو بوو.

ئـ- ناوە
ب- هاوەڵناوە
پ- هاوەڵکارە
ت- جێناوە

٢- (ساز دەبێت بە ئەندازیار)، ئەرکی (ساز) چییە؟

ئـ- بکەرە
ب- تەواوکەری بە یاریدەیە
پ- بەرکارە
ت- نیهادە

٣- کاری ناتەواو بە چەند جۆر وشە تەواو دەکرێت؟

ئـ- یەک
ب- سێ
پ- پێنج
ت- چوار

٤- (دیارییەکە بۆ هێمن بوو)، ئەرکی (هێمن) چییە؟

ئـ- تەواوکەری بەیاریدەی کاری ناتەواوە
ب- نیهادە
پ- تەواوکەری کاری ناتەواوە
ت- بەرکارە

٥- (پێشمەرگەکان ئازان)، کام لەمانە کاری ڕستەکەیە.

ئـ- ئازان
ب- دەرنەکەوتووە
پ- ئازا
ت- ن



# وەرزی یەکەم

١

# بەشی ئەدەب

## پێناسەی ئـەدەب

لەگـەڵ دروسـتبوونی یەکـەم کۆمەڵـە مـرۆڤ لەسـەر ڕوی زەوی، مـرۆڤ هەوڵیـداوە لـە قسـەکردندا هونـەر بنوێنێت، جیـاوازی لـە نێـوان شـێوازی قسـەکردنی مرۆڤەکانـدا هەبـووە؛ هەندێکیان لـە هەندێکیـان زمانپاراوتـر و قسەخۆشـتر بوونـە، قسـەکانیان پوخـت و چەشـەدار بـووە، ئەمـەش ئەدەبـە.

**ئـەدەب:** دەربڕینی ناخـە بەهـۆی وشـەی جـوان و ناسـک و کاریگـەر و بارگاویکـراو بـە سـۆز و خـەیاڵ، بـە شـێوە زمانێکـی جـوان دەردەبڕدرێت. لـە فۆرمـی جیـاوازی وەک شـیعر، چیـرۆک، حەکایـەت، پەنـد، مەتـەڵ ...هتـد تۆماردەکرێـت، یـان بـە سـەرزارەکی لەنـاو خەڵکدا بڵاودەبێتـەوە.

ئەدەب زۆر پێناسەی هەیە، یەکێ لەو پێناسانە ئەمەی خوارەوەیە:

- ئـەدەب ئـەو پارچـە ئاخاوتنەیـە، زارەکـی بـێ، یـان نوسـراو، مەبەسـت لێـی سەرنجڕاکێشـانی خەڵکییـە بـۆ ئـەو بـاس و بابەتـە جوانانـەی، بـۆ ژیانـی ڕۆژانـە سـودی لێوەردەگـرن.

واتـە: دەشـێ نەنوسـرابێتەوە، وەکـو هەقایەتێکـی سـەر زاری، یـان نوکتەیەکـی سـەرزاری، یـان پەندێکـی پێشـینان، کـە بەسـەر زارەوەیـە، وەک ئـەم نمونەیـە:

ئەوەی نەخوێندەوار بێ، کوێرە.

ئـەم ڕسـتەیە، پارچەیـەک ئەدەبـی سـەرزارییە، پەنـد و قسـەیەکی جوانـی پێشـینانە، بـۆ دەڵـێ: ئـەوەی نەخوێنـدەوار بێ کوێرە، چونکـە دەزانـێ ئـەوەی نەخوێنـدەوار بێ، لـەو هەمـوو کتێـب و نوسـراوانەی هەیـە، لـە هیچیـان نـاگات، نازانـێ ئـەو نوسـینانە، سـودی پێدەگەیەنـن، یـان زیـان؟

کەوابێ چۆن کەسێک نابینا بێ، پێش خۆی نەبینێ، وەکو بەرێدا دەڕوات و نازانێ ڕێگەکە بۆ کوێی دەبات، بەهەمان شێوە ئەو کەسەش (کە نەخوێندەوارە)، نازانێ ئەو کتێبە چی فێردەکات و بۆ چ ئاستێکی ڕۆشنبیری دەبات، بۆیە ئەویش وەکو پیاوە کوێرەکەی لێ دێ.
هەروەها لە دەقی نوسراویشدا، لە (شیعر یان چیرۆک یان ڕۆمان و... هتد)، هاتووە:

**سامی عەودال**

نوسیویەتی:

وا چەتری هەڵدا گوڵی هەناران
وەرنە تەماشای فەسڵی بەهاران

دەبینین لەم دێرە شیعرەدا شاعیر باس لە دەرکردنی چرۆ و گوڵی دار هەنارەکان دەکات، کە لەگەڵ دارەکانی تریش لە هەمان کاتدا، چرۆ دەکەن و گوڵ دەگرن، ئەمەش نیشانەی هاتنی بەهار و کۆتایی زستانە، جا شاعیر دەیەوێ بڵێ: وەرزەکە زۆر خۆشە وەرن لەزەت لەو سروشتە وەربگرن، کە خودا بە وڵاتەکەمانی بەخشیوە و دەشت و دەر و کێو و دۆڵی بە فەرشی سەوزی بەهار ڕازاندۆتەوە.

بۆ لەبەرکردنە

## چالاکی

١- ئەدەب چییە؟
٢- بۆچی دەبێ ئەدەب سودی هەبێ؟ سودی ئەدەب چییە؟
٣- حەز بە شیعر یان چیرۆک دەکەی؟ بۆ؟
٤- ئایا هیچ دیوانێکی شیعر یان چیرۆکت خوێندووەتەوە؟
٥- ئایا هیچ دەقێکی ئەدەبیت لەبەرە؟ (ئەگەر دەقێکی ئەدەبیت لەبەرە بۆ مامۆستا و هاوڕێکانتی بڵێ).

## سەرچاوەکانی ئەدەب

ئەدەبی هەر میللەتێک چەند سەرچاوەیەکی هەیە، بابەتەکانی خۆی لەو سەرچاوانە وەردەگرێت، سەرچاوەکانی ئەدەبی کوردیش ئەمانەی خوارەوەن:

١- ئاین.

٢- سروشت.

٣- مێژو.

٤- کەتوار (واقیع).

٥- ئەدەبیاتی سەرزاری.

لێرەدا ئەم سەرچاوانە ڕوندەکەینەوە:

### ١- ئاین

زۆرینەی نەتەوەکانی سەر ڕوی زەوی، ئاینی تایبەتی خۆیان هەیە، بیرۆکەکانی خۆی لەو ئاینە وەردەگرێت، ئەدەبی کوردیش زۆرێک لە بەرهەمەکانی بە سود وەرگرتن لەم سەرچاوەیە نوسیوە، بۆ نمونە:

لە هەقایەت و پەندی پێشینان ئەم نمونانە زۆرن، بۆ نمونە:

- درۆ دوژمنی خودایە.. ئەمە قسەی نەستەقە، سەرچاوەکەی ئاینە، ئایین دەڵێ: خودا درۆ قەبوڵ ناکات. مرۆڤ بەو شێوەیە ئەم چەمکە ئایینیەی کردووەتە قسەیەکی نەستەقی جوان.

لە شیعر و چیرۆک و ڕۆمانیشدا ئەم نمونانە زۆرن، بۆ نمونە:

**خانی**

دەڵێ:

سەر نامەیی نامە نامێ ئەڵڵا
بێ نامێ وی ناتەمامە وەڵڵا

وەک دیارە، سەرچاوەی ئەم شیعرە ئاینە و شاعیر بیرۆکەی دێرە شیعرەکەی لە فەرمودەیەکی پێغەمبەر (د.خ) وەرگرتووە کە ڕێنماییمان دەکا بەر لەوەی دەست بە هەر کارێک بکەین، ناوی خوای لێ بێنین.

بۆ لەبەرکردنە

## ٢- سروشت

ئەو سروشتە جوانەی خودا بە هەر وڵاتێکی داوە، سەرچاوەیەکی دیکەی گرنگی ئەدەبی نەتەوەکانە، لە شیعر و چیرۆک و هەقایەت و بەرهەمە ئەدەبییەکانی تر ڕەنگیداوەتەوە، بۆ نمونە:

**پیرەمێرد**

دەنوسێت:

کە دەڵێن ئەمڕۆ دەشت و کێو شینە
چەندە مەڵبەندی ئێمە شیرینە
بچۆ سەر گردی یارە ببینە
لە جیهاندا گوڵێکی ڕەنگینە

ئەم شیعرەی پیرەمێردی شاعیر سەرچاوەکەی سروشتی جوانی کوردستانە، گردی یارە، گردی مامە یارەیە، دەکەوێتە ناو شاری سلێمانی، شاعیر دەڵێ: کە دەشت و کێو شین هەڵگەڕان، واتە: بەهار هات، وەرە بڕۆ سەر گردی یارە و تەماشای سروشتی جوانی کوردستان بکە، ئینجا دەزانی کوردستان وڵاتێکی چەندە جوانە.

بۆ لەبەرکردنە

هەروەها:

**گـۆران**

دەنوسێ:

کۆمەڵە شاخێك سەخت و گەردن کەش
ئاسمانی شینی گرتۆتە باوەش

گۆران وەها وێنەی شاخەکانی کوردستان و ئاسمانی کوردستان دەکا، دەڵێ: شاخەکان وەکو باوەشی دایکێکن کە ئاسمانی وەکو منداڵی خۆی لە باوەش گرتبێ!
سەرچاوەی ئەم شیعرەش بێگومان سروشتی شاخاوی کوردستانە، کە زۆر جوانە و شاعیرانی زۆرمان شیعریان بۆ نوسیوە.

بۆلەبەرکردنە

## ٣- مێژو

**مێژو**، یەکێکی دیکەیە لەو سەرچاوانەی شاعیر و نوسەران بۆ بەرهەمە ئەدەبییەکان سودی لێ وەردەگرن، لە ئەدەبی کوردیدا گەلێ دەقمان هەیە سەرچاوەکەی مێژوە بۆ نمونە (قەڵای دمدم) ڕوداوێکی مێژوییە لە سەردەمی (خانی لەپزێڕین) ڕویداوە و لەناو ئەدەبی کوردیشدا بەشێوەی جیاواز و لەلایەن چەند نوسەرێک دەقی ئەدەبی لێ بەرهەم هێنراوە، لەوانە (عەرەبی شەمۆ) ڕۆمانی (قەڵای دمدم)ی نوسیوە، هەروەها (مستەفا ساڵح کەریم) لە ساڵی (١٩٦٠ز) چیرۆکێکی بە ناونیشانی (شەهیدانی قەڵای دمدم) نوسیوە، ئەمە وێڕای هەبوونی چەندین گێڕانەوەی زارەکی ئەدەبی لەبارەی ئەم ڕوداوە مێژوییە.

## ٤- کەتوار (واقیع)

کەتوار دەوروبەری ڕاستەقینە و هەستپێکراو دەگرێتەوە، کە بەسەرهات و ڕوداوی ڕۆژانەی تێدا ڕودەدات. زۆر جار ئەو ڕوداوانە پەند و وانەی تایبەتییان لێ وەردەگیرێت، هەندێک جاریش نوسەر ئەمە دەکات بە سەرچاوەی ئیلهامی ئەدەبی.

بۆ نمونە :

بەختیار زێوەر

دەڵێت:

گوڵێك شیرینتر لە خونچەی بەهار
ناسکتر جوانتر لە شەوبۆی نازدار
گەشتر لە دیدەی وەنەوشەی نزار
گوڵێکە ناوی گوڵی سەربەستی
مەردە ئەو گەلەی بگاتە دەستی

لێرەدا شاعیر دەرسی لە واقیع وەرگرتووە، چونکە بینیویەتی ئەو میللەتانەی سەربەست و ئازادن و دەوڵەتی خۆیان هەیە، ئەوان دڵخۆش و ئاسودەن، بۆیە گوتویەتی لە هەموو گوڵان جوانتر گوڵی سەربەستییە، واتە ئازادی و سەربەستی بۆ میللەتان زۆر پێویستە و دەبێ میللەتان بۆ وەدەستهێنانیان تێبکۆشن.

بۆ لەبەرکردنە

## ٥- ئەدەبیاتی سەرزاری

هەقایەت و پەندی پێشینان و ئەفسانە و قسەی نەستەق... هتد، دەگرێتەوە، هەموو ئەمانەش دەبنە سەرچاوەیەکی دیکە بۆ ئەدەبی نوسراوی کوردیمان. بۆ نمونە:

### هێمنی موکریانی

دەڵێت:

(چڵکی دەستەماڵی دونیا) وەك دەڵێن
ماڵپەرست پەیمانشکێنە و بێ بەڵێن

(چڵکی دەستە ماڵی دونیا) قسەی نەستەقە، شاعیر کردویەتی بە سەرچاوەیەک بۆ شیعرەکەی خۆی.

بۆ لەبەرکردنە

### سوارەی ئیلخانی زادە

دەڵێت:

نەزیلەی باپیران وایە
شەو بۆ مێران وەك قەڵایە

نیوە دێری دووەم (شەو بۆ مێران وەک قەڵایە)، قسەی نەستەقی باپیرانە، شاعیر کردوویەتی بە سەرچاوە بۆ شیعرەکەی خۆی.

بۆ لەبەرکردنە

## چالاکی

وانەی داهاتوو قوتابی وەڵامی ئەم پرسیارانە ئامادەدەکات و لە پۆلدا گفتوگۆی لەبارەوە دەکرێت:

١. سەرچاوەکانی ئەدەبی کوردی بژمێرە.

٢. نمونەیەکی ئەدەبی بێنەوە، ئاینی کردبێتە سەرچاوە.

٣. نمونەیەکی ئەدەبی بێنەوە، سروشتی کردبێتە سەرچاوە.

٤. نمونەیەکی ئەدەبی بێنەوە، مێژوی کردبێتە سەرچاوە.

٥. نمونەیەکی ئەدەبی بێنەوە، کەتواری کردبێتە سەرچاوە.

٦. نمونەیەکی ئەدەبی بێنەوە، ئەدەبیاتی سەرزاری کردبێتە سەرچاوە.



## ئەدەبیاتناسی

واتە زانستی ئەدەب، (لێکۆڵینەوەی ئەدەبی)شی پێدەگوترێت. گرنگترین بابەتەکانی بریتین لەم سێیانەی خوارەوە:

١ـ مێژوی ئەدەب .

٢ـ تیۆری ئەدەب.

٣ـ رەخنەی ئەدەبی.

ئەمانەش هەموویان بۆ ئەوەن، کە لە ڕوانگەی جیاوازەوە لە بەرهەمە ئەدەبییەکانی وەک، (شیعر و چیرۆک و ڕۆمان و ...هتد) بکۆڵدرێتەوە، چونکە کاری ئەدەبیاتناسی بریتییە لە: شیکردنەوە و هەڵسەنگاندن و نرخاندنی بەرهەمە ئەدەبییەکان و دەستنیشانکردنی قۆناغ و یاساکانی نوسینی ئەو بەرهەمە ئەدەبییانە.

### ١- مێژوی ئەدەب

مەبەست لە مێژوی ئەدەب ئەو لقەی لێکۆڵینەوەی ئەدەبە، لە مێژوی نوسینی شیعر و چیرۆک و بەرهەمە ئەدەبییەکانی دیکە دەکۆڵێتەوە، بۆ ئەوەی بزانرێ، بۆ نمونە لە کاتی کارەساتی کیمیابارانی هەڵەبجە، شاعیر و نوسەران چییان بۆ ئەو کارەساتە نوسیوە؟

لە ئەدەبی کوردیدا چەند سەرچاوەمان هەیە، لە بواری (مێژوی ئەدەب) نوسراون، لەوانە:

١. کتێبی (ئەنجومەنی ئەدیبانی کورد)، لە ساڵی ١٩٢١ز. لە ئەستەنبوڵ چاپکراوە، نوسەرەکەی (ئەمین فەیزی بەگ)ە.

٢. کتێبی (گوڵدەستەی شوعەرای هاوچەرخم)، لە ساڵی ١٩٣٩ز. لە شاری سلێمانی چاپکراوە، ئەمەش هی نوسەر (عەلی کەمال باپیرئاغا)یە.

٣. کتێبی (مێژوی ئەدەبی کوردی) نوسەرەکەی (عەلائەدین سەجادی)یە.

٤. (مێژوی ئەدەبی کوردی)ی (دکتۆر مارف خەزنەدار) کە بە تێروتەسەلترین کتێبی مێژویی دادەنرێ لەبارەی ئەدەبی کوردییەوە.

هەموو ئەو کتێبانە و چەندینی دیکەش، کورتەیەک لە ژیانی هەندێ شاعیری ناوداری کورد و هەندێ لە شیعرەکانیان تۆمارکردوون.

## ٢- تیۆری ئەدەب

**تیۆری ئـەدەب:** بریتییـە لـە دەستنیشـانکردنی کـرۆک و پێکهاتـەی ئـەدەب و وەڵامـی چییەتـی ئـەدەب دەداتـەوە.

پرسـیار ئەوەیـە ئایـا کرۆکـی ئـەدەب لـە چـی پێکهاتـووە؟ بـۆ وەڵامدانـەوەی ئـەو پرسـیارە، تیۆرداڕێژ و ڕەخنەگران بۆچوونی جیاوازییان هەیە، هەیانە زمان بە کرۆکی ئەدەب دەزانێ و هەشـیانە خەیـاڵ، کەتـوار، ئیلهـام، لاسـاییکردنەوە..هتد

هەروەها کاری تیۆری ئەدەب ئەوەیە ڕەچەڵەک و سروشت و ئەرکی ئـەدەب دیاربکا، لەگەڵ ئەو پەیامەی هـەر دەقێکی ئەدەبی دەیـەوێ بیگەیەنێتە خوێنەر.

ڕەچەڵـەک و کرۆکـی ئـەدەب زمانـە، چونکـە هیـچ دەقێکـی ئەدەبیمـان نییـە، بێ زمـان دروسـت بووبێ، بەڵام جۆرە زمانێک کە شاعیر یان نوسـەر مامەڵەیەکی دیاریکراو و جیاوازی لەگەڵ دەکا. بێگومـان ئـەوە مانـای ئـەوە نییـە، کـە کەتـوار و خەیـاڵ و شـێواز لـە ئەدەبدا گرنـگ نیـن، بـەڵام زمان لەمانـە لـە هەموویان گرنگترە.

هەروەهـا تیـۆری ئـەدەب کاری ئەوەیـە کـە ئەرکـی ئـەدەب دیاربـکا، کـە لـە قۆناغێکـەوە بـۆ قۆناغێکـی دیکـە دەگـۆڕێ، بـۆ نمونـە لـە ئەدەبیاتـی زاری (گـۆران)دا ئەرکـی ئـەدەب ئەرکێکـی ئاینـی بـووە و زۆربـەی دەقـەکان دەقی ئاینین. دواتر دەگەینە ئەدەبیاتی کلاسـیک ئەرکی ئـەدەب دەبێتـە دوو بـەش، بەشـێکیان ئاینییـە و لەنـاو ئاینیشـدا لایەنـی تەسـەوف زۆر زاڵـە، ئـەوەی دیکەشـیان پرسـی غـەزەل و دەرخسـتنی جوانییەکانـی ئافرەتـە. دوای ئەمـە ئەدەبیاتـی نوێـی کـوردی دێ، کـە ئەرکـی شـیعر لـە سـەرەتادا ڕووبەڕووبوونـەوەی دەرەبەگایەتییـە و دواتـر دەبێتـە ڕووبەڕوبونـەوەی دەسـەڵاتە یـەک لـەدوای یەکـە داگیرکـەرەکان و پرسـی نیشـتیمانپەروەری و خۆشویسـتنی نیشـتیمان.

بۆ نموونە :

عەبـدوڵڵا پەشێو

دەڵێت:

سەرمـــای گـــەلێك شـــارانم دی
بـــەڵام پەنجـــەم لەگـــۆ نەچـــوون
چـــونکە سـەرمای هــەموو جێیـەك
تیشکێتك ڕۆژی نیشتمانی منی تیایە

بـە هەمـان شـێوەی گـۆرانی ئەرکی ئـەدەب، بابەتەکانی ئەدەبیش دەگـۆڕێن و ئێسـتا ئەدەبی هاوچەرخ باسی پرسی ژینگە و پاراستنی ئاو و پاکوخاوێنی و مافی ژن و مافی منداڵ...هتد دەکات، و لـە تـوێی تێکسـتە ئەدەبییەکەدا شـوێنی دەکاتـەوە.

بۆ لەبەرکردنە



## ٣- ڕەخنەی ئەدەبی

مەبەست لە ڕەخنەی ئەدەبی، پڕۆسەی هەڵسەنگاندن و شیکاری بەرهەمە ئەدەبییەکانە، ئەوانەی بە شیعر نوسراون، یان ئەوانەی وەکو پەخشان نوسراون، وەکو: چیرۆک و ڕۆمان و ... هتد.

بۆ نمونە:

(گۆران)ی شاعیر

دەڵێت:

جـۆگەی ئـاوەکان تیایـا قەتیـس مـاو
هـەر ئـەڕۆن ناکـەن پێچی شـاخ تەواو

کاتێک ڕەخنەگرێک ئەو بەیتە شیدەکاتەوە، دەڵێ:

١ ئـەم دێـرە بـە دوو وشـەی (مـاو) و (تـەواو) کۆتایـی هاتـووە، بـەوەش (سـەروا)یەکی جـوان بـۆ دێرەکـە دروسـتبووە.

٢ هەر نیوە دێرێکی ئەم دێرە لە (١٠) برگە پێکهاتووە، کەواتە (کێش)ی بەیتەکە تەواوە.

| ١ | ٢ | ٣ | ٤ | ٥ | ٦ | ٧ | ٨ | ٩ | ١٠ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| جۆ | گەی | ئا | وە | کان | تیا | یا | قە | تیس | ماو |
| هەر | ئە | ڕۆن | نا | کەن | پێ | چی | شاخ | تە | واو |

٣ دێرەکە وێنەیەکی جوانی سروشتی بۆمان کێشاوە.

بە هەموو ئـەو تایبەتمەندییانـە، ئـەم دێـرە شـیعرە دێرێکـی سـەرکەوتووە، چێژبەخشـە، یەکێکـە لـە دێـرە جوانەکانـی شـیعری کـوردی و شـاعیری کـورد (گـۆران).

بـەم شـێوەیە ڕەخنەگر ئـەم دێـرە شـیعرەی هەڵسـەنگاند و لـە کۆتاییدا بڕیاریدا، کـە: ئـەم دێـرە شـیعرە دێرێکـی سـەرکەوتووە. ئـەوەش (ڕەخنـەی ئەدەبی)یـە.

لە نمونەیەکی دیکەدا کە هی شاعیرێکی سەر بە ئەدەبیاتی (گۆران)ـە و هی (بابا سەرهەنگی دەودانی)یە:

## بابا سەرهەنگی دەودانی

دەڵێت:

سەرهەنگی دەودان، سەرهەنگی دەودان
ئەز کە نامان، سەرهەنگی دەودان
چەنی ئێرمانان، مەگێلم هەردان
مەکۆشم پەرێ، ئایینی کوردان

ڕەخنەگر لەم دەقە وردەبێتەوە، دەتوانێ لە ڕوی ڕەخنەوە ئەمەی لەبارەوە بڵێ:

- لە هەر نیوە دێرێکی ئەم شیعرە لە دە برگە پێکهاتووە کە (٥+٥) دابەشبووە.
- لە شیعرەکەدا و بەتایبەتی لە دێری یەکەمدا دووبارەبونەوە هەیە و ئەمەش تایبەتمەندییەکی دیاری ئەدەبیاتی گۆرانە، کە زۆربەی کات لە دەقەکەندا ئەم دووبارەبونەوەیە هەیە.
- سەروا لە هەر چوار وشەی (دەودان، دەودان، هەردان، کوردان) دایە و بە کێش و سەرواکە مۆسیقایەکی خۆش بۆ دەقەکە دروستکراوە.

| ١ | ٢ | ٣ | ٤ | ٥ | ٦ | ٧ | ٨ | ٩ | ١٠ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| سەر | هەن | گی | دەو | دان | سەر | هەن | گی | دەو | دان |
| ئەز | کە | نا | م | مان | سەر | هەن | گی | دەو | دان |
| چە | نی | ئێر | ما | نان | مە | گێ | لم | هەر | دان |
| مە | کۆ | شم | پە | ڕێ | ئا | یی | نی | کور | دان |

**دەبینین:** بەم شێوەیە ڕەخنەگر ئەم دێرە شیعرەشی هەڵسەنگاندووە، لە کۆتاییدا بڕیاری دا، کە: ئەم دێرە شیعرەش، دێڕێکی سەرکەوتووە. ئەوەش (ڕەخنەی ئەدەبی)یە.

## چالاکی

١. مەبەست لە ئەدەبیاتناسی چییە؟

٢. ئەدەبیاتناسی لە چی پێکدێت؟


٣. مێژوی ئەدەب چییە؟

٤. تیۆری ئەدەب چییە؟

٥. ڕەخنەی ئەدەبی چییە؟



# ٢ نمونەی ئەدەب



## بێکەس
## (١٩٠٥-١٩٤٨ز)

ناوی (فایەق عەبدوڵڵا بەگ)ە، نـاسـنـاوی (بێکەس)ی بۆ خۆی هەڵبژاردووە و لەناو خەڵک هتەر بەو ناوە ناسراوە. (بێکەس) لە ساڵی (١٩٠٥ز) لە گوندی (سیتەک)، کە دەکەوێتە باکوری ڕۆژهەڵاتی سلێمانی لەدایکبووە. لە منداڵییەوە لە حوجرەی فەقێیان خوێندوویەتی. بێکەس شاعیرێکی کوردپەروەر و وڵاتپارێز و خۆنەویست و چاونەترس و ئازا بووە، چەند جار لەبەر چالاکیی سیاسی گیراوە و لە کار دەرکراوە، بەشداری لە ڕاپەرینەکەی (٦)ی ئەیلولی (١٩٣٠ز) بەر دەرکی سەرا لە سلێمانی کردووە و تیایدا بریندار بووە، لە بزاڤە سیاسییەکانی ئەو کاتە، وەک بزاڤی (ژ.ک) پاشان لە (پارتی دیموکراتی کوردستان) نزیکبووە. شیعرەکانی بۆ خزمەتکردنی گەل و نیشتیمانەکەی تەرخانکردووە، جگە لەوە بابەتی کۆمەڵایەتیی پانتاییەکی فراوانی شیعرەکانی داگیرکردووە.

لە ڕۆژی ١٩٤٨/١٢/١٨ز لە هەڵەبجە کۆچیدواییکرد و لە گۆڕستانی گردی سەیوان لە سلێمانی بە خاک سپێرراوە.

---

تابلۆ: هونەرمەند ڕێبوار خالد

ئەم شاعیرە کۆمەڵێک سرودی جوان و بەپێزی هەیە، لەوانە:

1. خوایە وەتەن ئاواکەی
2. شاخی ڕەنگاوڕەنگی گۆیژە
3. ئەی دلێران بێچووە شێران و... گەلێکی تر.

نمونەیەک لە شیعری بێکەس:

## ئەی دلێران

١

ئەی دلێران، بێچووە شێران
بەسیە هەڵسن لە خەو وا بەیانە
بۆ بەرزی قەومی کورد
تێکۆشن دەستوبرد
چاوی لێتانە دایکی وەتەن

٢

عالەم ئەمڕۆ هەر خەریکە
هەوڵئەدا بۆ بەرزی ژیانی
یەکگرن، پێشکەون
ڕاپەڕن، سەرکەون
چاوی لێتانە دایکی وەتەن


٣

مەکتەبە دەرمانی ئێمە
خوێندنە ڕەهبەری ڕزگاری
هەڵسن ئەی لاوی کورد
تێکۆشن دەست و برد
چاوی لێتانە دایکی وەتەن

٤

چارەسازان کاربەدەستان
بۆچی واماتوی دەنگ و دوورن
ئۆباڵی قەومی کورد
لە ئەستۆی ئێوەیە
چاوی لێتانە دایکی وەتەن

(کۆپلەی یەکەم و دووەم بۆ لەبەرکردنە)



# دڵدار
# (١٩١٨ – ١٩٤٨ز)

ناوی (یونسی مەلا ڕەئوف)ە، لە ٢٠ی شوباتی ساڵی (١٩١٨ز) لە کۆیە لە دایکبووە. بۆ یەکەم جار لە ڕانیە دەچێتە قوتابخانە و لە خوێندن بەردەوام دەبێت، تا لە ساڵی (١٩٤٥ز) کۆلێژی ماف لە بەغدا تەواودەکات و دەبێتە پارێزەر. دڵدار شاعیرێکی نیشتیمانپەروەر بوو، شەیدای سروشتی جوانی وڵاتەکەی بوو، هۆنراوەکانی (حاجی قادر و نالی و وەفایی و پیرەمێرد) سەرچاوەی ئیلهامی شیعری دڵدارن.

یەکەم پارچە هۆنراوەی لە ساڵی (١٩٣٥ز) لە ژمارە (٢)ی گۆڤاری (ڕوناکی) بڵاوکردووەتەوە دڵداری شاعیر خاوەنی مارشی نیشتیمانی ئەی ڕەقیبە.

دڵدار لە هۆنراوەکانیدا توانا و بەهرەیێکی زۆری پیشانداوە و خاوەنی فەلسەفەیەکی بەرزیش بووە، شەیدای بیروباوەڕی کوردایەتی بووە. هۆنراوەکانی سادە و ڕەوان و پڕ سۆزن، بەشی زۆریان بە دەوری بابەتی نیشتیمانپەروەری و کۆمەڵایەتیدا دەسوڕێنەوە. دیوانێکی چاپکراوی بە ناوی (دیوانی دڵدار)، لەگەڵ دەیان گوتاری بەنرخی ئەدەبی، سیاسی و ئابوری لەدوای خۆی بە جێهێشتووە. لە (١٩٤٨/١١/١٢ز) لە شاری هەولێر کۆچیدواییکرد.

تابلۆ: هونەرمەند ڕێبوار خالد

نمونەیەک لە هۆنراوەکانی دڵدار:

## ئەری ئەی لاو

ئەرێ ئەی لاو لە هیچ وەختێ نەکەی مەئیووسی ژینت بێ
دەبێ هەردەم عەزمدار و دەواری دەرد و برینت بێ
لە مەیدانی تەقەدومدا تەلاش ئسپی نەجاتت بێ
لغاوی ئەسپەکەت فکر و علم و ئاورینگ و زینت بێ
بەڵێ دائیم هونەرمەند بە لە مەیدانی نەبەردیدا

بە هۆی عەقڵ و هونەرمەندیت دەبێ تێشکی زەمینت بێ
لە نێو گەلدا ئەبێ ئیعلانی جەنگی کەی لەگەڵ جەهلا
عیلم چەك بێ لە ئەم جەنگە وەتەن جێگای کە مینت بێ
لە ڕێگای شان و بەرزیدا دوور ئەندێشێکی وریا بە
مەنافیع پەروەری میللەت ئەبێ ئامانجی ژینت بێ

(سێ دێر بۆ لەبەرکردن)

# دیا جوان
# (j١٩٥٣)



ناڤێ وێ (زەینەب مەلا ئوسمان عەبدولرەحمان)ە، ناسناڤێ وێ (دیا جوان)[$]ە، ل سالا (١٩٥٣ز)ێ ل گوندێ (شۆز)ێ یێ سەر ب دەڤەرا (بۆتان)ڤە ل باکورێ کوردستانێ ژ دایکبوویە، دژیێ (٥) سالییێدا ل بەر دەستێ بابێ خۆ (مەلا ئوسمانێ شۆزی) دەست ب خواندنا ئولی کرییە. بابێ وێ زانایەکێ ئۆلی و شەهرەزایی د ئەدەبا کوردیدا هەبو، وی هۆزانێن (جزیری، خانی و فەقییێ تەیران) خواندینە و هۆزانێن وان وەکو پرۆگرام و وانەیێن حوجرەیێ ددانە فەقییێن خۆ، (دیا جوان)ژی وەکو قوتابییا حوجرەیێ ئەڤ وانە خواندینە و بوینە هێڤێنێ حەزا وێ یا نڤیسینێ و ڤەهاندنا هۆزانێ.

پشتی ژیانا هەڤژینییێ دگەل پسمامێ خۆ ل (قامشلۆ) یا ڕۆژئاڤایێ کوردستانێ پێکئینای و پاشی چووینە (شامێ) و هەر ل وێرێ ل سالا (١٩٧٧ز)ێ، دەست ب نڤیسینا هۆزانێ کرییە، ل سالا (١٩٨٢ز)ێ ئێکەم هۆزانا خۆ ل گوڤارا (بەربانگ)، کو وی دەمی ل وەلاتێ سوێد دەردکەڤت، بەلاڤکرییە. ئەڤە بوویە دەستپێکا بەرنیاسبوونا وێ د بوارێ نڤیسین و هۆزانێدا.

هەروەسا ژبەر چالاکی و نڤیسینێن وێ گەلەک جاران ژ لایێ ڕژێما سورییێڤە هاتییەگرتن و ئەشکەنجەدان و بەرهەمێن وێ ژی ژناڤبرینە، تا نهۆ (٤٧) خەلاتێن ئەدەبی و ڕێزلێنانێ ژ دامودەزگەهێن جودا جودا و ل چەندین وەلاتان وەرگرتینە، ئێکەم دیوانا خۆ یا هۆزانێ ب ناڤێ (پێلەک ژ دەریایا کۆڤانێن من) ل سالا (١٩٩٢ز)ێ ل شامێ، کو ب نهێنی هاتبوچاپکرن، بەلاڤکرییە.

---

$: (دیا جوان) واتە (دەیکا جوانی)، (جوان) ناڤێ کورێ وێ یێ مەزنە.

ژلایـێ ناڤەرۆکێڤـە پتریا هۆزانێـن وێ گرێـدای  بابەتێـن نەتەوەیـی و نیشـتیمانپەروەرییێنە. هەرووەسا هـۆزان د بـوارێ (مرۆڤایەتـی و چڤاکـی، مشـەختبوون ...هتد)ژێدا هەنـە، دبوارێـن جوداییێـن ئەدەبیـدا (١٤) بەرهەمێـن چاپکـری هەنـە و هندەکژی بـۆ سـەر زمانێـن (عەرەبـی و تورکـی و ڕوسـی) هاتینەوەرگێـڕان، ئەڤـەژی هندەکـن ژ بەرهەمێـن وێ :-

1. کەنیێ رەش - (کومەکا چیرۆکان)ە.
2. جارەک ژ جاران - (کومەکا چیرۆکان)ە.
3. گۆتنێن ل بەر مرنێ - (فەرهەنگۆک)ە.
4. باران - (دیوانا هۆزانا)یە.
5. فرمێسکێن ئازادیێ - (ژ (٦) دیوانێن هۆزانان پێکهاتییە).

هۆزانڤانا کوردپەروەر  تا نهۆ د ژیانێدا مایە و ل باژێرێ ( دهۆک)ێ  ئاکنجییە.

نمونەیەک ژ هۆزانێن (دیا جوان):

بۆ دایکێـن ئەنفالکرییان

ئـــــــــەرێ دایـــــــــــــــێ
ڕۆندکێـن گـەرم هنارکێـن ڕویـێ تـە کۆلانـە
تێلێـن زیڤیـن خـوە ل کەزییێـن تـە بادانـە
تـــە ژبیرکرییـە؟ یـــــــان ژبیردکـی!
ئـەڤ چەنـد سـال و چەنـد زەمانـە

هەردوو سەری ژ سەر بالگەهەکی ژ هەڤ جودانە
هیـن چاڤێـن تـە ژ ڕێڤەگـەرێ نەوەسـتهانە
هیـن تـۆ دبێـژی زارۆکێـن خـوە خەما نەخـون
هێـــڤـــــــــــــی خـــــــــــــتوەدێ
ئێـــــــــــــرۆ ســــــــــــــتبێ

باقێ هەتەوە ل مە مێهڤانە
بەلێ دایێ ژبیرنەکە
بەرفا گڕان هەروهەر بارێ چییانە
ئەرێ دایێ ژبیرنەکە
چەمێن مەزن هەر و هەر بارێ دەریانە

ئەرێ دایێ ژبیر نەکە
زێڕ و نە زێڕ
ب ئاگر ئەو ژ هەڤ خۆیانە

(هەتا (باقێ هەوە ل مە مێهڤانە) بۆ ژبەرکرنێیە)

## ڕاڤەکرنا پەیڤان

| پەیڤ | واتا |
|---|---|
| هێڤێن | هەوێن |
| ڤەهاندن | هونینەوە |
| کەن | کەنی، پێکەنین |
| زیڤین | زیو، زیوین |
| بادان | پێچانەوە |
| سەر بالگەهەکی | لە سەر یەک سەرین، ل سەر بالیفەکی |
| ژهەڤ | لە یەک، ژهەڤدو |
| هین | تا ئێستا، هەتا نوکە |
| ڕێڤەگەر | چاوەڕوانی گەرانەوە، چاڤەڕێی ڤەگەریانێ |
| نە وەستهانە | ماندونەبونە، نە وەستیانە |
| هێڤی خوەدێ | بەتەمای خودا |
| ئیرۆ | ئەمڕۆ، ئەڤرۆ |
| سبێ | بەیانی، سپێدێ |
| باڤ | باوک، باب |
| بەرف | بەفر |
| خۆیانە | دیارن، ئاشکرانە |



# وەرزی دووەم

# بەشی ئەدەب

## ئەدەبی منداڵان

ئەدەبی منداڵان، شێوەیەکە لە شێوەکانی دەربڕینی ئەدەبی، یاسا و پڕۆگرامی تایبەت بە خۆی هەیە، جا لە ڕوی زمان، یان لە ڕوی ناوەڕۆک، یان لە ڕوی زەوق و هونەرەکانی دارشتنەوە بێ، کە دەبێ لەگەڵ چێژ و بیر و تێگەیشتنی منداڵان بگونجێت و چێژیان پێببەخشێت.

## جیاوازیی ئەدەبی منداڵان لە ئەدەبی گەوران

ئەدەبی منداڵان لە گەلێ تایبەتمەندی لە ئەدەبی گەوران جیادەبێتەوە، گرنگترینیان:

١ـ زمانی ئەدەبی منداڵان دەبێ زمانێکی ڕون و ئاسان بێ و منداڵ بەباشی تێبگات.

٢ـ نابێ هونەرە قوڵ و داهێنانە وردەکانی ڕەوانبێژی لە ئەدەبەکەدا بەکاربێ.

٣ـ دەبێ ئەو بابەتانە لەخۆبگرێ، کە تایبەتن بە جیهانی منداڵان، وەکو: زیرەکی، ڕەوشتبەرزی، خۆشەویستیی خودا، خۆشەویستیی زانست و خوێندنەوە، گرنگیدان بە تەندروستی، وەرزش... هتد.

٤ـ دەبێ شیعر و چیرۆکەکانی منداڵان کورت بن و درێژ نەبن، هەتا منداڵ بە ئاسانی بتوانێ بیانخوێنێتەوە.

٥ـ دەبێ بابەتەکانی ئەدەبی منداڵان لەگەڵ زەوق و دونیابینیی منداڵ یەک بێت و خۆشی بداتە منداڵ.

## مێژووی ئەدەبی منداڵان

هەر لە زووەوە ئەدەبی منداڵان لە هەقایەتە سەرزارییەکان هەبووە، هەندێک هەقایەت بابەتی تایبەت بە منداڵانیان لەخۆگرتووە، بۆ نمونە هەقایەتی:



مەلەوانە درۆزنەکە، کە باسی مەلەوانێکی درۆزنی دەکرد.

جاری یەکەم هاواری کرد، گوتی: خنکام، خەڵک بە هانایەوە چوون، بەڵام کاتێک نزیکبوونەوە، مەلەوانەکە لە قاقای پێکەنینی دا و گوتی: بە ڕاستم نەبوو، بۆ ئەوەم بوو گاڵتەتان پێبکەم!

جاری دووەم، مەلەوانە درۆزنەکە، پاش چەند ڕۆژێکی دیکە، هاواری کرد: بە فریامکەون خنکام! بەڵام ئەو جارە کەس بە هانایەوە نەچوو، گوتیان: وەکو جارەکەی دیکە ڕاست ناکات، کەچی ئەوجارە بەڕاستی خەریکبوو دەخنکا، ئیدی کەس بە هانایەوە نەچوو، خنکا!

ئەم هەقایەتە، بۆ ئەوە بوو، منداڵان لەسەر ڕاستگۆیی پەروەردەبکات و لە مێشکیان بچەسپێنێ، کە درۆکردن خوێکی خراپ و ناپەسندە، منداڵ نابێ درۆ بکات.

## جۆرە ئەدەبییەکانی ئەدەبی منداڵان

ئەدەبی منداڵان ئەم جۆرانەی خوارەوەی هەیە:

١ـ هەقایەتی منداڵان
٢ـ چیرۆکی منداڵان
٣ـ شیعری منداڵان
٤ـ ڕۆمانی منداڵان
٥ـ وتاری ئەدەبی
٦ـ نوکتە و قسەی خۆش
٧ـ مەتەڵ

لە وانەکانی داهاتوودا باسی ئەمانە دەکەین و نمونەیان بۆ دێنینەوە:

# ١ هەقایەتی منداڵان

بەسەرهاتێکی کۆنە بە شێوەی سەرزاری گەورە بۆ بچوکی گێڕاوەتەوە، بەو شێوەیە لە سەردەمە کۆنەکانەوە گەیشتووەتە ڕۆژگاری ئەمڕۆ، ئەم بەسەرهاتانە هەر یەکەیان بابەتێکی بەسود، جوان دەکەن، یان ڕەوشتێکی خراپ، ناشیرین پێشان دەدەن، واتە: دەستپاکی و دڵسۆزی و لێبووردەیی و ...هتد جوان دەکەن. دزی و درۆ و شەڕکردن... هتد ناشرین دەکەن. ئەمەی خوارەوە یەکێکە لە هەقایەتە کۆنەکان:
حوسێن حوزنی موکریانی لە گۆڤاری (زاری کرمانجی) هەقایەتێکی فۆلکلۆری بڵاوکردووەتەوە، دەڵێ: هەقایەتەکە هی ناوچەی ڕواندز و لاجانە، لەو هەقایەتەدا هاتووە:

دەڵێن جوتیارێکی وریای تێگەیشتوو، ڕۆژێک پێنج هەرمێ، کە دەستچنی خۆی بوو، لە داری کردنەوە و بردنیەوە ماڵەوە، چوار کوڕی هەبوو، لەو هەرمێیانە هەریەکەی یەکێکی دانێ، یەکێکیشی دا بە ژنەکەی، کە دایکی منداڵەکانی بوو.
بەم شێوەیە پێی دابەشکردن، گەڕایەوە سەر جوت و ئاودێری خۆی، هەتا ئێوارێ بە کار و کاسبی خۆی خەریک بوو، بانگی شێوان چووەوە ماڵێ، منداڵەکانی لە خۆ خڕکردنەوە، لێی پرسین:
- چیتان لە دانە هەرمێی خۆتان کرد؟

یەکێکیان لەپێش هەمووواندا گوتی:
- بابە گیان.. گۆشتەکەیم خوارد و دەنکەکانیشم لەنێو باخچەی خۆمان چاند و ئاویشمدان، تا زوو شینببن و ببنە داری گەورە، هەتا هەرمێیان بگرن، هەم لێیان بخۆم، هەم لێیان بفرۆشم، بەڵکو پێی دەوڵەمەند ببم.

باوکی وتی:
- ئافەرین ڕۆڵە، چاکتکرد، ئەتۆ دەبیە باخەوان و جوت بەندییەکی باش و ئازا.

دووەمینیان گوتی:
ـ بابە هەرمێکەی خۆم خوارد، دەنکەکانیم فڕێدان، لە بەشەکەی دایکیشم نیوێکم بە زۆر لێسەند و خواردم.

باوکی گوتی:
ـ ئەتۆ ڕەزیل و چاوچنۆکی.. بێجگە لە زوڵم چیدیکە ناکەی، مافی خەڵک دەخۆی.. چونکە مافی دایکی خۆت پێشێلکرد، هیچ هەویام پێت نییە.

لە کوڕی سێیەمینی پرسی، ئەویش گوتی:
ـ ئەو دەنکانەی براکەم فڕێی دابوون، هەڵم گرتنەوە و خواردون و هەرمێکەی خۆم لە بازاڕی بە دراوێک فرۆت.. لەو دراوەشم دا بە چەند سێوێکی سور و جوانی گوندی خۆمان، کە پیاوێک بە دەستیەوەی گرتبوون بۆ فرۆتنی.

باوکی گوتی:
ـ ئەمەی کە تۆ کردووتە، کاری بازرگانانە و فێری کڕین و فرۆشتن دەبی، بەڵام دەترسم کە گەورەبووی، توشی نەخۆشی و دەردی ڕەزیلی و چاوچنۆکی ببی، چونکە عادەتە پیاو هەتا دەوڵەمەند و بە دراو و ماڵ بێ، هێندە لەچەر و پیستر دەبێت! ئەگەر هەر لەسەر ئەم دەستورە بمێنن، زۆرباشە.

کوڕەکەی چوارەمین هەرکە باوکی لێی پرسی گوتی:
ـ کوڕەکەی دراوسێمان نەخۆشبوو، چونکە دەستەبرام بوو، چوومە لای، کە دیتم کەوتبوو، هەرمێکەی خۆم دایە، تا بیخوات، بەڵکو پێی چابێتەوە، ئەویش لێی وەرنەگرتم، هەندی لەبەر پاڕامەوە، وەرینەگرت و نەیویست، منیش لەسەر سەرینەکەیم دانا، کە نەبادا لە من شەرمبکا، بۆیە وەریناگرێت، کە لە لای دەرکەوتم، ئیشتیای بزوتبوو و خواردبووی، بە ئەمری خودا چاکبووەوە، کە لە دوای دوو سعات سەرم لێداوە، دیتم هاتبووەوە سەرەخۆ، گوتی: بە هەرمێکەی تۆ چا بوومەوە.

باوکی گوتی:

- ئافەرین بۆ ویژدان و پیاوەتیت، تۆ لە براکانت چاتری، چونکە لەگەڵ لێقەوماو و دەستتەنگان پیاوەتیت کردووە، کەسێک حەز لە ژیان و سەربڵندی بکات، دەبێ بۆ قازانجی دۆستان بکۆشێ و لە زاری خۆی بگرێتەوە، بە لێقەوماو و هەمسایە و کەسوکاری بدات.

## وانەکانی ئەم هەقایەتە

١- مرۆڤ هەریەکە و شتێکی بەلاوە گرنگە، لە ئایندەشدا دەبێتە ئەو شتە.

٢- ئەوەی خێر و چاکەی خەڵکانی دیکەشی وەکو خێر و چاکەی خۆی بوێ، ئەو لە هەموو ئەوانە باشترە، کە تەنیا خێر و چاکەی خۆیان دەوێت.

٣- دەبێ منداڵانمان وەها پەروەردە ببن، چ شتێکی بۆ خۆیان پێیان خۆشە، ئەوەشیان بۆ خەڵکانی دیکەش پێ خۆش بێ.



## ٢ چیرۆکی منداڵان

**چیرۆک وەکو هەقایەت وایە، بەڵام بابەتەکەی بابەتێکی نوێی سەردەمە و خاوەنی خۆی هەیە، واتە: چیرۆکنوسێک دەینوسێ، بۆ ئەوەی منداڵان لە هەڵە و کەموکوڕییەکان و پێویستییەکانی ڕۆژانە وشیاربکەنەوە و بەرەو پێشیان ببەن.**

### پەشیمانی ئەسپێک:

لە کۆنەوە ئەسپێک هەبوو، وەکو زۆربەی گیانداران لە چۆڵەوانی دەژیا...

منداڵە ئازیزەکان؛ ڕۆژێکیان بازرگانێک داوای لێکرد بچێتە لای ئەو و گالیسکەکەی بۆ ڕابکێشێ، ئەویش لە پاداشتی کارەکەیدا خواردنی چاکی بداتێ و، لە شوێنێکی شیاوی بەخۆیدا جێگەی بۆ دابین بکات، بەڵام دیارە ئەسپەکە داواکەی پەسند نەکرد.

زۆری نەبرد زستان داهات و، واش ڕێککەوت ئەو زستانە بارانێکی وا نەباری، بۆ بەهاریش گیاوگۆڵ کەم بوو، ئیتر ئەسپەکە لەبەر کەم خۆراکی هیوابڕاو بوو، بیری لەوە کردەوە کە بچێتەوە لای بازرگانەکە و، داوای لێبوردنی لێ بکات، بەڵکو کاری پێبکات.

ئەوەبوو ئەسپەکە ئەمجارەیان ڕازی بوو بەوەی گالیسکەکەی بازرگان ڕابکێشێ، بەرامبەر بەخواردنی زۆر و مانەوەی لە تەویلەیەکی گونجاودا.

یەک دوو ساڵ ئەسپەکە بەم حاڵەی ڕابوارد، بۆ ساڵی سێیەم زستانەکەی تەڕ بوو، بۆ بەهاریش گیاوگۆڵێکی یەکجار زۆر لەو دۆڵ و دەشت و بنارەدا سەوز بووبوو، ئەسپەکە دڵی کەوتە لێدان بۆ ئەوەی بەئازادی لەم دەشت و بنار شاخانە بژییێت، بەڵام هەرچەندی دەیکرد بۆی نەدەکرا لەچنگ بازرگانەکە ڕزگاری بێت...

بۆیە هەر لەو ڕۆژەوە هەموو ئەو ئەسپانەی لە چۆڵەوانی دەدین پێی دەگوتن:

«هاوڕێکانم ئەگەر بۆ تاکە ڕۆژێکیش بێت نەکەن دەستبەرداری ئازادیی خۆتان ببن، چونکە لە دنیادا هیچ شتێک هێندەی ئازادی خۆش و پیرۆز نیە»



## ٣ شیعری منداڵان

**ئەو جۆرەی ئەدەبە، کە لەسەر کێش و سەروا دەنوسرێت، واتە: دێرەکانی وەکو هی هەقایەت نییە دور و درێژ بن، بەڵکو هەر دێرەی لە چەند بڕگەیەک پێکدێ، ٥ بڕگە، یان ٦ بڕگە، یان ٧ بڕگە، یان ٨ بڕگە، یان ١٠ بڕگە، بابەتێکی بەسود لای منداڵ شیرین دەکات، یان بابەتێکی خراپ لای منداڵ ناشرین دەکات..**

بۆ نمونە:

بوکـــە بـە بارانـــێ
ئــاوی بــن دەغـلانـــێ
ســەعـاتــی جــارانـــێ
هـەیــاران و مـەیــاران
یـاخــوا داکــاتە بــاران
بـۆ فـەقـیــر و هـەژاران

◆ ئەمە شیعرێکی فۆلکلۆرییە، دوو کۆپلەیە، کۆپلەی یەکەم ژمارەی بڕگەکانی (٦) بڕگەیە، کۆپلەی دووەم ژمارەی بڕگەکانی (٧) بڕگەیە، بەم شێوەیە ژمارەی بڕگەکان دیاریدەکەین:

| ١ | ٢ | ٣ | ٤ | ٥ | ٦ | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| بوو | کە | بە | با | را | نێ | (٦) بڕگە |
| ئا | وی | بن | دەغ | لا | نێ | (٦) بڕگە |
| سە | عا | تی | جا | را | نێ | (٦) بڕگە |

| ١ | ٢ | ٣ | ٤ | ٥ | ٦ | ٧ | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| هە | یا | را | ن و | مە | یا | ران | (٧) بڕگە |
| یاخـ | وا | دا | کا | تە | با | ران | (٧) بڕگە |
| بۆ | فە | قیـ | ر و | هە | ژا | ران | (٧) بڕگە |

## چالاکی

١- هەقایەتی منداڵان چییە؟

٢- چیرۆکی منداڵان چییە؟

٣- تۆش چ هەقایەتێکی خۆش دەزانی، پێشکەشمان بکە.

٤- مەبەست لە شیعری منداڵان چییە؟

## ٤ ڕۆمانی منداڵان

چیرۆکێکی دور و درێژە، باسی بابەتی ئازایی، ژیری، یان کێشەی کۆمەڵایەتی لەخۆدەگرێت، بۆ ئەوەیە بیری مێردمنداڵان گەورە بکات، و بیرۆکەی جوان و گەورەیان پێبدات.

لە ئەدەبی کوردیدا مامۆستا عەزیزی مەلای ڕەش ڕۆمانی (بۆرە)ی بۆ منداڵان نوسیوە.



## ٥ وتاری منداڵان

ئەو وتارانەن، کە بە زمانێکی ئەدەبی ناسک و جوان، ئامۆژگاری منداڵان دەکەن، یان فێری نوسینیان دەکەن، یان لە زیانەکانی شتێکی زیانبەخش ئاگاداریان دەکەنەوە، یان بۆ شتێکی باش هانیان دەدەن.

وتار بابەتی ڕۆژنامە گەرییە، لەگەڵ پەیدابوونی ڕۆژنامەی منداڵان ئەو جۆرە بابەتە دەرفەتی بۆ ڕەخسا و بەدەرکەوت، پێشتریش لە ئەدەبی سەرزاری، دایک و باوک و مامۆستا، لە ڕێگەی هەندێک وتاری کورتەوە منداڵانیان پەروەردە کردووە و هۆشیاریان کردوونەتەوە.

وتار دەشێ ناوەڕۆکەکەی باسی ژیانی کەسایەتییەک، یان باسی سروشتی وڵات، یان باسی بابەتێکی تەندروستی بێ، یان باسی کارگەیەکی پیشەسازی بێ، یان باسی ژیانی گوندنشینی بێ، یان دەشێ هەر ناوەڕۆکێکی دیکەی هەبێ، بەڵام هەموویان بۆ ئەوەن، ڕۆشنبیریی خوێنەر فراوان بکەن.

ئەمەی خوارەوە وتارێکە لەبارەی سودی خوێندنەوە بۆ منداڵان و نەوجەوانان:



خوێندنەوە هەم بۆ گەوران و هەم بۆ منداڵانیش زۆر بەسودە، بۆیە لە هەر تەمەنێک بین، پێویستە ڕۆژانە بەرنامە بۆ خۆمان دابنێین و بخوێنینەوە. خوێندنەوە بیرکردنەوە فراواندەکات و فەرهەنگی وشە زیاددەکات و زمان پاراوتر دەکا. هەروەها توانای گفتوگۆکردن و قسەکردن بەشێوەیەکی ڕێک و ڕەوان زیاتر دەکات و وا دەکات ئەوەی دەتەوێ بیڵێی، بێ گرێ بگاتە گوێگر.

ئەوەی کتێب بخوێنێتەوە، دەرونی سەقامگیرە و باوەڕی پتر بە خۆیەتی. لە ڕێی خوێندنەوەوە دەتوانی ئاشنای ئەو کار و کردەوانە بی، کە خۆت ناتوانی ئەزمونیان بکەی، دەکرێ ئەو شوێنانە بناسی، کە بواری گەشتکردنت بۆیان نەبووە. لەمانەش گرنگتر ئەوەیە، ئەگەر زۆر بخوێنینەوە، دەتوانین بەرهەمی جوان بنوسین و خەڵکیش کەڵک لە ئەزمونی ئێمە وەربگرن.

## چالاکی

١- مەبەست لە ڕۆمانی منداڵان چییە؟

٢- مەبەست لە وتار چییە؟

٣- تۆش وتارێکی کورتمان پێشکەش بکە.

## ٦ نوکتە و قسەی خۆش

**ئەمانەش چیرۆکی زۆر کورتن، لە سەرەتادا بیرمان بۆ شتێک دەبەن، بەڵام لە کۆتاییدا بۆمان ڕوندەکەنەوە، کە مەبەستیان شتێکی ترە، پێکەنین و وانەیەکی خۆشمان پێدەبەخشن..**

بۆ نموونە:

**ماردین بە داپیرەی وت:** داپیرە تۆ دەتوانی ئەم گوێزەم بۆ بشکێنی؟

**داپیرە وتی:** نا کچم ناتوانم، هیچ ددان لە دەممدا نەماوە.

**ماردینیش گوتی:** دە کەوابێت ئەو گوێزانەم بۆ هەڵبگرە، تا لە قوتابخانە دەگەڕێمەوە، من دڵنیام هیچیان لێ نایەت.



فۆتۆ: شێرزاد ڕەسول فەقێ

**ڕاڤە**

لە سەرەتای نوکتەکە، بیرمان بۆ ئەوە چوو، کە مەبەستی ماردین ئەوەیە، داپیرەی گوێزەکانی بۆ بشکێنێ، بەڵام لە کۆتایی نوکتەکە، بۆمان دەرکەوت مەبەستی ماردین ئەوە نەبوو، بەڵکو مەبەستی ئەوە بوو، گوێزەکانی لە لای یەکێ دابنێ، نەتوانێ لێی بخوات و بە سەلامەتی بگەنەوە دەستی!

**چالاکی**

١. نوکتە چییە؟

٢. تۆش چ نوکتەیێکی خۆش دەزانی، پێشکەشمان بکە.

## ٧ مەتەڵ

**شێوەیەکە لە شێوەکانی ئەدەبی سەرزاری، پرسیار لە شتێک دەکات، کە پێشتر بۆتی وەسفکردووە، بۆ ئەوەی تاقیتبکاتەوە، کە: ئایا هۆشیار و زیرەکی یان نا؟**
**مەتەڵ لە کۆنەوە لە کوردەواریدا هەبووە و مەجلیسەکانیان پێ خۆشکردووە، شەوان دایک گەلێک مەتەڵی گوتووە، ویستوویەتی بە هۆیەوەی مێشکی منداڵەکانی فراوان بکات. لە هەمان کاتدا کاتێکی خۆشیشیان لەگەڵ بەسەربردووە.**

ئەمەی خوارەوە نمونەی چەند مەتەڵێکی کوردانە:

١ ئەمە چییە؟

کڵاوی هەمزە پاڵەوان، نە تیکی هەیە و نە دورمان!

٢

ئەمە چییە؟

گـڵـۆڵـەی بـــایــە
تـــێــم هــــەڵدایــە
قـــەت نــەبڕایــە!!

٣

ئەمە چییە؟


هــەڵدەبـەزێ ودادەبـەزێ، دەمـی هـەیـەو کـەس نـاگـەزێ؟

## چالاکی

١ـ مەتەڵ چییە؟
٢ـ تۆش ئەگەر دەتوانی مەتەڵێک بهێنە.



## ئەسیری
## (١٨٩٥ – ١٩٦٢ز)



ناوی (عەبدولخالق حوسێن نەقشبەندی)یە، ناسناوی شیعری (ئەسیری)یە. لە ساڵی (١٨٩٥ز) لە شاری کەرکوک لە گەڕەکی (ئەخی حوسێن) لەدایکبووە، هەر لەسەرەتای منداڵییەوە بۆ خوێندن چووەتە حوجرەی مزگەوت. بۆ زانست و فێربوون گەلێ شوێنی کوردستان گەڕاوە، وەک (سلێمانی، بانە، سەقز، سنە، کرماشان، هەمەدان)، لە دواییدا گەڕاوەتەوە شاری کەرکوک.

لە ماوەی خوێندنیدا فێری گەلێک زانست بووە، وەک: (ڕێزمانی عەرەبی، ڕەوانبێژی، مەنتیق، ئوسوڵی کەلام). ئیجازەی زانستیی لە مەلا (عەلی حیکمەت سیامەنسوری) وەرگرتووە.

لە هۆنراوەکانیدا داوای یارمەتی و کۆمەککردن و یەکێتی ڕیزەکانی نەتەوەی کوردی کردووە، چونکە زانیویەتی کە گەل بەبێ هاوکاری و یەکێتی لە کاروانی خەبات و تێکۆشاندا بە ئامانجە ڕەواکانی ناگات.

لە ڕێکەوتی ١٩٦٢/٦/١٨ز کۆچیدوایی کردووە و لە گۆرستانی (شێخ محیەدین) لە کەرکوک نێژراوە.

تابلۆ: هونەرمەند ڕێبوار خالد

ئەسیری شەیدای دیمەنە جوانەکانی کوردستان بووە، وێنە و نەقش و نیگاری کوردستانی ڕەنگین، وەستایانە لەناو تابلۆی هۆنراوەکانیدا دەکێشێت، وەک لەم هۆنراوەیەدا:


نمونەیەک لە هۆنراوەی (ئەسیری):

## لاوی کورد

لاوی کوردی من، لەبەرکە شاڵی زاخۆ و ئامێدی
گەر تۆ سەد چاتر لە ڕەنگی شاڵی کرمانت دەوێ
هەڵسە گەشتی چیمەن و گوڵزاری کوردستان بکە
گەر لە بۆ دەردی دەروونت داو و دەرمانت دەوێ
ڕوح و ماڵت سەرفی ڕێگەی میللەتت کە ڕوحەکەم
گەر لە خوا لوتفی عەمیم وجود و ئیحسانت دەوێ

(بۆ لەبەرکردن)

# مام هێدی
# (١٩٢٧ - ٢٠١٦ز)



شاعیرێکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە. ناوی (خالیدی حیسامی) یە. ناسناوی شیعریی (مام هێدی)یە. لە ساڵی (١٩٢٧ز) لە گوندێکی جوانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، کە گوندی (شێخاڵی)، سەر بە شارۆچکەی (بۆکان)ە، لە دایکبووە.

خوێندنی سەرەتای تەمەنی لە حوجرەی مزگەوتی گوندەکەیان بووە، لەوێ ئەلفوبێ و خوێندنەوە و نوسین و هەندێ بابەتی ئاینی فێربووە. لەساڵی (١٩٤٦ز)، کاتێک کۆماری کوردستان لە مەهاباد ڕاگەیەنرا، ئەو بۆ کوردایەتی گەنجێکی خوێنگەرم بوو، بۆیە چووە مەهاباد و بووە یەک لە دڵسۆز و خزمەتکارانی ئەم کۆمارە.

مام هێدی دیوانە شیعرێکی جوانی، بە ناونیشانی (کاروانی خەیاڵ) هەیە، هاوڕێی هەژار و هێمنی موکریانییە. هەرسێکیان دەبنە (سێکوچکەی شاعیرانی موکریان). بەشی کۆتایی تەمەنی، لە دوای ڕاپەڕینی بەهاری (١٩٩١ز) لە هەرێمی کوردستان هەولێر نیشتەجێبوو، تا کۆچی دوایکرد، لە هەولێر مایەوە.

مام هێدی، لە ڕۆژی پێنجشەمە (٢٧/١٠/٢٠١٦ز) دور لە موکریان، لە شاری هەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستان، لە تەمەنی (٨٨) ساڵیدا کۆچی دوایی کرد و لە مەراسیمێکی فراوانی جەماوەری و حکومی لە گۆڕستانی پیرمام بە خاک سپێردرا.

فۆتۆ: هاژە

مام هێدی شیعرەکانی خۆی بە زمانێکی ئاسان و ڕەوان دەنوسی، بۆ ئەوەی زۆربەی خوێندەواری کورد تێبیگات. مام هێدی لە سەرەتای دیوانەکەی، بە ناوی خودا دەست بە نوسینی شیعرەکانی دەکات، بۆ ئەوەی خێر و بەرەکەت بڕژێتە نێو نوسینەکانی و شیعرەکانی جوان و بەهێز بن.

شاعیر دەنوسێت:

سەری نامەم بە ناوی تۆ خودایە
کە بێ ناوی تۆ نامە بێ سەلایە!!

(بۆ لەبەرکردن)

زۆربەی شیعرەکانی مام هێدی، بۆ پیاهەڵدان بە پێشمەرگە و بۆ خۆشەویستی کورد و کوردستانە.

لە شیعرێکدا دەڵێت:

سڵاو پێشمەرگەی قارەمان
چاکترین ڕۆڵەی کوردستان
کوڕی نەبەزی نیشتمان
سڵاو پێشمەرگەی قارەمان

(بۆ لەبەرکردن)

مام هێدی شیعری بۆ سروشتی جوانی کوردستانیش نوسیوە.

لە شیعرێکدا دەڵێت:

حەیفە کوێستان بەو سەرە بەرزانەوە هەر تەم نەبێ
ئەو تەمە پیرۆزە سایەی لەو سەرانە کەم نەبێ
خۆ بە زێڕ نایگۆڕمەوە دەشتی وڵاتی خۆم بەڵام
من سەرم تێدا دەچێ، جێگەم ئەگەر ئەستەم نەبێ!!

(بۆ لەبەرکردن)



# دایکی سۆلاڤ (1928 ز)

ناوی تەواوی (سەبریە نووری قادر)ە، لە ساڵی (١٩٢٨ز) لە شاری سلێمانی لەدایکبووە. دەرچووی خوێندنی سەرەتایی بووە، دایکی سۆلاڤ لە ساڵی (١٩٥٦ز) دا بۆ یەکەمین جار لە ڕۆژنامەی (ژین) بابەتێکی بە ناونیشانی (ئافرەت و ژن و ماڵ) بڵاوکردەوە، کە تێیدا داکۆکیی لە سەربەستیی ژنان کردووە.

لە ساڵی (١٩٥٧ز)، هەر لە ڕۆژنامەی (ژین)، شیعرێکی بۆ لافاوە دڵتەزێنەکەی شاری سلێمانی لەو ساڵەدا بڵاوکردۆتەوە. دوای ئەوە چەند هۆنراوەیەکی تری بۆ منداڵان، هەروەها چەند بابەتێکی لەبارەی داکۆکیکردن لە ئازادی و لە مافی ژنانی کورد لە ڕۆژنامەی (ژین) و لە گۆڤاری (دەنگی مامۆستا)، بڵاوکردوونەتەوە، تا ئێستا چەند خەڵاتێکیان پێ بەخشیوە.

کۆمەڵێک بەرهەمی شیعری بڵاوکردووەتەوە، وەک (چەپکێک وەنەوشە، ئاسۆگە، بەهەشتی منداڵان، قاسپەی کەو، سرودی خۆر، زەنگی ژیان).

شیعرەکانی دایکی سۆلاڤ ئەم تایبەتمەندییانەی هەیە:

1. هەموویان بە زمانێکی ڕوون و ئاسان نوسراون.
2. زۆرجار لەسەر زمانی گیانداران نوسراون.
3. بابەت و باسەکانی زیاتر تایبەتە بە جیهانی منداڵان.

نمونەیەک لە شیعری (دایکی سۆلاڤ):

ئاسـکە بچـکۆلەی کـێوی
جـوان و سـرك و بـزێوی
شاجـوانی ئـاژەڵانی
هونەرمـەندی کـێوانی
بـازدان و هەڵـگەڕانت
ئـەڕازێنن ژیـانت

کام لوتکـەی چـیا سـەختە
بـۆ هونـەری تۆ تـەختە
ئـەی لەشـولار نەخشـینە
چـاو کەژاڵە زێـڕینە
لـە دەست ڕاوچـی و دوژمنان
وەخـتە بفـڕیت بـۆ ئاسمان

(بۆ لەبەرکردن)

## گفتوگۆ


١- ناوی تەواوی دایکی سۆلاڤ چییە؟
٢- ساڵی چەند لەدایکبووە؟
٣- لە ساڵی چەند شیعری بۆ کارەساتەکەی سلێمانی نوسیوە؟
٤- زمانی شیعری چۆن بووە؟



# وەرزی یەکەم

## عەزیز گەردی

## (١٩٤٨ – ٢٠٢٢ز)



ناوی تەواوی (عەزیز عەبدوڵڵا ئەحمەد)ە. لە ساڵی (١٩٤٨ز) لە گوندێکی خۆشی ئەم کوردستانە، کە گوندی (بەحرکە)یە لە خانەوادەیەکی جوتیار لەدایکبووە. عەزیز گەردی منداڵیی خۆی زۆر بە هەژاری بەڕێکردووە، وەکو خۆی بۆ برادەرانی خۆی گێڕاوەتەوە، ئەو کاتەی چووەتە قوتابخانە، جلوبەرگ و پێڵاوی زۆر هەژارانە بووە، ساردی و گەرمی زۆری لە ڕێی قوتابخانە چەشتووە، بەڵام بڕیاریداوە، بە هەر زەحمەتیەک بێ، خوێندن تەواوبکات، چونکە بڕوای بەوە هەبو (زانا و نەزان قەت وەکو یەک نابن)، بڕوای بەوەش هەبوو، کە کوردستان پێویستی بە زانست هەیە، بۆ ئەوەی بەرەو پێش بچێ، لە کێشە و ناڕەحەتی و پەلاماری دوژمنان ڕزگاری ببێ. گەردی درێژەی بە خوێندن دا، تا لە ساڵی دەیەمی خوێندنی، چووە (خانەی مامۆستایانی سەرەتایی)، دوای سێ ساڵ خوێندن، ئەویشی تەواوکرد، لە ساڵی (١٩٦٨ز) بووە مامۆستای سەرەتایی، بەڵام مەبەستی مامۆستا عەزیز گەورەتر بوو، ئەوە بوو پاش چەند ساڵێک مامۆستایەتی، دەیەوێ درێژە بە خوێندنی بدات، لە ساڵی خوێندنی (١٩٨٠-١٩٨١ز)دا داوای خۆی پێشکەشی بەشی فەڕەنسی کۆلێژی ئادابی زانکۆی موسڵ دەکات و لەوێ وەردەگیرێ.

تابلۆ: هونەرمەند ڕێبوار خالد

مامۆستا عەزیز گەردی لەبارەی ئەو ساڵانەی خوێندنی لە موسڵ دەڵێت: ئەو چوار ساڵەی لە زانکۆی موسڵ دەمخوێند، وەکو مامۆستا دەوامی قوتابخانەم گواستبۆوە ئێواران، بە ڕۆژ دەچوومە موسڵ دەوامی زانکۆم دەکرد، عەسر دەهاتمەوە و دەچوومە دەوامی قوتابخانە، لەوێش وەکو مامۆستا وانەی خۆم دەگوتەوە، شەوانیش تا درەنگ وانەی زانکۆم دەخوێند. بەم شێوەیە کاتم زۆر کەمبووبۆوە، دەرفەتم بۆ هاوڕێکانم نەمابوو، زۆر کەس گلەییان لێدەکردم، دەیانگوت :ئەتو لۆچی ئەوەندە خۆت ماندو دەکەی؟! بەلام من وەلامدەدانەوە: ئاخر ئەگەر مرۆڤ خۆی ماندو نەکا، دوایێ هیچی لێدەرناچێ! دوایێ زیان دەکات! سەرەنجام برادەرەکانم هەندەکیان نەبوونە هیچ و ئەوان لۆ هەتا هەتایێ ماندو بوون، منیش گەیشتمە ئاواتی خۆم و بومە ئەو عەزیز گەردییە.

دوای تەواوکردنی زانکۆ، مامۆستا عەزیز بووە مامۆستای ئامادەیی، ماوەیەک لە ئامادەیی ڕزگاری کوڕان لە هەولێر مامۆستا بوو. لەبەر زیرەکی خۆی، کە زمانی ئینگلیزی باش دەزانی، وانەی زمانی ئینگلیزی دەگوتەوە، چونکە ڕاستە ئەو زمانی فەرەنسی خوێندبو، بەلام وانەی زمانی فەرەنسی لە قوتابخانەکانی کوردستان نەبوو، ئینگلیزیشی باش دەزانی، بۆیە وانەی ئینگلیزی دەگوتەوە.

ساڵی (١٩٨٤ز) دەبێتە مامۆستای ئامادەیی، دوای ١٠ ساڵ مامۆستایەتی ئامادەیی، دواتر لە ساڵی (١٩٩٤ز) مامۆستا عەزیز گەردی بڕوانامەی ماستەر و لە ساڵی (١٩٩٩ز)ش بڕوانامەی دکتۆرای لە ئەدەبی کوردی وەرگرت. پاش ئەوەش لە(٣٠-٤-٢٠٠٩ز)، لە زانکۆی کۆیە، بۆ جاری دووەم، دکتۆرایەکی دیکە لە بەراوردی نێوان ئەدەبی کوردی و ئەدەبی ئینگلیزی وەردەگرێت.

مامۆستا عەزیز نوسەرێکی بەتوانا بوو، چەندین کتێبی گرنگی لە بوارەکانی ئەدەبی کوردی نوسیووە.

جگە لەوە: مامۆستا وەرگێڕێکی بە تواناش بوو، چەندین بەرهەمی ئەدەبیاتی جیهانی وەرگێڕاوەتە سەر زمانی شیرینی کوردی.

کۆی بەرهەمە چاپکراوەکانی زیاترن لە ٢٠٠ کتێب. بەو بەرهەمانەشی مامۆستا عەزیز گەردی بووە ئەو پیاوە ناودارەی، لە هەموو پارچەکانی کوردستان بناسرێت و پلە و پایەیەکی ڕۆشنبیری و زانستی گەورەی بۆ مسۆگەر ببێ.

سەرەنجام وەکو هەر مرۆڤێکی دیکە، مامۆستا عەزیز گەردی، لە ٦ی حوزەیرانی (٢٠٢٢ز) لە

هەولێر کۆچی دواییکرد. بە ئامادەبوونی کەسوکار و ژمارەیەک لە قوتابییان و مامۆستایان و نوسەر و ڕۆشنبیران، لە گۆڕستانی گوندەکەی خۆی (بەحرکە)، بەخاکسپێردرا.

## چیرۆکی ژیانی مامۆستا عەزیز گەردی، چەند وانە گرنگمان فێردەکات، لەوانە:

١- مرۆڤ دەبێ هەوڵبدات و بە هەوڵ و کۆششی بەردەوامی دەگاتە هەر هیوا و ئاواتێک، کە هەیبێ و حەز بکات بەدەستیان بێنێ.

٢- زانست مرۆڤ گەورە دەکات و لە لاپەڕەکانی مێژودا، ناوی زانایان بەجوانی دەنوسرێت.

٣- ئێمەی قوتابی مادام دەخوێنین، دەبێ باش بخوێنین و هەمیشە چاومان لەوە بێت، پسپۆڕی بەرز بەدەستبێنین، بەوە دەتوانین بۆ خۆمان و بۆ وڵاتەکەشمان بەسود بین.

٤- ئەوەی لە سەرەتای ژیانی و لەکاتی بەتواناییدا لەپێناوی ئامانجێکدا خۆی ماندو دەکات، لە کۆتایدا بەئامانج دەگات و لەبەری دەحەسێتەوە، بە پێچەوانەوە ئەوەی خەریکی کات کوشتن بێ، لەکۆتایی تەمەنیدا بە قورسی دەژییێت.

## بەشێک لە بەرهەم و وەرگێڕاوەکانی مامۆستا عەزیز گەردی

- ڕەوانبێژی لە ئەدەبی کوردی دا، هەولێر، ١٩٧٢ز.
- ئەدەب و ڕەخنە، بەغداد، ١٩٧٤ز.
- ئەدەبی بێگانان، بەغداد، ١٩٨٢ز.
- سەروا، هەولێر، ١٩٩٩ز.
- کێشی شیعری کلاسیکیی کوردی، هەولێر: وەزارەتی ڕۆشەنبیری، ١٩٩٩ز.
- ڕەوانبێژی (ڕونبێژی، جوانکاری، واتاناسی)، وەزارەتی پەروەردە، ٢٠٠٢ز.
- ڕابەری کێشی شیعری کلاسیکی لێکۆڵینەوەی ئەدەبی، سلێمانی، ٢٠٠٣ز.
- گەردەلولی مەرگ، هەولێر، ٢٠٠٨ز.
- کێشناسیی کوردی، ٢٠١٤ز.
- چیرۆکی بەر ئاگردان، ١٩٧٨ز.

- چیرۆکەکانی ئیزۆپ یان لەناو گیانداران دا، نوسینی ئیزۆپ.
- لۆرکا: سێ تراژیدی، ١٩٨٤ز.
- (چرا)یەک لەسەر مادیان کۆ، نوسینی مەنسور یاقوتی.
- بیرەوەرییەکانی مامۆستایەک، نوسینی مەنسور یاقوتی.
- لاوەچ، نوسینی مەنسور یاقوتی.
- ئەفسانەی ئەرمەنی، نوسینی چارڵز دونیتگ.
- ئەفسانەی ئەفریقی.
- ئەفسانەی سلاڤی.
- ئەفسانەی کوردی، نوسینی م ب ڕودێنکۆ.
- بەرکوتێکی ژیانم، نوسینی یەڤجینی یەڤتوشینکۆ.
- حەفت گفتوگۆ، نوسینی ئۆریانا فالاچی.
- چیرۆکەکانی کریلۆڤ.
- خەڵک بەچی دەژی، تۆلستۆی.
- کاریگەریی گۆرانی لەسەر کوردیی ناوەڕاست، نوسینی میشێل لیزینبێرگ، ٢٠٠٤ز.
- داستانی حوسێنی کورد و چەند هەقایەتێکی تر، لەفارسییەوە لەنوسینی ئەحمەد ئازەر ئەفشار، ٢٠٠٨ز.
- زارا عەشقی شوان، نوسینی محەممەد قازی، سلێمانی.
- ڕۆمیۆ و جولێت.
- یەک چیای گەوهەر: کۆمەڵە چیرۆکێکی ئەفسانەیی گەلان.
- کۆمیدیا، سێ بەرگ: دۆزەخ، بەرزەک، بەهەشت، لە نوسینی دانتێ ئەلیگیێری.
- داغستانی من.
- قۆڵبر، نوسینی عەزیز نەسین.
- قوتیل، نوسینی ئەلفۆنیس دۆدی.
- مەسەلەک، هێنری ئەلیک.

## گفتوگۆ

١. چیرۆکی مامۆستا عەزیز گەردی چی فێرکردین؟

٢. ئایا بە بێ ماندوبوون، کەس بە ئاواتی دەگات؟

٣. مامۆستا عەزیز گەردی، چۆن وەها سەرکەوت و بووە ئەو نوسەرە گەورەیە؟

٤. تۆ دەتەوێت ببیە چی؟

٥- بە یارمەتی ماڵەوە، ناوی چەند بەرهەمێکی تری مامۆستا عەزیز گەردی بنوسە.





# پێشمەرگە

وشـەی پێشـمەرگە لـە ڕوی زمـانەوە لـە سـێ بـەش پێکدێت، (پێـش) + (مـەرگ) + (ە) بـە واتـای ئـەو کەسـەی لـەپـێنـاو نیشتیمان مەرگی خـۆی دەخاتـە پێـش هەمـوو شـتێک، یـان بـەو کەسـە دەگوتـرێ کـە بـەر بـە مـەرگ دەگـرێ.

(حوسـێن حوزنـی موکریانـی) لـە سـاڵی (١٩٣٤ز) بـە شـێوەی نوسـینەکی لـە کتێبی (مێـژوی شاهەنشـاهی کـوردی زەنـد)دا نـاوی (پێشـمەرگە)ی هێنـاوە. لەسـەردەمی کۆمـاری کوردسـتانەوە لـە مهاباد، تـا ئێستاشـی لەگـەڵ بـێ وشەی (پێشـمەرگە) بەشـێوەیەکی فەرمـی بـۆ هێـزی بەرگریـی کوردسـتان بـەکاردێ. ئـەم وشـەیە لەلایـەن بیانییەکانیشـەوە وەک خـۆی بەکارهێنراوەتـەوە، چووەتـە نـاو فەرهەنگـی زمانـە ڕۆژاواییەکانیـش، ڕۆژنامەنـوس و سیاسـەتمەدارانی بیانـی ئـەم وشـەیە وەکـو خـۆی بەکاردێننـەوە.

پێشـمەرگە سـوپای نەتەوەیەکی خاک داگیرکراوە، خاوەن بیروباوەڕی نەتەوەپەروەریی مرۆڤدۆستانەیە، یەکێـک لـە ئەرکەکانـی داکۆکـی و بەرگـری کردنـە لـە مـاف و خاکـی کوردسـتانیان لـە بەرانبـەر زوڵـم و ملهـوڕی و سیاسـەتە چەوسـێنەرەکانی سـوپای سیسـتەمە داگیرکارییـەکان، هەربۆیـەش هەمیشـە لەڕوبەڕوبوونـەوە و بەرەنگاریـی داگیرکەراندابـووە.

یەکێکـی تـر لـە ئـەرک و خەسـڵەتە مێژویـی و هەنوکەییـە گرنگەکانـی هێـزی پێشـمەرگەی کوردسـتان، بریتییـە لـەوەی پێشـمەرگە هێزێکـی دیموکراسـی پـەروەرە و ئازادیخـوازە، بۆیـە هەمیشـە بەرەنـگاری دیکتاتۆریـەت بووەتـەوە،

هەمیشە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی پێشمەرگە، شوێنی پەیڕەوکردنی دیموکراسی و ئازادی بوونە، شوێن و پەناگەی داڵدەدانی دیموکراسیخوازەکان بووە. لە سایەی هێزی پێشمەرگەدا لە ساڵی ١٩٩١ز ناوچەیەکی دیموکراتی دامەزرا کە هەرێمی کوردستانە، یەکەم کۆبوونەوەش لە سنوری عێراقدا بۆ دامەزراندنی سیستەمێکی حوکمڕانی دیموکراسی لەلایەن سەرجەم ئۆپۆزسیۆنی عێراقیەوە، هەر لەژێر سایە و سەرکردایەتی پێشمەرگەدا گرێدرا.

وێڕای ئەوەی هێزی پێشمەرگە هێزێکی مرۆڤدۆست و میهرەبانە، باوەڕی بە بەها هەرە بەرزەکانی مرۆڤایەتی هەیە، باوەڕی بە مافەکانی مرۆڤ و یەکسانی نێوان مرۆڤەکان و کۆمەڵگەکان و بە فرەیی ئاینی و ئاڵووالایی بیروباوەڕ هەیە، هەموو بیروباوەڕێکی توندوتیژ و دژ بەمرۆڤایەتی ڕەت دەکاتەوە. لەو سۆنگەیەشەوە ساڵانێکە بووەتە لەمپەرێکی پۆڵایین لەبەردەم هێز و تیرۆریستانی ناوچەکە، لەسەر زەوی بەهیوا و ورەیەکی بەرزەوە، لەبری هەموو جیهان و بەشایەدی هەموو جیهان، شەڕی شەڕانگێزترین و دڕندەترین هێزی تیرۆریستی جیهان و ناوچەکەی کردووە.

پێشمەرگە پەرێزێکی پاکی لە پاراستنی مافەکانی مرۆڤدا هەیە و جێگای هیوا و متمانەی خەڵکی زوڵم لێکراو و قوربانیانی دەستی تیرۆر و داگیرکەرانە، پێشمەرگە لە هەر چوار پارچەی کوردستاندا ئەرکی پاراستنی هەموو مرۆڤێکی ئازادیخواز و مرۆڤدۆستی گرتووەتە ئەستۆ، ئەو هەموو کوردستانیان بەیەک چاو چاولێدەکا و وەکو یەکیش دەیانپارێزێ. بۆ نمونە کاتێک داعش هێرشی کردە سەر شاری موسڵ، پێشمەرگە ئێزیدی، کرستیان و موسڵمانی پاراست، هەروەها پێشمەرگە کورد و عەرەب و تورکمان و کلدانی و ئاشوری و هەموو ئەو خەڵکانەی پاراست کە لە هەرێمی کوردستان دەژیێن، بۆیە پێشمەرگە لەلایەن هەموو پێکهاتە و ئایینزاکانی کوردستان خۆشەویستە.

زێدەڕۆیی نییە ئەگەر بڵێین؛ ئەوەی پێشمەرگە دەیکات و دەیەوێ بیکات ژیانسازییە، لەبەرئەوەی وێڕای ئەوەی پێشمەرگە لە ژینگەیەکدا پەروەردە بووە، هەمیشە دەنگی پێکەوەژیان و لێبوردەیی تێیدا بە بەرزی دەبیسترێ، خودی ئەرکی پێشمەرگایەتیش بڕیاری ئازادانە و خۆویستانەی کەسێکە بەوەی تاڕادەی مەرگ و ژیانبەخشین و جانگۆریکردن لە پێناو خەڵک و خاک خەبات بکات، پێشمەرگە کەسێکە ئامادەیە بە

نەمانی خۆی ژیان بۆ ئەوانی دی فەراهەم بکات.

هێزی پێشمەرگەی کوردستان، بە درێژایی مێژو، وەنەبێ تەنیا لەلایەن کوردستانییانەوە متمانەپێکراوبێ، بەڵکو بۆ هەموو ئەوانەی ڕۆژگارێک پێویستییان بە هاوکاری و دەستگرتن و ناوچەیەکی ئارام هەبووە، پەنایان بۆ پێشمەرگە هێناوە و پێشمەرگەش بەوپەڕی دڵسۆزییەوە بەهانایانەوە چووە و هاوکاریان بووە.

پێشمەرگە ئەو هاوکێشەیەی گۆڕی کە جاران دەگوترا تەنیا چیاکان دۆستی کوردن، ئێستا پێشمەرگە وەکو چیا بەرانبەر داگیرکەران دەوەستێتەوە و نایەڵێ ئیرادە و ئازادیی گەلی کوردستان زەوت بکرێ و پێشمەرگە ئەو هێزەی بە کوردستانیان دا کە بەرانبەر هیچ زوڵم و ستەمێک خۆیان نەچەمێنن.

لە سەد ساڵی ڕابردودا چەندین شاعیر و نوسەر و هونەرمەندبەرهەمی ناوازە و دانسقەیان پێشکەشی پێشمەرگە کردووە کە ئەمە یەکێکیانە:

سەلمان شێخ مەمی

من دڤێت پێشمەرگە بم
ل جهێ شەڕی وەز هەبم
خودان چەك و چەپەر بم
جان گۆریێ کوردا بم

پێشمەرگێ کوردستانێ
ئەز کەلا بەرخودانێ
ل شنگال و کۆبانێ
وەکە شێرا ل مەیدانێ


ئەز پێشمەرگێ کوردانم
خودان گورزێ گرانم
کوردم خودان داستانم
ئەز شەڕکەر و شەڕڤانم

دوژمن و تو بزانە
ل تە مرن و نەمانە
ل سەر سەرێ تە فەرمانە
مرنا تە ب ڤان دەستانە

تو هاتیە شەڕێ من ‏ ‏ ‏ ‏ خودانێ ڤێ ئاخێمە
سویند بوتە نەشێیە من ‏ ‏ ‏ ‏ پێشمەرگە شۆڕەشی مە
تو ناهی هەمبەری من ‏ ‏ ‏ ‏ ئەز بلندیا ڕۆژێمە
دێ ڕەڤی ژبەر سینگێ من ‏ ‏ ‏ ‏ دیجلە و فوڕات و زێمە

## گفتوگۆ

١- بە کێ دەگوترێت پێشمەرگە؟
٢- وشەی پێشمەرگە لەڕوی زمانەوانیی چۆن پێکهاتووە و واتای چییە؟
٣- کەی وشەی پێشمەرگە بە شێوەی فەرمی بەکارهات؟
٤- پێشمەرگە هێمای چییە؟



# خانزادی میری سۆران



ناوی تەواوی میر خانزاد (خانزادی کچی عومەر بەگی کچی عەلی بەگی شاقولی بەگی میر سولەیمان بەگی سەید بەگی میری سۆرانە)، بەپێی کتێبی (شەرەفنامە) بێ، کە (شەرەفخانی بەتلیسی) نوسیویەتی، خانزاد خاتون (کچی میر سولەیمانی میری سۆران) بووە و هەندێکیش دەڵێن خوشکی بووە، بەڵام دروستەکەی ئەوەیە کە نەوەی بووە. خانزاد خاتون لە ناوەڕاستی سەدەی شازدەیەم لەدایکبووە و تاساڵی ١٦٣٩ لە سەرچاوەکان ناوی دێ. خەڵکی سەردەمی خۆی ناوی خانزاد خاتونیان بە میر خانزاد، خانم و سوڵتانیش هێناوە. دوای ئەوەی باوکی ژەهرخوارد کراوە، خانزاد خاتون جێی گرتووەوە و بووە بە میری مەملەکەتەکەی و بە لایەنی کەم ماوەی ٢٢ ساڵ میرایەتی لە ناوچەی میرنشینی سۆران کردووە. بەپێی سەرچاوە مێژوییەکان، سەردەمی خانزادی میری سۆران، یەکێک بووە لە سەردەمە زێڕینەکانی میرنشینەکە و میر توانیویەتی هێمنی و ئاسایش بۆ خەڵکەکەی دابین بکات و لە ڕوی ئابوری و سەربازیشەوە میرنشینەکەی بەهێز بووە توانیویەتی چەند مزگەوت و پرد و حوجرەیەکیش دروستبکات.

خانزاد لە ڕوی پلانی شەڕ و بەرگریکردن لە میرنشینەکەی زۆر کارامە بووە و چەندین قەڵا و قولەی لە سنوری میرنشینەکەی دروستکردووە

تابلۆ: هونەرمەند ڕێبوار خالد

کە هەندێکیان بۆ مانەوەی خۆی خانەوادە و پیاوە دیارەکانی میرنشینەکەی بەکارهاتوون و هەندێکی دیکەش وەکو خاڵی پشکنین و چاودێریی لە سنورەکان کەڵکیان لێ وەرگیراوە و تا ئێستاشی لەگەڵدا بێ هەندێک لەو شوێنەوارانە ماونەتەوە کە دیارترینیان قەڵای خانزادە لە نزیک شاری هەولێر، ئەمە بێجگە لە شوێنەواری (گەلی خانزاد و وێنەکەی چیای هەریر و کۆنە دیوار).

خانزادی میری سۆران بە فەرمی لە شارۆچکەی هەریر نیشتەجێبووە، بەڵام لە هاوینان هاتووەتە ناوچەکانی دەوروبەری شەقڵاوە و سەر چیای سەفین، بەجۆرێک ئێستاشی لەگەڵدا بێ لەسەر چیای سەفین گۆرەپانێکی گەورە هەیە و ناوی گۆڕی خانزادە و میر خۆی و بنەماڵەکەی بە هاوین لەوێ ژیاون. بێجگە لەو ناوچانەش، فەرمانڕەوایەتی ناوچەکانی باڵەکایەتی و ڕواندز و کۆیە و هەولێر و کەرکوک زۆر ناوچەی دیکەشی کردووە.

خانزاد خاتون لەوانە خۆشنابێ کە باوکی ژەهرخوارد دەکەن و بڕیاری تۆڵەسەندنەوە دەدات و بۆ ئەمەش پلانێکی تۆکمە دادەڕێژێت و بە پاساوی ژن و ژنخوازی، خۆی لە دوژمنەکانی نزیک دەکاتەوە و تا دواجار ئەو کەسە دەکوژێ کە باوکی ئەوی ژەهرخوارد کردووە.

خاتو خانزاد لە جەنگ و ڕاووشکاردا زۆر لێهاتوو بووە، بۆ نمونە (ئەولیا چەلەبی) کە گەڕیدە و مێژونوس بووە، ئاماژە بەوە دەدات، کە ئەو خاتونە میرە خۆی سەرکردایەتیی لەشکری سۆرانی دەکرد و لە شاڵاوبردنەسەر دەوڵەتی سەفەوی بەشداری دەکرد، بەڵام دیارە مەبەستی بووە دەموچاوی دەرنەکەوێ، بۆیە پەچەی بەڕویدا داوە و چارۆگە ڕەشەکەی بەژێر گەردەنیدا سوڕاندووەتەوە و لە گوارەکەی بەستووە، ئینجا بە سواری ئەسپ لە مەیداندا هاتوچۆی کردووە. تەنانەت مێژونوسێکی ئێرانیش دەڵێ ئەو هاوشێوەی گەنجانی دلێر، سوارچاکی و نیشانەشکێنی دەکرد و دەچووە ڕاوشکار. میر خانزاد نزیکەی ١٢ هەزار تفەنگچی و ١٠ هەزار سوارەی هەبووە.

ئازایەتی و دلێری خانزاد هێندە بەربڵاوبووە، تەنانەت ئێستاش کە نزیکەی چوارسەد ساڵ بەسەر مردنیدا تێپەڕیوە، خەڵک باسی دەکات و لە کۆڕ و مەجلیسەکان ناوی دێ. هەروەها لە لە لاوک و حەیران و سەردولکە و بەشی زۆری ئەدەبیاتی سەرزاریی ناوی خانزاد ناوێکی درەوشاوەیە و زۆرجاریش لێکۆلەرانی بواری مێژو پشت بەو سەرچاوە ئەدەبییانە

دەبەستن، تا پتر خانزاد خاتون بناسن.

خانزاد خاتون لەگەڵ عوسمانییەکان تەبا بووە و لەماوەی دەسەڵاتیدا کێشەیەکی ئەوتۆی لەگەڵیاندا نەبووە، هۆکارەکەشی ئەوەیە عوسمانییەکان دانیان بە دەسەڵاتەکەی میر دانابوو و زۆر خۆیان لە کاروبارەکانی میرنشینەکەی هەڵنەدەقورتاند، بەتایبەتی دوای ئەوەی عوسمانییەکان بەهۆی زاڵبوونی میرنشینی سۆران بەسەر میرنشینی داسنی، ئەوەیان بۆ ڕون ببووەوە کە میرنشینی سۆران میرنشینێکی بەهێزە.

بەهۆی نزیکیی قەڵمڕۆی میرنشینی سۆران لە دەسەڵاتی سەفەوییەکان، هەروەها تەبایی میرخانزاد لەگەڵ عوسمانییەکان و هەوڵی سەفەوییەکان بۆ فراوانکردنی دەسەڵاتیان، میر خانزادی میری سۆران لەگەڵ سەفەوییەکان زۆر تەبا نەبوو و ناوەناوە بەرەوڕویان بووەتەوە و هەوڵی ئازادکردنی ئەو ناوچانەشی داوە کە سەفەوییەکان داگیریانکردووە.

بوونی خانزاد بە میری میرنشینێکی بەهێزی وەک میرنشینی سۆران لەخۆوە نەبووە و لە مێژوی میللەتی کورددا ئافرەتی لەمشێوەیە هەبوون، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو پێگە و ڕێزەی ئافرەتی کورد بە درێژایی مێژو لە کۆمەڵگەی کوردیدا هەیبووە، هەروەک (مینۆرسکی) دەڵێ، ئافرەتی کورد لە چاو ئافرەتانی کۆمەڵگەکانی دەوروبەریان زۆر ئازادتر و ڕێزلێگیراوتربوون، بەڵام دەبێ ئەوەش بڵێین کە خانزاد تاکە ئافرەتی کوردە، گەیشتبێتە ئەو پلە بەرزەی فەرمانڕەوایی.


## گفتوگۆ

١- بەر لەوەی شارەزای ژیانی خانزاد خاتون بی، دەتزانی لەناو کوردان ئافرەتی وا ئازا هەن؟

٢- بۆچی لە ناو نەتەوەکانی دەوروبەرمان ژنی وەک میر خانزاد نەبوونەتە میری میرنشینێک؟

٣- ناوی هەندێک لەو شوێنەوارانە بێنە کە لە سەردەمی خانزاد خاتون دروستکراون؟

# زانینگەها قوبەهان



د دیــــرۆکا کــــوردستانێدا، ئــامێدیێ شەمالــکا زانیـن و زانــست و ڕەوشەنبیریـــێ بــوو، ئــەڤ کەلها دێریـن هــەردەم زانینگەهــەکا خــورت بویــە، هەروەسـا پایتەختـێ بادینـان بویـە.

ئێـک ژ مەلبەندێـن زانیـن و زانستێ یێـن ب نـاڤ و دەنـگ و دێرینێـن ئامێدیێ (زانینگەهـا قوبەهـان) ــە، کـو دکەڤیتـە ب ڕەخ ڕوبیـارێ ژوریـێ ئامێدیـێ ڤـە، دناڤبـەرا هاڤینگەهـا سـیلاڤێ و کەلها ئامێدییێدا ئێـک بویـە ژ مەزنتریـن زانینگەهـان ل سەرانسـەرێ میرگەهـا بەهدینـان، ئاڤاکرنـا ڤـێ زانینگەهـێ گەلـەک ژ مێژەیـە، هنـدەک کـەس دبێـژن (٨٠٠) هەشـت سـەد سـالان خوانـدن لـێ یـا بەردەوامبویـە، بەهـرا پتـر ژ دیرۆکنڤیسـان د وێ باوەڕێدانـە، کـو ئـەڤ زانینگەهـە ل سـەردەمێ سولتان حسـێنێ وەلـی (١٥٣٤ – ١٥٧٦ز) هاتییـە نویژەنکرن. بەلـێ شـوینەوارناس و زانـا دبێـژن دیـرۆکا ئاڤاکرنـا وێ ژ ڤـێ مێژوویـێ کەڤنتـرە.

دەربـارێ ناڤـێ ڤـێ زانینگەهـێ سـێ بۆچـوون هەنـە، بۆچوونا ئێکـێ ئـەوە، کـو ئـەڤ ناڤـە یـێ فارسـییە و ژبەرکـو زانینگەهـێ (١٦) گومبـەت هەبـوون و پاشـگرێ کۆمکرنـێ (هـا) یـا فارسـی کەفتییـە سـەر ناڤـێ (قوبـە) و بوویـە (قوبەهـان)، بۆچوونا دوویـێ ئـەوە، کـو ئـەڤ ناڤـە ژ ناڤـێ (قوبـاد بـەگ)ێ کـوڕێ سـولتان حسـێنێ وەلـی هاتییـە، چوونکـی وی ئـەڤ زانینگەهـە نوژەنکرییـە و ناڤـێ خـۆ ل سـەر دانایـە، و بۆچوونا سـێیێ ژ ئاکنجیێـن خەلکـێ وێـرێ هاتییـە وەرگرتـن، کـو دبێژنـێ (قوپـا)، دبیـت ناڤـێ ئێکەمیـن مزگەفتا موسـلمانەتیێ ل سـەر ڤـێ زانینگەهـێ دانابیـت.

ئەڤ زانینگەهە ژلایێ بیناسازیڤە ب ڕەنگەکێ هونەری هاتییە ئاڤاکرن، ب کسلێ و بەران هاتییە چێکرن و گومبەتێن وێ ب حەلانێن سور یێن سوتی و کسلێ هاتینە دانان. ل کوژیێ وێ یێ باکور پەیسکێن وێ ل سەر شێوەیێ منارا ئامێدیێ چێکرینە و هەر بەرەکێ وێ سێ شولان دبینیت، دبیتە ڕوی بۆ دیوارێ ژ دەرڤە و دهەمان دەمدا دبیتە پەیسک و ستوینا نیڤەکێ ژی، بەلێ د نهۆدا بتنێ پەیسکێن بانی و هندەک دیوار ماینە، ئەڤ زانینگەهە هندی بێژی ب ئەندازیارییەکا جوان هاتییە ئاڤاکرن.

هژمارەکا زۆر ژ فەقیان دهاتنە ڤێ زانینگەهێ، چوونکی پەرتوکخانەیەکا مەزن و بەرفرە لێ هەبو، باشترین پەرتوکێن زانستی و بەرکەفتی ل سەر هەمی لایەنێن زانستێ ئایینی و دوونیایێ ب دەست فەقیان دکەفتن، کو هەمی دەستخەت بوون. بەهرا پتریا ڤان دەستنڤیسان (سولتان حسێنێ وەلی) ئینابوون و مۆرا وی ل سەربو، هەروەسا هندەک ژ وانژی مۆرا (بەهرام پاشایێ مەزن) ل سەربو، پەرتوکێن ڤێ زانینگەهێ پتر ژ (٢٠٠٠) دوو هزار دەستخەتان بوون، بەلێ مخابن پشتی کاودانێن دەڤەرا ئامێدیێ نەخۆش بوین و شەری دەستپێکری پەرتوکخانە هاتە سوتن و ژ وێ هژمارا پەرتوکان بتنێ (٤٠٠ تا ٤٥٠) دەستنڤیسان ژێ قورتار بوون، کو ئەوژی ل مالا موفتیێ ئامێدیێ هاتبوونە پاراستن و پاشی لگەل هژمارەکا دیبا دەستنڤیس و نامە و بەلگەنامێن گرنگ و فەرمانێن تایبەتێن میرێ ئامێدیێ بۆ پەرتوکخانەیا گشتی یا شوینەوارا ل بەغدا هاتنە ڤەگوهاستن. گەلەک مامۆستا و فەقی ل ڤێ زانینگەهێ هەبوون، هندەک جاران هژمارا مامۆستایێن وێ دگەهشتە (٦٠) شێست مامۆستایان و گەلەک جاران هژمارا خوێندکارێن وێ (فەقی) دگەهشتە (٣٠٠ – ٤٠٠) سێ سەد بۆ چوار سەد فەقیان و دراڤێ ڕێڤەبەر و مامۆستا و خوارنا فەقیان و ژێدەرێ دارایی یێ زانینگەهێ ژ میرێن میرگەها بەهدینان بوون. هەروەسا ل ڤێ زانینگەهێ باوەڕنامێن دەرچوویان ژلایێ میرێن بەهدینانڤە دهاتنە پەسەندکرن و ئاهەنگا دەرچوونێ ژی بۆ دهاتە گێڕان، ژبلی شەش زانستێن دوونیایی (فەلسەفە، بیرکاری، ئەندازیاری، نوژداری، ستێرناسی و دیرۆکێ) دووازدە زانستێن ئایینی لێ دهاتنە خواندن، ئەوژی زانستێن: (تەفسیر، فەرمودە، نەحو، سەرف، بەیان، بەدیع، مەعانی، ئەدەب، مەنتق، کەلام، ئصوول فیقهە و ئەخلاق) بوون، ژبەر خواندنا ڤان دووازدە زانستێن ئاینی، دگۆتە دەرچوویێن ڤێ زانینگەهێ مەلایێن دووازدە عیلم.

ڤێ زانینگەهێ پەیوەندی لگەل چەند زانینگەهێن دییێن بناڤودەنگ هەبوون، وەکی زانینگەها

(سور) ل جزیرا بۆتان. هەروەسا پەیوەندیەکا هەڤالینی و زانستی یا موکم ل گەل زانینگەها (ئەزهەر) یا وەلاتێ مسرێ هەبوو، هاتن و چوون و ئالۆگۆڕکرنا ڕا و بۆچوونان دناڤبەرا واندا هەبوون و دوویماهی شاندێ زانینگەها ئەزهەرێ ل سالا (١٩٦٠ز)ێ هاتبوونە ئامێدیێ ژبۆ ڤەنەقەتیانا پەیوەندیان ل گەل ڤێ زانینگەهێ.

هەژی دیارکرنێیە، کو گەلەک کەسێن زانا و ڕەوشەنبیر و بلیمەت و شەهرەزا ژ ڤێ زانینگەهێ دەرچووینە، ژوانژی: (مەلا خەلیلێ سێرتی، مەلا یەحیایێ مزویری، شێخ عەبدوولسەلامێ بارزانی، شێخ تەهایێ مایی، مەلا شوکری ئەفەندی، شێخ غیاسەددینێ نەقشەبەندی، مەلا ئەنوەرێ مایی و ئەحمەدێ نالبەند و ... هتد)، کو هەمی بووینە مامۆستا و زانا و شەهرەزا، هەر ئێکی جهەکێ بلند وەرگرت و ل دەڤەرێن کوردستانێ ژبۆ خزمەت و پێگەهاندنا مرۆڤێ کورد کارکرییە.

## لێکدانەوەی وشەکان

| وشە | واتا |
|---|---|
| شەمالک | مۆم |
| کەلە | قەڵا |
| دێرین | کۆن |
| زانینگەهـ | زانکۆ، قوتابخانە |
| میرگەهـ | میرنشین |
| ب ڕەخ | تەنیشت |
| گومبەت | قوبە |
| کسل | کلس |
| حەلان | بەردی پان |
| کوژی | گۆشە |
| پەیسک | پەیژە |

*/ بۆ ڤی بابەتی مفا ژ پەرتووکا (قەلەم، محەمەد عەبدووللا ئامێدی، چاپخانا خانی، دهۆک، (٢٠٢٢ز) هاتییە وەرگرتن.

| | |
|---|---|
| شول | ئەرک، کار |
| ژمێژە | لە کۆنەوە |
| دراڤ | دراو، پارە |
| موکم | پتەو |
| ڤەنەقەتیان | دانەبراو |

## دانوستاندن و هزرکرن

١- ب دیتنا هەوە بۆچی ژمارەیەکا زۆرا فەقیان ل زانینگەها قوبەهان هەبوون؟

٢- ژێدەرێن دارایی یێن ڤێ زانینگەهێ ژ کیڤە دهاتن؟

٣- دیرۆکا دامەزراندنا ڤێ زانینگەهێ بۆ کەنگی ڤەدگەریت؟

٤- ب بۆچوونا هەوە ناڤێ ڤێ زانینگەهێ ژ چ هاتییە؟

٥- چ زانست ل ڤێ زانینگەهێ دهاتنە خواندن؟ و چ دگۆتە دەرچوویێن ڤێ زانینگەهێ؟

٦- ئەڤ زانینگەهە ژلایێ بیناسازیڤە یا چەوابوو؟

٧- ئەڤ زانینگەهە دکەڤیتە کیژ دەڤەرا کوردستانێ؟ پاشی ل دوویڤ زانیارییێن خۆ کورتیەکێ ل سەر وێ دەڤەرێ بێژە؟



# وەرزی دووەم



# نەسرین فەخری
# (١٩٣٧ – ٢٠١٨ز)

ناوی تەواوی (نەسرین محەمەد فەخری سابونچی)یە، لە ڕێکەوتی ٢٧ی کانوونی یەکەمی ١٩٣٧ز لە گەڕەکی سابونکەرانی شاری سلێمانی لەدایکبووە، خێزانەکەی یەکێک بوون لە خێزانە ڕۆشنبیر و کوردپەروەرەکان. بەهۆی ئەوەی باوکی ئەفسەر بووە، بۆیە زۆربەی شارەکان گەڕاون، بەو هۆیەوە قۆناغەکانی خوێندنی لە هەریەک لە شارەکانی کەرکوک، هەولێر و بەغدا تەواوکردووە، لە ساڵی ١٩٥٩ز بڕوانامەی بە کالۆریۆسی لە زمان و ئەدەبی عەرەبی لە کۆلێجی ئادابی زانکۆی بەغدا بەدەستهێناوە.

نەسرین فەخری بەکالۆریۆسی لە زمان و ئەدەبی عەرەبی هەبوو، بەڵام بەهۆی خۆشویستنی بۆ زمانی دایک لە ساڵانی شەستەکانی سەدەی بیستەمدا ڕویکردووەتە یەکێتی سۆڤیەت و لە شاری باکۆی پایتەختی ئازەربایجان خوێندنی دکتۆرای دەستپێکردووە، (فرمان لە زمانی کوردیدا) ناونیشانی دکتۆرانامەکەی بووە، کە یەکەمین دکتۆرانامەیە لەبارەی زمانی کوردییەوە نوسرابێ.

خاتو نەسرین لە خزمەتکردنی زمان و ئەدەبی کوردی بەردەوام دەبێ و چەندین لێکۆڵینەوەی ئەکادیمی لەبارەی زمانی کوردییەوە دەنوسێت، تا پلەی زانستیی دەبێت بە پرۆفیسۆر، ئەمەش بۆ کوردستان زۆر گرنگە، ئافرەتێک پلەی پرۆفیسۆری وەربگرێ.

بێجگە لەمە چوار دیوانی شیعری بە زمانی کوردی و عەرەبی نوسیوە، لەگەڵ ٤٠ کتێبی جیاواز لەبارەی کوردەوە کە هەندێکیان دەستنوسن. هەروەها دەیان بابەتی لە ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردییەکان بڵاوکردونەتەوە.

سەرەڕای ئەوەی مامۆستای زانکۆ بووە، ئەندامی دەستەی دامەزرێنەری هەریەک لە: (یەکێتیی نوسەرانی کورد و کۆڕی زانیاری کوردیش) بووە، کە لە حەفتاکانی سەدەی بیستەمدا دوو دامەزراوەی زۆر گرنگ بوون بۆ خزمەتی زمان و ئەدەبی کوردی. هەروەها ئەندامی لیژنەی دانانی پرۆگرامی خوێندن بووە لە وەزارەتی پەروەردە، لە ڕادیۆی بەغداش کە ڕادیۆیەک بوو بە زمانی کوردی پەخش دەکرا، شوێندەستی دیار بووە.

خاتو نەسرین فەخری بەشداری دەیان کۆنگرە و کۆنفرانسی زانستی و ئەدەبی لەناوخۆ و دەرەوەی وڵات کردووە، چەندین خەڵاتی ڕێزلێنانی پێبەخشراوە، لە یەکێک لە چاوپێکەوتنەکانیدا دەڵێت: ڕقم لە وشەی خانەنشینییە، خانەنشینیم، خاکنشینم، تا مردن خزمەتی گەل دەکەم.

پاش خزمەتێکی زۆر بە بوارەکانی زمان، ئەدەب، کەلەپور و کلتوری کوردی، لە ڕێکەوتی ١١ی تشرینی یەکەمی ٢٠١٨ز، دکتۆر نەسرین فەخری بۆ دواجارماڵئاوایی کرد و لە گردی سەیوانی شاری سلێمانی بەخاک سپێردرا.

## گفتوگۆ

١- نەسرین فەخری لە ساڵی چەند و لە کوێ لەدایکبووە؟


٢- لەساڵی چەند دکتۆرای بەدەستهێناوە؟

٣- ناونیشانی دکتۆرانامەکەی چی بووە؟

٤- قوتابیی ئازیز، تۆ ئافرەتێکی دیکەی کورد دەناسی کە پلە زانستییەکەی پرۆفیسۆر بێ؟

٥- دکتۆر نەسرین فەخری دەڵێ: ((من تا مردن خزمەتی گەلم دەکەم))، تۆ کە گەورەبووی، دەتەوێ چۆن خزمەتی نیشتمانەکەت بکەی؟

# قەڵای هەولێر



هەولێر بە یەکێک لە کۆنترین شارەکانی جیهان دەژمێردرێت، هەشت هەزار ساڵ پێشی ئێستا دروستکراوە. ئەو کاتی خەڵکی دەوروبەری هەولێر، بڕیاریاندا گردێکی گەورە و بڵند دروستبکەن، ئینجا لەسەر پشتی ئەو گردە گەورەیە، قەڵایەک دروستبکەن.

قەڵای هەولێر، بە گرنگترین و فراوانترین ودێرینترین قەڵا دادەنرێت، کە تاوەکو ئەم دواییە، وەک شارێک خەڵکی تێدا دەژیا، ئەم قەڵایە دەکەوێتە ناوەڕاستی شاری هەولێر و ڕوبەرەکەی (٦٠٠٠٠م٢) یە.

لێرەدا چەند خاڵێک لەبارەی قەڵای هەولێرەوە دەخەینەڕو:

١ قەڵای هەولێر لە ناوەوەی خۆیدا، شارێکی گەورە بووە، چەند گەڕەکێکی هەبووە، وەکو گەڕەکەکانی: (سەرا، تۆپخانە، تەکیە) لە هەندێ کاتدا نزیکەی (٥٠٠) ماڵ و دامەزراوەی میری تێدابووە.

لە بەشی نزیک دەرگای باشوریش، کۆمەڵێک دامەزراوەی گرنگ و پێویستی تیا دامەزرا بوو، ماڵی پاشا و بەرپرسی سەربازی و بازگانە دەوڵەمەندەکان لە کۆشکی گەورە بوونە و کەوتونەتە گەڕەکی سەرا، خەڵکی ئاساییش لە گەڕەکی تەکیە ژیاون، خاوەن پیشە و وەستاکانیش لە گەڕەکی تۆپخانە دانیشتون.

٢ ماڵێک وەک پەرستگا بۆ عیبادەت و خوداناسی لە قەڵادا هەبووە، کە بە درێژایی ئەو هەشت هەزار ساڵەی تا ئێستا، ئەو پەرستگایە گۆڕانی زۆری بەسەردا هات، ئەو پەرستگایەش بووە بە مزگەوت.

٣ بیری ئاو لە ناوەڕاستی قەڵا بووە، جگە لەوەش بە جۆگە لە دەرەوەی قەڵاوە ئاو هێنراوەتە نێو قەڵا، چونکە ئاو سەرچاوەی سەرەکی ژیانە، هێمای خۆشگوزەرانییە، ئەگەر ئاو نەما، ئەوا ژیان دەکەوێتە مەترسییەوە.

٤ قەڵا دوو دەرگای سەرەکی و دوو دەرگای بچوکی هەبووە، دەرگا سەرەکییەکانی، یەکیان دەرگای بەرەو باشور بووە، ناوی دەرگای (عەمکا) بووە و بۆ عەنکاوەی ڕوانیوە، ئەوەی دیکەش دەرگای بەرەو باکور بووە، کە دەرگایەکی گەورە بووە، ڕوانیویەتە قوشتەپە. دوو دەرگا لاوەکیەکانیشی دەرگای ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا بوونە، ئەوانە دەرگای بچووک بوونە. هەمو ئەو دەرگایانە لە داری ئەستور دروستکراون، بە شەو داخراون، تا بێگانە و پیاوخراپ نەتوانن بێنە ناو قەڵا و زیان بە خەڵکەکەی بگەیەنن، بە ڕۆژیش کراونەتەوە و خەڵک پێیاندا هاتوچۆیان کردووە. میوانیش بە زۆری لە دەرگا گەورەکانەوە هاتونەتە نێو هەولێر و بازاڕی هەولێر.

٥ دیواری خانووەکانی قەڵا، بە تایبەت ئەو دیوارانەی لە ڕوی دەرەوەی قەڵا بوون، ئەستور و بڵند بوون، بۆ ئەوەی دوژمن نەتوانێ بە ئاسانی بێتە نێو قەڵات و داگیریبکات. لە بڵندایی ئەو دیوارانەش دەلاقە و شوێنی تایبەت هەبوون، بۆ ئەوەی سەربازانی ناو قەڵا، لەوێوە بەرگری لە قەڵای خۆیان بکەن و نەهێڵن دوژمنان لە قەڵا نزیکببنەوە.

٦ لە ڕۆژی (٢١)ی مانگی حوزەیرانی ساڵی (٢٠١٤ز)، لیژنەی کلتوری سەر بە یونسکۆ، قەڵای هەولێری لە ڕیزی شوێنەوارە کەلتورییەکانی جیهان تۆمارکردووە.

## هەولێر لە سەرچاوە مێژووییەکاندا

١. لە کتێبی (مرشد)دا هاتووە: شاری هەولێر (ئەربیل) دەکەوێتە دورییەکی یەکسان لە هەردوو ئەو زێیانەی بە زاب دەناسرێن، هەر لە کۆنەوە (باژێڕ و سەنتەر)ی ئەو هەرێمە بووە، کە لە باکور و باشورەوە ئەم دوو زێیانە سنورداری دەکەن، هەر لە کۆنیشەوە ئەو شارە بە ناوی (پایتەخت)ەوە ناو دەبرا، لە لای

بەشی خوێندنەوە

پێیدەگوترا (ئەدیابین)، یان (حەدیاب)، کە ئەم وشەیە لە بنجدا دەشێ بە واتای (هەرێمی دوو زێیەکان) هاتبێ.

٢. مێژونوسی عێراقی (عەبدولڕەزاق ئەلحوسەینی) لە کتێبەکەی خۆیدا (عێراقی کۆن و نوێ) تیشک دەخاتە سەر ئەوەی، کەوا: نەخش و نیگارە فارسییەکان، کە بە خەتی میسماری نوسراون، وشەی (ئەربیرە)یان بۆ ناوی هەولێر بەکارهێناوە، بەڵام سەرچاوە یۆنانییەکان ناویان لە هەولێر ناوە (ئەربیلا)، شەڕی (ئەربیلا)ش شەڕێکی بەناوبانگە، ئەو شەڕەیە، کە لە سەردەمی ئەسکەندەری مەکدۆنیی یۆنانی و داریۆسی سێیەمی فارسی لە ساڵی (٣٣١ پ.ز) لە نێوان فارسەکان و یۆنانییەکان لە نزیک هەولێر ڕویداوە.

### گفتوگۆ

١. قەڵای هەولێر بۆچی لەسەر شوێنێکی بەرز دروستکراوە؟

٢. قەڵای هەولێر چیی تیا بوو؟

٣. قەڵا لە کۆندا بۆچی گرنگ بووە؟

٤. ئەو شەڕە بەناوبانگە کامە بو، کە لە پێش زایین، لە نزیک هەولێر بەرپابوو؟

٥. ناوە کۆنەکەی هەولێر لە لای خەڵکی شام چی بوو؟

## کۆچەر بیرکار
## (١٩٧٨ز)



فـــەرەیـدون درەخـــشانی؛
لـــە ساڵـــی (١٩٧٨ز) لــە
گــونـدی (نــێ)ی سـەر بە
شـاری مەریوانـی ڕۆژهەڵاتـی
کــوردستان لە خــێـزانـێکی
جوتــیـــار لـەدایکـــبووە.

کـــۆچەر بیرکارێکی هاوچەرخی کوردە، لە ساڵی (٢٠١٨ز) توانی گەورەترین خەڵاتی بیرکاریی جیهانی (فیلدن)، کـە بـە نۆبلـی بیـرکاری ناسـراوە بەدەسـتبهێنێ.

خوێندنی سـەرەتایی لە مەریـوان خوێنـدووە، و پلـەی کارناسـیی$ لـە سـاڵی (٢٠٠٠ز)دا لـە زانکۆی تـاران بەدەسـتهێناوە لـە سـاڵی (٢٠٠٤ ز) لـە زانکۆی (نۆتینگهـام) پلەی پرۆفیسـۆری بەدەسـتهێناوە.

بیـرکار بـە زۆری لەسـەر ئەنـدازەی جەبـری کاردەکات، هەروەها بەرپـرس و داهێنـەری ماڵپەڕی کۆڕی زانیـاری و داهێنانبـوە، لـە زۆرێـک لـە کونفرانسـی بیـرکاری لە وڵاتانـی دونیادا بەشـداریکردووە.

کۆچەر بیرکار چوار خەڵاتی گرنگی لە بواری بیرکاریدا بەدەستهێناوە، کە ئەمانەن:

- خەڵاتی بنکەی بیرکاریی پاریس
- خەڵاتی لێڤێرهوڵم
- خەڵاتی مۆر بۆ وتاری لێکۆڵینەوەیی (٢٠١٦ز)
- خەڵاتی فیلدز لە ساڵی (٢٠١٨ز)

$ کارناسی: بەکالۆریۆس

باوکی بیرکار چەند ساڵێکی کەم خوێندویەتی، دایکیشی لە هیچ قوتابخانەیەک نەیخوێندووە، بەڵام بیرکار و خوشک و براکانی دەچوون بۆ قوتابخانەی گوندەکەیان، لە پۆلی پێنجەمی بنەڕەتییەوە تواناکانی بیرکار دەرکەوتووە.

لەم بارەیەوە بیرکار دەڵێت هەستم بە شتێک کرد، بەڵام شتێکی ئەوتۆ نەبوو، تەنیا هەستێکی کەمم لا دروست بوو، کە من لە بیرکاریدا باشم، پاڵنەری سەرەکی بیرکار (حەیدەر)ی براگەورەی بوو، کە یاسا سەرەتاییەکانی بیرکاری فێرکردووە، لەم بارەوە (حەیدەر)ی برای دەڵێت " لەبیرمە، کە زۆر گرنگیی بە پرسیارەکانی فیزیا و کیمیا دەدا و دەفتەر و کتێبەکانی منی هەڵدەگرت و پرسیارەکانی شیکاردەکرد." براکەی فێری شتگەلێکی کردووە، کە بۆ ئەو زۆر گرنگ بوە ، لەو بارەیەوە دەڵێت " حەیدەری برام تەنیا کەس بوو، کە گرنگیی بەحەز و ئارەزووەکانی من دەدا و تەنیا هەوڵی ئەوەشی لەگەڵ نەدەدام، کە لە قوتابخانە باشبم، بەڵکو زیاتر لەوەش گرنگی بە هەندێک شتی دیاریکراوی من دەدا."

لە قۆناغی ئامادەییدا بیرکار زانیارییەکانی براکەی تێدەپەڕێنێت و بۆ کۆشان و کۆکردنەوەی زانیاری زیاتر پشت بە خۆی دەبەستێت، لە کتێبخانە ناوخۆییەکان بەزۆری کتێبی بیرکاری دەهێنا و دەیخوێندەوە، لەوانە کتێبی (پیاوانی بیرکاری) یان (بیرکاری چییە؟)، خێزانەکەی دەگێڕنەوە، کە بیرکار تا درەنگانێکی شەو کتێبی خوێندۆتەوە و گوێی لە مۆسیقا گرتووە وەک ئەوەی ئێستاش دەیکات.

لە قۆناغی ئامادەیی دەستی بە نوسینی بەرهەمی خۆی لە بواری بیرکاریدا کرد، کە گەیشتە قۆناغی زانکۆ بەرهەمەکانی خۆی لە گۆڤارێکی زانستیدا بڵاوکردەوە، پاش ئەوەی چەند ڕاهێنانیکی کرد، دواتر بۆی دەرکەوت، کە ئەو دەرئەنجامانەی ئەو پێیگەشتووە پێشتر سەلمێنراون، ئەو لەو بارەوە دەڵێت "لەو کارانەی پێشوم نەگەشتم بە دەرئەنجامێکی گرنگ و تازە، بەڵام ئەزمونی زۆرباش بوون بۆمن و بوونە سەرەتایەکی باش بۆ ژیانی خوێندن و توێژینەوەکانم لە ئایندەدا. "

دواتر بیرکار ڕوی لەزانکۆی تاران کرد و لەقۆناغی کۆتایی خوێندنیشیدا بەرەو وڵاتی بەریتانیا بەڕێکەوت، لە ( نۆتینگهام) نیشتەجێبوو. دوای ساڵێک مافی پەنابەرێتیی وەرگرت، لەو ماوەیەشدا بیرکار سەردانی زانکۆی نۆتینگهامی دەکرد، تا دامەزرا.

لە زانکۆی نۆتینگهام لە ئەندازیاریی جەبردا کاریدەکرد، ڕاوێژکارە فەرمییەکەی بەناوی (ئیڤان فیسینکۆ) هانیدا بەشداری چالاکییەکانی دەرەوەی زانکۆ بکات، کە تایبەتن بە

بیرکاری، لەکۆنفرانسێکدا لە ساڵی (٢٠٠٢ز) بیرکار (ڤیاشیسلاڤ شوکوروڤ) دەبینێت، کە بیرکاریزانێکی مەزنە لە زانکۆی (جۆنز هۆپکنس). دوای دروستکردنی پەیوەندی، (شوکوروف) بە کۆچەر بیرکار سەرسامدەبێت، (شوکوروف) لە بارەی بیرکارەوە، دەڵێت (ئەو کوڕێکی شەرمنە و زۆر ڕوح پاکە).

(شوکورۆف) ئەو کاتەی بیرکاری ناسی، چەندین ساڵ بوو لەبوارێکی تایبەت بە (ئەندازیاریی جەبر) کاریدەکرد، کە بوارێکی تاڕادەیەک پشتگوێ خراوبوو. لە ئۆفیسەکەی خۆی لەزانکۆی (کامبرج) بیرکار دوو وێنەی بیرکاریزانی مەزن (ئەلێکساندەر گرۆسندیک) ی هەڵواسیوە، هاوشێوەی بیرکار ئەو زانایەش پەنابەر بووە. (گرۆسندیک) بەناوبانگترین و کاریگەرترین زانای بیرکاریی بووە لە نیوەی دووەمی سەدەی بیستدا.

لەناو بیرکاریزانەکاندا کۆچەر بیرکار بەوە ناسراوە، کە لە وەڵامدانەوەی پرسیارەکانی بیرکاریدا زۆر قاڵدەبێتەوە، لەمبارەیەوە هاکۆن دەڵێت" ئەو جیاوازە، زۆر گرنگی بە شتەکان دەدات و لە کاتی وەڵامدانەوەی پرسیارێکی بیرکاریدا زۆر قاڵدەبێت، ئەو لەو ڕووەوە کەس هاوتای نییە، زۆر جاریش گرنگی بە وەڵامی تەکنیکی پرسیارەکە دەدات و بەتەواوەتی وەڵامەکە بەسەرکەوتنێکی گەورەوە بەرجەستەدەکات"

بیرکار لە ساڵی (٢٠١٦ز) توانی لە دوو لێکۆڵینەوەدا بیسەلمێنێت، کە هەمو هاوکێشە ڕادەدارە جیاوازەکان، سەرباری ئەوەی کە ناکۆتا جیاواز و لەیەکنەچوون، دەتوانرێت لە چوارچێوەیەکی کۆتاییداردا لە ژێر چەتری کۆمەڵێک تایبەتمەندیدا پێناسە بکرێن. گرنگی ئەم دۆزینەوەیە لەوەدایە پێشتر بە هۆی زۆری هاوکێشە ڕادەدارەکانەوە نەدەتوانرا خەسڵەتێکی گشتییان بۆ دیاریبکرێت و هاوکێشەکان ناکۆتا ئاڵۆز دەیاننواند. بیرکار توانی لەناو هەمو ئەم ئاڵۆزییە ناکۆتایانەدا تایبەتمەندییەکی لەیەکچووی نێوان هاوکێشەکان دیاریبکات، بەمەش پێناسەیەکی کۆتاییدار بۆ دەرکەوتێکی بە ڕواڵەت ناکۆتا بکات.

بیرکار، بەم داهێنانەی ناوەستێ، بەڵکو بیر لە پێشکەوتنی زیاتر دەکاتەوە، چونکە هێشتا زانیاریی زۆر ماوە لەبارەی ئەم خێزانە گەورەیەی هاوکێشەکانی جەبرەوە، کە ئەو دەیەوێت پێشکەوتنی زیاتر لەبارەیانەوە بکات.

لەکۆتایدا بیرکار دەڵێت: ((هیوادارم ئەم خەڵاتە بزە بخاتە سەر لێوی چل ملیۆن کورد)).

## گفتوگۆ

١. تۆی قوتابی چۆن دەڕوانیتە کۆچەر بیرکار؟


٢. بە چ شتێک دەوترێت داهێنان؟

٣. بیرکار چ خەڵاتیکی مەزنی بەدەستهێناوە؟

٤. لەبەر ڕۆشنایی ئەم سەربوردەیە مرۆڤ دەبێت چۆن بکۆشێت؟

٥. تۆ بیرت لەوە کردووەتەوە لە ژیاندا داهێنان بکەیت؟





# قەیسەریی کۆنی کفری

شاری کفری بە یەکێک لە دێرینترین شارەکانی هەرێمی کوردستان دەژمێردرێت، لە سەرچاوە مێژوییەکاندا ئاماژە بەوە دراوە، مێژوی ئەم شارە بۆ (٤٥٠٠-٥٠٠٠)ساڵ پێش ئێستا دەگەڕێتەوە.

شاری کفری لە سەردەمی (سۆمەری، ئاشوری، بابلی) بە چەندین ناوی جیاواز ئاماژەی پێدراوە، لەوانە: (کیماش، کپرۆ، کیپرات، لاخیرۆ). هەروەها لە سەردەمی عوسمانیەکاندا بە شاری کفری گوتراوە (سەلاحیە).

لە شاری کفری و دەوروبەری چەندین ناوچەی شوێنەواری مێژویی گرنگ هەیە، هەندێک لەو شوێنەوارانە مێژوی دروستکردنیان بۆ (١٨٠- ٢٥٠)ساڵ پێش ئێستا دەگەڕێتەوە.

یەکێک لەو شوێنەوارە دێرینانە بازاڕی (قەیسەر)ی کفرییە، کە بە گرنگترین شوێنەواری شارەکە دادەنرێت. ئەم بازاڕە لە سەردەمی عوسمانییەکاندا لە نێوان ساڵانی (١٨٧٠ -١٨٨٠) بە چەند قۆناغێک دروستکراوە.

وەستا (سەمەد) بە یەکەم تەلارسازی دروستکردنی ئەم بازاڕە دادەنرێ، کە خەڵکی شاری کەرکوک بووە، لە دروستکردنی ئەم بازاڕەدا سود لە کەرەستەکانی ناوچەکە بینراوە. ئەم بازاڕە لە (١٦٠) دوکان و (٦) خان پێکهاتووە، کاروانسەرا لەخۆ دەگرێت، کە لە کاتی خۆیدا لە نێوان ناوچە کوردنشینەکان و عێراقدا ناوەندێکی گرنگی بازرگانیی بووە.

گرنگیی قەیسەریی کفری لەوەدابووە، کە بووە بە وێستگەیەکی بازرگانی لە نێوان ناوچەکانی( هەورامان و سلێمانی و سورداش و شارەزور، قەرەداغ)، لەگەڵ شارەکانی ویلایەتی ( بەغداد و موسڵ) و بەشێک لە شارەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، وەک (قەسری شیرین و کرماشان و سەرپێلی زەهاو)، ئەم قەیسەرییە بە شێوەیەکی کەوانەیی دروستکراوە، بۆ ئەوەی بە ئاسانی تیشکی خۆر و هەوا لە ناو بازاڕەکەدا ئاڵوگۆڕ بکات. لە ئێستادا بەشێک لەم بازاڕە بەتەواوی لەناوچووە و بەشەکەی تریشی بەرەو لەناوچوون دەچێ. بۆ پاراستنی ئەم شوینەوارە میژوویە گرنگە، پێوستی بە ئاوڕدانەوە و نۆژەنکردنەوە هەیە.

## گفتوگۆ

١- مێژوی شاری کفری بۆ کەی دەگەڕێتەوە؟

٢- لە سەردەمی عوسمانیەکاندا چی بە شاری کفری گوتراوە؟

٣- قەیسەری کفری لە چەند دوکان و خان پیکهاتووە؟

٤- بۆچی قەیسەرییەکە بە شێوەیەکی کەوانەیی دروستکراوە؟



# ئاو
# سەرچاوەی ژیانە

